ممێژوو کەم جار رووناکبیرێکی وەها بە خۆیەوە دیوە کە بەردەوام و بە درێژایی چەند سەدەیەك ، لە هەموو کوچەیەکی ئەم جیهانە بەرینەماندا بیروراکانی بە وێنەی مەکیاڤیللی ی ئیتالیایی کە ناوی دەچەسپێتە زەینی هەریەك لەوانەی بۆ یەکەم جار لە دەرگای سیاسەت دەدەن ، بووبێتە مایەی بێنەو بەرەیەکی پڕ لە ناکۆکی لە بەر ئەوە شتێکی سەیرنی یە کە ئەم پیاوە و بەرهەمی قەڵەمەکەی دەستی تائەم رۆژانەش لە لایەن گشت لێکۆڵەرەوەکانەوە بەهەموو رێبازە جۆراجۆرەکانیانەوە ، جێگای بایەخ پێدان بێ . جا هەرچەندە رووی شێوێنرای مەکیاڤیللی لە دێر زەمانەوە لە بیرو هۆشی رۆژئاواییەکاندا بەرەو سرینەوە چووەو رووە راستەقینەکەی جێگای گرتۆتەوە ، بەڵام لای رۆژهەلاتیەکان هێشتا هەر وێنەکەی لەوەبەری لە بیرو هۆشدا چەسپەو بە شێوەیەکیش کە جیاوازیی لەگەڵ ئەوەکەی ئەوروپای سەدەکانی پێشوودانیە . سا ئەم لێکۆڵینەوەیە ئامانجی ئەوەیە کە بەپشت بەستن بە نووسینەکانی خۆیو بەودوا بیروراکانەی لێکۆڵەرەوەکان سەبارەت بیروباوەرەکانی پێگەیشتوون ، رووە راستەقینەکەی مەکیاڤیللی بخاتە پێش چاو . هەروەکو تەقەلا دانێکیشە بۆ گەیشتن بەهەندێ ئەنجام لێدەرهێنانی نوێی ئەوتۆ کە بۆ گفتو گۆ لە سەرکردن و پەرەپێدان دەشێن .

## کورتەیەکی ژیانی مەکیاڤیللی

نیکۆلۆ دی بیرناردۆ مەکیاڤیللی ، لە (3) ی مایسی (1469) دا لە شاری فلۆرنسا کەدەکەوێتەناوەراستی ئیتالیاوە ، لە دایك بووە . بە رچەڵەك لە بنەماڵەیەکی تۆسکانیایی سەرداری رەسەن بووە کە زۆر کەسیان بە درێژایی دەیەها ساڵ پایەویلەی گرنگیان داگیر دەکردوو لەئاکامیدا چرژابوونە کۆری ژیانی سیاسی ی پر لە چست و چالاکیی فلۆرنساوە تەنانەت خاو خێزانی باپیرە گەورەی لە ئەنجامیدا لە ساڵی (1260) دا توشی دەرکردن لە شار بووبوون و یەکێکیشیان لەبەندیخانەدا لێمردبوو . هەروەها پێشئەوەی مەکیاڤیللی چاو بەژیاندا هەڵبهێنێ ، خێزانەکەیان لەرووی بارە ئابووریەوە لە شکستیدا بووە و ئەوە وەك لەدواییدا سەرنجی دەدەینێ ، هەندێ شوێنەواری بە هەڵس و کەوتیەوە جێهێشتوە کەوابێ مەکیاڤیللی لە باوەشی سیاسەت و رۆشنبیریدا پەروەردە بووە . باوکی پارێزەرێکی ناسراو بووە . باوکی پارێزەریکی ناسراو بووەو دایکیشی شیعری داناوە . جا جا هەرچەندە زانیاریمان دەربارەی ماوەی نۆ بەرەیی ژیانی مەکیاڤیللی بەو شێوەیەی سەرچاوە سەرەتاییەکانی باری رۆژنبیری ئەومان بۆ رۆشن بکاتەوە لەبەردەستدانی یە بەڵام گومانی تێدانیە کە بە پێوانەی سەردەمی خۆی ، خوێندەوای یەکی باشی بەنسیب بووە و قانوون و مێژووی خوێندنەوەی . لەتەمەندی حەوت ساڵاندا دەستی کردۆتە فێربونی زمانی لاتینی (2) کە ئەو وەختەزمانی زانست و رۆشنبیری بووە .ئینجا هەر لەسەرەتایلاویەتیەوە حەزی خۆی بۆ هەردوو رۆشنبیری کۆ ن و نوێ نیشانداوەو خوتبەکانی خوتبەدەری رۆمانیایی شیشرۆن _106-

43–ب–ن) ی خوێندونەتەوە و نوسینەکانی ئەرستۆی خەتم کردووەن و بە بایەخ پێدانەوە ، شوێن نوسینەکانی هەردوو رابەری سەردەمی راچەرین دانتی (1265–1321)و پەترارك (1304–1374) کەوتوە . بەڵام قوتابخانەیراستەقینەی مەکیاڤیللی ، شەقامەکانی شاری فلۆرنسا بووە کە گەورەترینی بلیمەتەکانی سەردەمی راپەرینی وەك دانتی و لیۆناردۆ داڤینش و مایکل ئەنجلوو چەندانی تریشی بە جیهان بەخشیوە . ئەم شارە لەوەدا لەگەڵ شارەکانی تری ئیتاڵیادا جیاواز بووە کە چست و چالاکی یەکی فراوانی ئەوتۆی تێدابوە نەك تنها پیشەی دەستەیەکی هەڵبژاردە بوو بەو وێنەیەی لە شارێکی گرنگی وەك ڤینیسیادا دەکرا ، بەڵکو پیشەی هەمو فلۆرنسایی یەك بووە . واتە لەم شارەدا ، بە پێی وەسف کردنیلەلایەن یەکێك لەمێژوو نوسانەوە (3) (هەموو خەڵکەکەی سیاسی بوون ) جا بەراستی شەقامەکانی فلۆرنسا ، گەلێ کارەساتی سیاسی ی یەك بەدوای یەکی پڕ لە دەرس و عیبرەتیان بە خۆیانەوە دیبوو کە چەسپابوونە یادی خەڵکەکەیەوە و بەردەوام دەیانگێرایەوە و کارەساتی ژیانی تایبەتیی خۆیانیان پێوە بەند دەکردن . دوو چاوی بریقەدارو سەرنجێکی کاریگەری پڕ مانا بنۆێنن. باڵایەکی مام ناوەندی ودوو لێوی تەنك کە زەردەخەنەکەیان هەرچی یەك لە قووڵایی دەروونیدا بسووڕێ ئاشکرای بکەن .سەرچاوەکان پیشت بە نووسینەکانی هاوچەرخەکانی دەربارەی و بەو تابلۆیانەی هەندێ لە وێنەکیشەکانی سەردەمی راپەرین کێشاویانە بەم جۆرە وەسفی رەنگ ورووی مەکیاڤیللییان کردوە .بەڵام لەودیو ئەم شێوەیەوە جیهانێکی لە بەها خۆی حەشاردەدا .مەکیاڤیللی بەنموونەیەکی دەگمەنی قسەقوتی و کاریگەری لەگوێرو دەم راستی و رووخۆشی لە ئاستی خەڵکی هەمەچەشنەدا ,لە دار فرۆشەکانی گوندەکەیەوەتا میرەکانی ئیتالیا و ئینجا پادشاکانی ئەوروپا ناسرابووکە بەوە هەوڵی دەدا. لە هەموو حاڵەتێکدا جێگەی رەزامەندی بیۆ بچێتە دڵی خەڵکەکەوە واتە پیاوێکی خۆش مەعشەربووەو بۆ برادەرانیشی هێجگار دڵسۆز بووەو لە پێناوی خێرۆ خۆشی و پایەبڵندییاندا هەچییەکی لە باردا بووبێ چ بە قسەو چ بە کردار بۆی کردوون .هەروەکوو لە ژیاندا دلڕقیی نەزانیوە چییە و بەزەیی بەو مرۆڤە بێگوناهانەدا هاتۆتەوە کە بوونەتە کۆچی قوربانی و ئەمەش بە ئاشکرا لەو نامە زۆرانەدا دەردەکەوێ بۆ برادەرانی خۆی نووسیون خۆ لە قسە لە روویيشدا ,هیچ یەکێك لە ناودارانی سەردەمەکەی شانی لە شانینەداوە (4) .بەڵام لە پاڵ هەموو ئەمانەدا ,پیاوێکی بە گومان و دوو دڵ و راڕا بووە .هەورەها ئەو ئەگەر چی جارێکیان سەبارەت بە خۆی وتوێتی: ( من بە هەژاری لە دایك بووم لە بەر ئەوە پێش خۆشیبینین , هەست کردن بە موحتاجی فێربووم) لەگەڵ ئەوەشدا خۆشی ی لە ژیاندا بە خۆیەوە بینیوە و تێگەیشتنێکیئیتالیاییانەی رەسەن تێگەیشتووە . ژیانی خۆش ویستوەو سەخی تەبیعەت بووەو رەزیل و پیسکە نەبووە . لە پارەو پوول سەرفکردندا ، چ بۆ خۆی و چ بۆ برادەرانی دەستی نە گێراەتەوە (6) یان هەرچەندە مێبازو جوان پەرست بووە ، بەڵام قەت نەیدەگەیاندە رادەی غافل بوون لە نەریت و بواری بە خۆی نەدەدا کار بگاتە ئەوەی ژیانەە

خێزانیەکەی لێ بشێوێ ، بگرە وەك باوکێکی دڵسۆزی بەرەحم لەگەڵ هەر شەش منداڵەکەیدا دەجولایەوەو ئەو پەری بەتەنگەوەهاتن و خۆشەویستیشی بە ژنەکەی دەبەخشی . بەم جۆرە هیواو ئاواتە بەرینەکانی بە گونجاویەکی تەواوەوە ،لەگەڵ بلیمەتیە بێهاوتاکەی و خۆشەویستیەکەی بۆ ئیش کردن و گیانی خزمەتگوزاریەکەی بە چاکترین باردا هاتنە کایەوە .ئەمانە هەموو نیکۆلۆیان خستە قالبێکەوە لە کۆمەڵگایەکدا کە پاشماوەی ئایدۆلۆژیای دەرەبەگایەتی و بەتایبەتی سیفەتی تاکرەوی و دوو فاقیەکەی ، بەسەر بیروهۆشی زۆربەی هەرەزۆری بەرەی وشەو فیکردا زاڵ بووبێ وەك بێگانەیەکی لێبێ . بۆ وێنە زۆر کەسی دەرون گەندەڵ لە هاوتاکانی ، حەسوودیان پێدەبردو تەقەلایان دەدا لەڕێگەی گێروگرفت بۆ دروست کردن و بلاوکردنەوەی قسەو باسی داوێن پیسی دەربارەی‌و تانوت لێدانی گوایە دڵسۆز نیە ، زەفەری پێبەرن . کەچی لەو کەسانە بەولاوە کەلە بیرکردنەوەدا هاوشانی بوون و یان بەرەوشت لەو بالاتر بوون ماوە بەخۆیان بدەن دابخزێنە زەلکاوی بەدکرداری و گەندەڵیەوە ، لەسەروو هەموشیانەوە مێژوو نوسی ناسراو گویکاردینی و دیپلۆماسی ی فلۆرنسایی فرانسیسکۆ فیتۆری – ئەمە بەتایبەتی دوای دەربەدەرکردنی – ئیتر هیچ دۆستێکی‌دڵسۆزی بەخۆیەوە نەدی . بۆیە هخەروەکو مێژوو نووس أ.ك جیڤیلیکۆڤ دەربارەی دەڵێ ( ئەو بەتەنیا بوو ) بەڵام ( لەکەسانی تر سەر بلّندتر بوو(7) ) .حەسودی پێبەرانی مەکیاڤیللی پتر لەسەر ئەوە لێی پەرست دەبوون کەلە رادەبەدەر قسەی لە روو بوو . لە راستیدا ئەو نەیدەتوانی خۆشەویستی یان رق و کینەی خۆی لە خەڵکی بشارێتەوە ، چونکە ئەگەر تەقەلای شاردنەوەشیانی بدایە ، ئەوا شێوەی سەروو سەکەت و زەردەخەنە پڕ لەگاڵتەپێهاتنەکەی یا لەدڵسۆزیەکەی هەر بەوبارەیاندا دەنواند بۆ یە ئەو لەدەورو بەرێکدا کە زۆربەی رۆشن بیرانی لەنیسك بێ بەرو بی رووتر بوون و مەرایی یان بۆ هەر خاوەند دەستەلاتێکی پایەداروو دەولّمەند ،دەکرد ، چەندە رەوشت و رەفتار نزمیش بوایە ، وەك مرۆڤێکی نائاسای دەکەوتە پێش چاوو ئینجا وەختێ لەئەنجامدا ئەویش ناچار بو دڵی کەسانی دووروو رابگرێ ، خۆی بەلاقرتێوە لە نوسینێکدا وتی :

( من زۆر لەدەمێکەوە ئەوەی بیری لێدەکەمەوە نایلێم و ئەویشی دەیڵێم بەهیچ کلۆجێك بیری لێناکەمەوە . خۆ ئەگەر جارێکیان رووی دا کەناچار بم هەق بلێم ، ئەوا بەکلافەیەك درۆو دەلەسەی وەها وەوری‌دەتەنم کە زەفەر پێبردنی ئاسان نەبێ )(8) .هەروەها بەگاڵتەهاتن بەشت تاوانباریان دەکرد کەئەوە بەپێی‌وەسف کردنی یەکێك لەمێژوو نووسە ئیتالیی یەکان ، بریتی بوو لەنواندنێکی چاکی ( ئایینی کەسێك کەدڵسۆزانە باوەڕی بەرەهای تایبەتی‌خۆی هەبوو ) چونکە ( ئەوەی خەڵکی تر دەیان شارەدەوە ئەو نەیدەشاردەوە )یا ئەگەر بیشی‌کردایە( ئەو سیفەتە بەرزانەی خۆی حەشار دەدا ) کە وەهایان لێدەکرد ( دڵپاکی‌یەکەی بکەوێتە بەرچاو نەك بارە راستەقینەکەی (9) ) .زۆر جاریش حەسوودە پێ بەرانی مەکیاڤیللی ، بۆ زەفە پێبردن و زراندنی ناوی پەنایان دەبردە بەر گەلێ رۆو شوێنی چەپەڵ . بۆ نمونە بەتەماعکار گوناهباریان دەکرد و –بەقسەی ئەوان – گوایە هەر

ئەوەش هانی دا ماریا کۆرسینی بە تەماعی سەروەت و سامانەکەی بکاتە هاوسەری خۆی ، لە کاتێکدا پیرۆزی و پەیوەندی ژن و مێردایەتی لە نیوانیاندا لە رادەیەکدا بوو کە مایا تا دوا هەناسەی ژیانی، ئەوپەری وەفاداری بۆ بەوەفا بووە و تەنانەت نیکۆلۆش لە وەسێتی یەکەمیدا ، بریاری بۆ دابوو کە تەواوی حەقی خۆی لەماڵ و موڵك بدرێتێ و بە مەرجێ تەنیا خۆیو مناڵەوکانیان سوود لەو میراتیە ببینن کە دوای مردنی بەجێی دێڵێ .جا بەدرێژایی ماوەی بیست وسێ ساڵ ، پەیوەندی نێوان نیکۆلۆو مایا لەو پەری باشیدا بووە. هەروەکو و مەکانی دەریدەخەن لە هەر سەفەرێکدا کەکردویەتی ، زۆر تەنگەتاوی گەرانەوە بووە بۆ ناو خێزانەکەی و ئەوانیش زۆر بە پەرۆشەوە چاوەروانیان کردووە ، بەتایبەتی ژنەکەی کە نیکۆلۆ بۆ گاڵتەو گەپ بە ( سەرۆکەکەم ) ناوی بردووە (10) هەروەها هەندە کەسێك تەقەلایان دەدا ، سەرکەوتنە رچاوەکانی کە بەکردەوە لە ژیانیدا بەدیهێنابوون ، بخەنە ناو گێژاوی گومان لێکردنەوە ، بەتایبەتی سەرکەوتنەکانی لە کۆری دیپلۆماسیيەتدا (11) ، بەڵام گێژاوەکەیان تەنیا خەیاڵێکی خاو بوو . ئەم هەڵوێستە نانەجیبانەیەی هاوەڵ و ناسیاوانی لە پاڵ گرفتە تایبەتیيەکانی خۆیدا ، جۆرە بەرچاو تاریکیيەکیان لەدەروونی مەکیاڤیللیدا دروست کردوو خستیانە سەر ئەو باوەرەی گوایە حەسادەت ( غەریزەیەکی رەسەنی تەبیعەتی ئادەمیزادە ) و ( نەژادی مرۆڤایەتی بەگشتی ، پتر مەیلی یەك لە بایەخی یەکتر کەمکردنەوە دەکەن نەك ستایش کردن —دەمەتەقێ (12) ) . بەڵام مەکیاڤیللیخۆی لەم بابەتە خەڵکە نەبوو چونکە ئەو هەردەم ئارەزوێکی سرووشتی بۆ ئیشکردن و بە شێوەیەك کە خێرو خۆشی کۆمەڵی تێدابێ و بێ گوێدانە هیچ شتێکیتر ، هاندەری بوو دەمەتەقێ . لەبەر ئەوە کارێکی رەوابوو کەمێژوو حوکمی عادیلانەی خۆی بداو ئەستێرەیحەسوودی پێ بەرانێ مەکیاڤیللی ، وەك هەر نەبوو بن بکوژێتەوە ئەستێرەی ئەو لە ئاسمانی بێگەردی ئیتالیادا هەر روو لەگەشانەوە بێ و ناویشی لەگشت کۆرو کۆمەڵێکی ئایدۆلۆژە و سیاسیدا ، هەر بەزیندوێتی بمێنێتەوە .ئەو هەتا مرۆش لەقولایی گۆرەکەیەوە ، بەم شێوە بێ یاخود بەویان چنگە لەسیاسەت هەر گیرەو بیرراکانی ، خۆیان بەسەر گشت رووناکبیرە سیاسیيەکاندا دەسەپێنن .مەکیاڤیللی سەرەرای ئەوهەموو بەهرە و تواناو بیرتیژیەی ، نەگەیشتە ئەوەی لە وەختێکی زوودا ، شوێنی شیاوی خۆی لە دەزگای حوکم و کۆری سیلسەت لە فلۆرنسادا داگیر بکا. هۆیەکەشی لەبنچینەدا دەگەرێتەوە بۆ زەفەرنەبردنی بەو رێگایە یاناسیاوی پەیداکردن لەگەڵ ئەو کەسەی دەیتوانی بیگەیەنێتە سەر شانۆ .بەڵام کاتێ گەیشت تەمەنی خۆی دابوو لە (29) ساڵان و ئەو وەختەزۆر کەسانی تر پێش ئەم پایەو پلەی گرنگیان داگیر کردبوو . لەگەڵئەوەشدا کارێکی ئاسایی بوو نیکۆلۆ بوونی خۆی بسەلمێنێ و جێپێی خۆی بکاتەوە .چونکە ئەو وەك دەربارەی خۆی وتوێتی ، بەخت وەهای لەچارە نووسی بوو کە نەتوانێ ( باسی هونەری پیشەسازی و ئاوریشم و هونەری چینیخۆی (13) یا باسی قازانج و زەرەر بکا ، بەڵکو بتوانێ تەنیا لە یەك مەسەلە بدوێ کە ئەویش کارو باری دە وڵەتە (14)) بۆ یە وەختێ

لەتەموزی 1498 داو بە دوای دامەزراندنی رژێمی جمهووری لە فلۆرنسادا ، سکرتارێتی ئەنجومەنی دەیەی پێ سپێردرا ،لەو کارانەدا کە بەجێی هێنان ، لێوەشاوەییەکی ئەوتۆی سەلماند کە هەر زوو بەسەر هەموو ئەوانی تردا زاڵ بوو .ئەم هەتا ئەو وەختە هیچ راپۆرتێکی رەسمی ی نەنووسیبوو ,یا لە هیچ شوێنکدا وتاری نەخوێندبووەوە ,کە چی دارشتنە پتەوەکەی لە یەکەمینی نووسینە رەسمی یەکانیدا ,وەهایان نیشاندەدا کە لەم کۆرەدا خاوەنی تاقیکردنەوەیەکی کەڵەکەبووی چەندین ساڵ بێ (15) خۆ وەنەبێ ئەرکەکەشی کەم بایەخ بووبێ, چونکە ئەنجومەنی دەیە سەرپەرشتیی هەموو کاروباری سەربازیو پەیوەندیی جەمهووریەتی لەگەڵ دەرەوەدا دەکردە و رووبەرووی چەندین کارەسات و رووداوی یەك لاییکەرەوەی وەزعەکە دەبووەوە,بەتایبەتی بە هۆی ئاڵۆزی پەیوەندی فلۆرنساوە لەگەڵ حکومەتەکانی شارەکانی تری ئیتالیاداو لە ئەنجامی تەماعکردن بێگانەداله سەرجەمی وڵاتەکە زنجیرەیەك شەروشۆڕی یەك بە دوای یەکدای لێوەشایەوەو سوود و بەرژەوەندی دوو دەوڵەتە ئەوروپاییە بەهێزەکە ,ئیسپانیا و فەرەنسای تێدا کەوتە بەر حاڵەتی بەیەکدادان . بەهەر حاڵ وەختێ پێیرۆ سۆدیرینی ی بادەری بەسەرۆکی ئەنجومەن هەڵبژاردرا ، ئەو هێندە پشتی پێی ئەستور بوو کە وای لێهات بچنە ریزی دانەران و نەخشەکێشانی سیاسەتی جەمهووریەتەکەوە مەکیاڤیللی پانزە ساڵ مایەوە و لەو ماوەیەدا بیست و چوار جار کرایە نێردراوی دیپلۆماسی کە ئەو هەڵی پەیوەندی کردنی راستەو خۆی لەگەڵ گرنگترین کەسانی ئەو سای ئیتاڵیا و ئەوروپای بۆ سازاند وەك پاپاو پادشای فەرەنساو ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی رۆمانیا مەکیاڤیللی لە نێوان ئەو سەفەرانەیەوە شارەزاییەکی فراوانی دەستگیربوو ، چونکە لە نزیکەوە زانیاری ی دەربارەی نهێنیەکانی پەیوەندی نێو دەوڵەتان و رێ و شوێنی حکومرانی کردنی لە ئەوروپا پەیداکرد . بۆ وێنە چوار جار خۆی بەتەنیا سەری لەدەربارەی فەرەنسادا کە چەند مانگێکیان خایاند و لەئەنجامدا ، شارەزای کردارو رەفتاری فەرەنساییەکان و پیلانەکانی ناو دەربارو زۆر شتی تریش لە شێوازرەکانی فەرمانرەوایی یەکەیان بوو کە ئەمانە لەگەڵ تاقیکردنەوەکانی تری خۆیدا ، بە شێوەیەکی ئاشکرا و روون لەنوسینەکاندا رەنگیان دایەوە . مەکیاڤیللی لە نێوان گەشتە دیپلۆماسییەکانییەوە هەستی کرد کە شتێك لەم جیهانەدا هەیەو ئەو مەبەستێتی ، شتێك کەە لێوردبوونەوەو بەدوادا گەران دەهێنێ [16].رژێمی جەمهووری لە فلۆرنسادا لە ساڵی 1512 دا رووخاو بنەماڵەی میدینچی . لە سایەیهێزەداگیر کەرەکانی ئیسپانیاوەدەزگای حوکمیان وەرگرتەوەو سۆدیرینی پەنای بردە مەملەکەتی عوسمانی یەکان و چصەندانێکی تریش لەکاربەدەستان هەلاتن ، هەروەکو مەکیاڤیللیش کە هەرچیەکی لەتوانادابوو کردی بۆ ئەوەی نەیەڵێ جەمهووری یەت هەرەس بێنی ، دەستی لەکار کێشایەوە ئینجا لەسەرەتای ساڵی 1513 دا ، بە تۆمەتیبەشداری بوونی پیلانێك دژی رژێمی ستەمکاری میدیتچی . تاوانبارکراو گیراو لە ماوەی

بەندیەکەیدا شەش جار یوشی ئازار دان بوو، تا دوا جار بڕیاری دوورخستنەوەی بۆ گوندی سانتا کرۆسی نزیك شاری فلۆرنسا درا کە شوێنی لەدایك بوونی خۆی بوو .

مەکیاڤیللی بەدوای ئەم کارەساتانەدا کە بوونە هۆی رووخاندنی جمهووری یەت و ئینجا ئازار دانی ئەم دوورخستنەوەی ، تووشی نائومێدیەکی گەورەی ئەوتۆ بوو کە وای کرد بڕیار بدا ( ئیتر قەت بیر لەسیاسەت نەکاتەوە لێی نەدوێ ) . بەڵام ئەمە بریارێك نەبوو بۆی ببرێتە سەر ، بۆیە خۆی واتەنی ( دوای هەزار ساڵ ) لێدابران . بایدایەوە سەر ( ئەشقەکۆنەکەی خۆی )[17] چونکە وەك لەیەکێك لەنامەکانیدا وتراوە _ئەو نەیدەتوانی لە هیچ شتێك بدوێ (تەنیا لەیەك باس نەبێ کە کاروباری دەوڵەتەو کە یائەوەتا لەو باسە دەدوێم ، یاخود ناچاری بێدەنگیەکی ببڕای ببڕ دەبم )[18] بگرە ئەو لەرۆژانی دوورخستنەوەکەیدا نەك تەنیا هەم دەینوسی و هەم بێدەنگیش نەدەبوو بەڵکو و بەردەوام گەڵێ ئامۆژگاری ی سوودبەخشی بەو هاورێ دیپلۆماسی یانەشی راگەیاند کە لە کۆری یاریکاری‌ی سیاسەتی ئەوروپادا هەڵدەسووڕان[19] . لە نامەیەکدا کە مەکیاڤیللی لە رۆژی 10 کانوونی یەکەمی 1513 دا بۆ هاورێ‌ی دڵسۆزی فیتۆری‌ی ناردوە ، واتە دور خستنەوەکەی بە ماوەیەکی کەم . باری ژیانی خۆی دوای ئەم دور خستنەوەیە ، بەم شێوە کاریگەرە باس دەکا :( لەو وەختەوەی دوورخراومەتەوە ، هێشتا هەر لەدێدا دەژیم . بەیانیان زوو لەگەڵ شەبەقدا لە خەو هەڵدەستم و روو دەکەمە دارستانە خنجیلەکەم تا بزانم ئایا درا بڕەکان چی یان بەچی کردوە ).ئینجا دوای گفتو گۆکردنێك لەگەڵ ئەم داربرانەدا ، روو دەکاتە سەر گردێك و چەند سەعاتێك بە خوێندنەوەوە بەسەر دەبا تر سووکە قاوەڵتی‌یەك دەکا و ئینجا رێگای مەیخانە دەگرێتە بەر کەلەوبێ لەگەڵ ئاشەوان و قەساب و کرێکاراندا دەکەوێتە دەم و دوو ئیتر ( وەختێك ئێوارە دادێ دەگەرێمەوە ماڵەوە جل و بەرگە لادێی ی یانەکەم دادەکەنم و کە قوراوی بوون و بەرگی دەرباروتەلاری پیاوانی دێرین کە بە خۆشنوودی‌یەوەپێشوازیم لێدەکەن خۆم دەکەم بەکتێبخانەکەمدا و ئیتر ئەوە تاکەخۆراکە کە بۆ من دەس بداو بۆی خولقابم . لەوێ من کۆ لەباسکردن و کۆلینەوە لە بنج و بنەوانی کارو کردارەکانیان ناکەمەوەو ئەوانیش بەو گیانی مرۆڤ پەروەریەوەی پێی پەروەردەبوون ، بەسەرو زمانێکی شیرینەوە وەرامم دەدەنەوە بەم جۆرەە بەدرێژایی چوار سەعاتی رەبەرق من هەست بەهیچ بێزار بوونێك ناکەم و هەرچی شتێك بزانم پەستم دەکا فەرامۆشی دەکەم ئیتر نە نەهەژاری و نەمردن دەمترسێنن.، چونکە چونکە بەکامی دڵ لەگەڵ ئەواندا دەبم [20]) مەکیاڤیللی بەم گیانەوە خۆی بۆ لێکۆلینەوە و نوسین تەرخان کردو لەو دوا ساڵانەی ژیانیدا ، کۆمەڵێ کتێبی بایەخداری دانان کەلە چەند سەدەیەك لە مەوبەرەوە و هەتا ئێستاش بەردەوام دەخوێنرێنەوە بایەخدارترینی نوسینە سیاسی و مێژووییەکانی کتێبی (میر 1513) و دەمەتەقێ دەربارەی دە کتێبەکەی تیتۆس لیڤی 1513 – 1516 )[21]و ( هونەری جەنگ 1519–1520) و کتێبە گەورەکەی ( مێژووی فلۆرنسا ) ن کە ئەمیان لە هەشت بەرگدایەو

له سالّی 1520 بەدواوە چەند سالّێك پێوەی خەریك بوو . مەكیاڤیللی ، وەك خۆی وتوێتی ، هەولّی داوە هەرچی یەكی زانیوەو لە رێگەی تاقیكردنەوەی سالّەهاو بڕیارە تایبەتیەكانی خۆیەوە سەبارەت بەكاروباری سیاسەت فێری بووە ،دایان برێژێتە ناو نووسینەكانیەوە [22] بێگومان دەولّەمەندیەكەی لە زانستا و قوولّی لە تاقیكردنەوەكانیداو دووربینی لە بریارەكانیدا بۆ بەخشینی رەسەنایەتی و كارامەیی بە نووسینەكانی سەروزیادبوون . نیكۆلۆ هەرچەندە لە شێوەی نوسینیدا هێندە بەهێزوو رەوان بوو كە دەورێكی گرنگی لە گەلالّەكردنی زمانی ئەدەبی ی یەككگرتووی ئیتالّیادا گێرا كە لەمەشدا لە تیروتوانجی ژەهراویی حەسودی پێبەرانی دەرباز نەبوو ، بەلاّم ئەو خۆی واتەنی ( بەو نیازەی نەدەنوسی كە كارێكی هونەری بخولّقێنێ ) بەلّكو بەنیازی گەران بەدوای سیستەمی سیاسەت وهێزەبزوێنەرەكانیدا ، بە قولایدا رۆدەچووە خوارەوە و دەیكۆلّیەوە . بۆ یە لەدەربریندا خۆی لە ئالۆزی بە دووردەگرن و رەوان و روون و سفت دەینووسی . ئەو ئەوەی بەلاوە گرنگ بوو (بەحكمەتی سیاسەت بگا نەك بە دەربڕینی ئەستاتیكی ، قایل كردن نەك پیا هەلّدان ،راچەناندنی هەست و نەستی خەلّكی نەك دلّدانەوەیان بە جوانكاریی نووسین [23]) بەلّێ مەكیاڤیللی بەحكمەتی سیاسەت گەیشت و خەلّكی قایل كردوهەست و نەستیانی راچەناند ، بەلاّم بەدەمی یەوە بەداهێنانی هەنەری و بە شیرینی ی شێوەی نووسینی دلّیشی دانەوە. هەندێك رایان وایە كەمەكیاڤیللی ئەگەر بایەخی تەواوی بەئەدەب بدایە سەركەوتنێكی زۆر لەوەزیاتری بەدەست دەهێنا كە خۆی چاوە رووانی دەكرد [24] ، چونكە هاتنەبەرمەیدان و سەركەوتنەكەی لەو بابەتە بوون كە بەدەگمەن بلیمەتێكی تری ئیتالّیایی لەم رووەوە پێشی كەوتوون ، ئەگەر چی خۆی بایەخێكی كەمیشی پێدەداو وەختێكیكەمی بۆ تەرخان دەكرد [25] بۆ نمونە شانۆگەریەكان لە گشت شارەگەورەكانی ئیتالّیادا پێشكەش دەكران و سەرنجی خەلّكێكی زۆرو لەگەلّیاندا پاپاشیان رادكێشا .وەزعی مەكیاڤیللی لەدور ختنەوەكەی ئاسایی نەبوو بەتایبەتی لەرووی سایكۆلۆژیەوە كە لە ئەنجامی دابركردنیدا لە خزمەتكردن و بەشداریبوون لە ژیانی رۆژانەدا كە خۆی باوەری وابوو زیاتر لە هەر شتێكی تر بۆ ئەوەو بۆ نووسین دەربارەری سیاسەت خولّقاوە ، هەژا بوو .بەلاّم مەكیاڤیللی لەم رووەوە هێندە هەلّە چووبوو كە ئەو رایە باوەی دەیوت ( دوورخستنەوەی زیانێك بوو بۆ خۆی و دەسكەوتێك بوو بۆ ئێمە [26] بوو راستییەكی سەلمێنراو . بەهرحالّ مەكیاڤیللی خۆی رایەكی جیاوازی هەبوو بۆ یە بەردەوام هەولّی گەرانەوەی بۆ سەر شانۆ دەدا و تەنانەت لە دوا سالاّنی ژیانیدا ، چەند جارێك سووكە هەلّكی بۆ بەدی هێنانی ئەو ئارەزووە بۆ هەلّكەوت و هەندێ كاروفرمانی پێ سپێردرا ، بەلاّم لەمە گرنگتر ئەوەیە كە دوای ماوەپێدانی بە بەشداربوونی ئەو كۆرەسیاسی یە گشتیانەی لە شاری فلۆرنسا دا دەبەستران ، توانی لاوانی فلۆرنسا بەلای خۆیدا رابكێشێ .ئەو دلّە گەورەیە ، لە رۆژی (21)ی حوزەیرانی 1527 دا لە لێدان كەوت و بۆ رۆژی دوایی ، لە سانتا كرۆسی گوندەكەی خۆیدا نێژرا . نیكۆلۆ لە كاتی سەرەەرگدا هەمان نیكۆلۆی

درێژایی ساڵانی ژیانی بوو . چونکە پێش گیان سپاردن بەچەند ساتێك ، ئەوەی لاپەسند تر بوو کەلەگەڵ رۆشنبیراندا لەدۆزەخدا بێ تا دەربارەی سیاسیەت دەمەتەقێ یان لەگەڵدا بکا ، نەك لەگەڵ نەفام و دەم رووتاندا بێ لە بەهەشتدا [27] بەڵام مەکیاڤیللی نەیدەزانی و چاوەڕێشی نەدەکرد کە ئەو لەم ژیانەدا هەر دەمێنێ و لە نێوانی ئەو بیرورا دروستە لە روانەوەی کە بەدڵسۆزیەوە دەربڕیبرین ، هەر بەردەوام دەبێ لەسەر باسکردن لە سیاسەت و نەخشە بۆ دانانی .

## بیروڕا سیاسییەکانی مەکیاڤیللی

دەتوانرێ لە نیوان لێکۆلینەوەی گرنگترین سێ کتێب لە چل کتێب کە مەکیاڤیللی داینـاون , واتـە ( میر) و (دەمەتەقێ) و ( هونەری جەنگ) , لە پاڵ ئەو کۆمەڵە نامانەی کە لە زۆر باردۆخی جیاجیادا بۆ نزکترین هاوڕی یانی خۆی ناردوون ,چاك شارەزای بیروڕا سیاسییەکانی ببین . ( میر) بە قەوارە بە بچوکترین کتێبی مەکیاڤیللی و ناودارترینیشیان دادەنرێ [28] . هەر چەند کتێبەکانی تری لە گرنگیدا هیچیان لە میر کەمتر نییە , بەڵام پیاو کە دەیخوینێتەوە بەراستی هەست دەکا , ئەو پانزا ساڵەی کە مەکیاڤیللی وەك خۆی وتێتی تەرخانی کردبوون بۆ :( بەرێوەبردنی کاروباری فەرمانڕەوایی, بەفیرۆ نەچوو بوو [29] ) .

ئەم کتێبە لە ژیانی خۆیدا . بە دەسنووس بە شێوەیەکی فراوان دەساو دەس دەکرا بەڵام بۆ یەکمجار لە ساڵی ( 1532) دا , واتە دوای مردنی خاوەنەکەی بە پێنج ساڵ لە چاپ. دراو ئیتر هەر خێرا وەرگێردرایە سەر گشت زەمانە ئەوروپاییەکانی تریش و بۆ دەیەها جاروبگرە زیاتریش لە چاپ درایەوە. هەروەکوو سەدان روناکبیرو سیاسی و نووسەرو کەوتنە لێکۆڵینەوەی و ئیستا لە زۆر دەزگای ئاکادیمیی بەناوبانگدا , وەك زانکۆی ئوکسفۆردو زانکۆی ئەمریکا لە بێروت و چەندانی تریش بۆتە بەندێك لە پرۆگرامی دەرسووتنەوە. جا هەموو ئەمانە پسپۆرانیان هانداوە کە (میر) لە ناو هەموو بەرهەمەکانی سەردەمی راپەرینی بەخشندەی ئیتالیا ( بە هەقیانەت بە بەرهەمێکی نەمردا بنێن [30] . مەکیاڤیللی لە سەرەتادا جەمهوریەتی بۆ حوکمرانی کردن بە رژێمێکی نموونەیی دادەنا .بەڵام دوای ئەوەی کەوتە شیکردنەوەی باردۆخی ئیتالیای دابەشکراو بە سەرپێنچ دەولەتدا لە سەردەمی ئەودا کە بریتیبوون لە مەملەکەتی ناپۆلی لە باشووردا و ,دۆقییەتی میلان لە باکوور رۆژئاوداو جەمهووریەتی ڤینیسای ئەریستۆکراتی لە باکووری رۆژهەلاتدا جەمهووریەتی فلۆرنساو دەوڵەتی پاپایەتی لە ناوەراسا کە پەیوەندیش لە نێوانیاندا وەها لە سەر شەرشۆرو ناکۆکی دەقی گرتبوو کە سەراپای نیشتمانەکەی لە بەردەم شالاوی بەردەوامی بیگانەدا دەکردە نێچیرێکی دەستەمۆ, دوای ئەوە مەکیاڤیللی لە ( میر) دا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە باشترین رژێمەیە شان دابداتە سەر دەسەلاتێکی دکتاتۆریی ( موتڵەق) ی بەهێزی ئەوتۆ کە گوێ نەداتەلێکدانەوەی دینی دنیایی و رەوشتخوازی, چونکەسوودو بەرژەوەندی باڵای دەوڵەت و بە

شێوەیەکی تایبەتی یەکێتی‌ی ولآت, بە رای ئەو هـەق بـە مـیر دەدەن پـەنا بەرێتـە بـەر هـەموو رێو شوێنێك ,وەك بەكار هێنانی زەبروزەند کە –وەك پیێ‌ی لە سەر دادەگرت بنچینەی هەقـەە هـەروەها دلّرەقی و کوشتن بـە نهێنـیو پاشـگەزبوونەوە لـە بـەلّێن و سـوێندخواردن و پـەنا بردنـە بـەر چـاوە شەکردن و بەرتیلکاری و فرت وفێلّ و درۆکردن و دووروویـی, واتـە ئامـانجی پـیرۆز پارسـەنگی رێ و شـوێن لـە هـەر بابـەتێك بـن دەداتـەوە ( الغایـات السـامیه تـبرر الوسـائل أیـا کانـت) . هـەر وەهـا ئامۆژگاری‌ی میری وەها دەکردکە بۆ بەدی‌هێنانی ئامانج و زیادەخوای‌یە سیاسی‌یەکانی خۆی, شەرم لە هەلبـژاردنی هـیچ جـۆرە رێ و شـوێنیك نـەکا چـەندە بـێ مەزێتانـەش بـن .چـونکە فـەرمانڕەوای سەرکەوتوو ئەو کەسەیەکە بە پیێ‌ی بارۆدۆخ و بە پیێ‌ی پێویستی, پـەنا دەباتـە بـەر هـەردوو جـۆرە رێو شوێنی مروڤانەو ئاژەلآنەو دەزانێ چۆن لەنگـەری نێـوان فێلّبـازی‌ی رێـوی‌و شـالآو بردنـی شـێر رادەگرێ, لەبەر ئەوەی کە پێوانە وبنچینە بۆ هەلّسـەنگاندنی سیاسـەت سـەرکەوتنەئینجا دوایـی بـە وەرگرتنی ئەم بیروڕایانە بـە رووتـی و لـە سـایەی لێ هەلّبژاردنیانـەوە لەلایـەن حوکمڕانەکانـەوە بـەو شـێوەیەی بـە دەسـتووری ( ولاتقربـوا الصـلاه) بۆیـان لـەبار بـووە. زاراوەی ( مـەکیاڤیللیزم ) و (مەکیاڤیللیست) پەیدا بوون کە یەکەمیان ئاسایی‌یەو بـەو جـۆر سیاسـەتە دەوتـرێ کـە هـیچ گـوی ناداتە بەهای رەوشت و رەفتارو دووەمیشیان بەو کەسەی پەیرەوی ئەو جۆرە سیاسەتە دەکا .بەلآم ئەمە بەهەر حالّ لەوە بەولاوەنی‌یە کە بریتی بـێ لـە پۆپـەی شـێوە شـێوێنراوەکەی مـەکیاڤیللیزم . چـونکە ئـەو پیـاوە بـیرورا گرنگـەکانی خـۆی بـەبێ چـەندین مـەرج بـۆ رەوشـتێکی بـالآو بـەبێ لێکدانەوەیەکی ژیرانەی ئەوتۆ کە شت بە باری راستەقینەی خۆیدا بنوێنێ و سیاسەت چ لە کات و چ لە شوێندا بخاتە چوارچێوەی راست و دروستی خۆیەوە دەرنەبڕیوە . بۆ نموونە بۆ میر زۆر بەجێ‌یـە خۆی وەها نیشان بـدا کـە خـاوەنی ( بـەزەیی و وەفـاداری بـۆ بـەلّێن و هەسـتی پـیرۆزی مروڤانـە و دلّسۆزی و دینپەروەری) یەو ( بەراستی‌یش ئەو سیفەتانەی تێدان). بەلآم لە سەریشی پێوستە خۆی وەها پەروەردە بکا کە (وەختێ پێوستی ناچاری دەکا) بە ( پیچەوانەی ئـەوەوە خـۆی نیشـان بـدا) بۆی لەسەرپێ بێ .بۆیە میر دەبێ ( بیرو هۆشی خۆی ئامادەی گونجان لەگەل شەپۆلدا بەو بارانـەدا بکاکە ئالّ وگۆر ی کۆشش و بەخت دەیانهێننە پێشەوە. بە مەرجێك وەك لەوەبەر وتم .ئەگـەر بـۆی لوا پشت نەکاتە خێر خوایی و بەلآم ئەگەر هەر ناچارو تەنگەتاو کرا. ئەوا دەبێ‌کۆ لـە خراپـەکاری و شەڕ خوایی نەکاتەوە. میر بەشی هەژدەیەم) ئەوی راستیش بێ میـژوو نموونەیـەکی نەداوینـەتێ کـە میرو بگرە غەیری میریش (ئەگەرناچار بوویێو تەنگە تاو کرابێ. پـەنای نەبردبێتـە بـەر خراپـەکاری‌و شەر خوایی) ئەمە راستی‌یەکە و بمانەوێ ونەمانەوێ. دانی پێدابنێین یا ڕاو رێوی بۆ بهێنینەوە ,لـەوە دەچـێ سـیفەتێکی بەنـدی سروشـتی خەلّکەکـەبێ . کـەوابێ مەترسـی لـەم لایەنـەی بیروڕاکـانی مەکیاڤیللیدا نی‌یە کە هەر وەك خەلّکەکەی تر شتی دیوەو بەلآم ئەم بە پێچەوانەی ئەوانەوە لێ‌ی بـێ دەنگ نەبووە ,بەلّکوو کلۆلّی‌یە کە لەوەدایە کە ئەو مەرج و سیفەتانەی مەکیاڤیللی داوای کردوون لە

بارووذۆخی ئاسایی‌دا له میردا هه‌بن , وه‌ك ( به‌ره‌حمی و وه‌فاداری بۆ بـه‌ڵێن و هه‌سـتی بـالآی مـرۆڤ په‌روه‌ری و دڵسۆزی و دینداری) له دوو تۆێی میـژوودا لـه ئـاوی نـاو بیابـان ده‌گمـه‌ن تـرن . ئه‌گـه‌ر بهاتایه‌و گشت میره‌کان په‌یره‌وی بیروڕاکانی مه‌کیاڤیللی یان بکردایه, لاپه‌ره ره‌شه‌کان له ده‌فتـه‌ری میژوودا هێکجار که‌م ده‌بوونه‌وه. ئینجا ئیستا با له گه‌ڵ مه‌کیاڤیللی و (میر )ه‌که‌یدا بـه‌رده‌وام بـین و بزانین چ نه‌خشه‌و ده‌رسێك بۆ هه‌ر تازه‌میرێك داده‌نێ. میر له سه‌ری پێوسته ( پیاوێکی به ته‌نگـه‌وه هاتوو بێ به‌لأم به مه‌رجێك لـه قسـه‌کردندا ده‌سـت نه‌خاتـه روو) لـه سـه‌رێتی خـه‌ڵکی وه‌هـا لێبکـا ( به‌ره‌حمی و وه‌فاداری بۆ به‌ڵێن و مه‌ردایه‌تی‌ومرۆڤ په‌روه‌ری و دینـداری‌ی بـه زه‌قـی تێـدا ببیـنین و ببیستن –میر – به‌شی هه‌ژده‌یه‌م) هه‌روه‌ها ده‌بی خۆی ( له هه‌موو ئه‌وشتانه‌ی ده‌یخه‌نه بـه‌ر ریسـوا کردنی و رق لێ بوونه‌وه‌وه) به‌دوور بگرێ . ئه‌و وه‌ختێك تووشی رق لێبوونه‌وه ده‌بـێ کـه ببێتـه راوو ڕووت که‌رێك و ماڵ وموڵك و ژنـانی ره‌عیه‌ته‌کـه‌ی زه‌وت بکـا کـه پێوسـته خـۆی لـه قـه‌ره‌یان نـه‌دا) هه‌روه‌ها (ئه‌گه‌ر خه‌ڵکه‌که بـێ بـاری چـڵێتی و موخه‌نـه‌تی و ترسـنۆکی و لالأنه‌وه‌یـه‌ك لـه مـیر بینـی ده‌شێ به نه‌گریسی و چه‌په‌ڵی بده‌نه قه‌ڵه‌م .جا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئـه‌م کاروکردارانـه بـۆی ده‌بـن بـه‌ردی بناغـه‌ی مه‌تلرسـی , ده‌بـێ خۆیـانی لێ بـه‌دوور بگـرێو کـارو بـاری خـۆی وه‌هـا سـاز بکـا بـدا کـه کرده‌وه‌کانی ئه‌و پـه‌ڕی مـه‌زنی و چسـت و چـالاکی و وره‌پتـه‌وی و خـۆراگری بنـوێنن) هـه‌ر وه‌کـو و سـه‌باره‌ت بـه حـوکم کردنـی ره‌عیه‌ته‌که‌شـی ( ده‌بـێ ئـه‌و بریـاره‌ی ده‌یـدا بـبڕای بـبر بـێ و هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی بۆی نه‌بێ . ده‌بێ سوور بێ له سه‌ر بریاره‌کانی خۆی‌و ماوه به هـیچ مرۆڤێـك نـه‌دا بیخه‌ڵتێنی و فێڵی لێ بکا –میر– به‌شی نۆزده‌هه‌م) . مه‌کیاڤیللی ئامانجی له‌م مه‌رجانـه رازی بـوونی گه‌ڵ بووه له میر , له به‌ر ئه‌وه‌ی ره‌زامه‌ندی گه‌لی بۆ حوکمڕانی یه‌کی بنج داکوتراوی سه‌رکه‌وتوو بـه مه‌رجێکی بنجینه‌ی داده‌نا. ره‌زلمه‌نـدی گـه‌ل ( یه‌کێکـه لـه‌و باسـه هـه‌ره گرنگانـه‌ی کـه مـیر ده‌بـێ بایه‌خی پێبدا ) چونکه میر ده‌بێ ( ئه‌گـه‌ر گـه‌لی لـی‌ی رازی بـوو زۆر ترسـی لـه پـیلانگیران لـه دژی نه‌بێ. به‌لأم ئه‌گه‌ر له لایان ریسوا ره‌زا گران بوو, یا هه‌ستی کـرد گـه‌ل دوژمنایـه‌تی له‌گه‌ڵدا ده‌کـا , ئه‌وا ده‌بێ له هه‌موو مرۆڤێك و له هه‌موو شتێك بترسێ) چـونکه قه‌لأوقوللـه ( چـه‌نده پتـه‌ویش بـن ) میر ناپـارێزن ئه‌گـه‌ر ( رق لێ بوونـه‌وه یاخۆشویسـتنی لـه لایـه‌ن گه‌له‌کـه‌ی خۆیـه‌وه‌ی) [31] پشـتگوێ خست ( میر به‌شی نۆزده‌یه‌م و بیسته‌م) چاکتریش بۆ میر وه‌هایه که‌بـه پشـتی گه‌له‌کـه‌ی بگاته‌سـه‌ر ته‌ختی فه‌رمانڕه‌وایی کردن نه‌ك به یاریده‌ی سـه‌رداران. ( مـیر به‌شـی نۆیـه‌م) هـه‌روه‌ها ئـه‌و مـیره‌ی ناتوانێ ( به هۆی پـرۆژه‌ی سوودبه‌خشـه‌وه ) گـه‌ل رابکێشـی بـه‌لای خۆیـدا ( ناچـار ده‌بـێ هـه‌رده‌م شمشـێری به‌ده‌سـته‌وه بـێو لـه سـه‌ر پـێ بـێ –مـیر– به‌شـی هه‌شـته‌م هـه‌روه‌کو زۆر پێوسـته مـیر مرۆڤیکی رۆشنبیر بێ ده‌بێ ( میژوو بخوێنێته‌وه له کرداره‌کانی پیـاوانی هه‌ڵکه‌وتوو بکۆڵێتـه‌وه. تـا سه‌رنج بداتـه رێو شـوێنیان لـه شـه‌رکردندا و لـه هـۆی سـه‌رکه‌وتن و ژێرکـه‌وتنیان وردببێتـه‌وه, بـۆ ئـه‌وه‌ی لـه سـه‌رکه‌وتنه‌کانیاندا شـوێن پـێیـان هـه‌ڵبگرێو لـه ژیرکه‌وتنه‌کانـدا خـۆی لـه هه‌ڵـه‌و

چەوتییەکانیان بپارێزێ _میر_ بەشی چواردەم) مەکیاڤیللی ئەوەی لە هەر تازە میرێك داوادەکرد, دەزگایەکی رێك وپێکی بەرێوەبردنی ئەوتۆ دابمەزرێنی کە کارو باری بە کەسانێکی لێهاتووی بێ لەکە بسپێرێ و بەوە هەر مرۆڤە و لە شوێنی گونجاوی خۆیدا دابنێ . هەروەها لە سەری پێوستە ( هەمیشە مەیلی بە لای مرۆڤ بەهرەدارو بەتوانادا هەبێو کەسانیدەست رەنگینی پەسەند بێ و هەڵکەوتووان لە هەر هونەرێکدا بێ رێز لێ بنێ —میر — بەشی دیستە یەکەم ) ئەم مەسەلەیە لە سنووری خۆیدا گرنگ و بایەخدارە , چونکە( یەکەم باری سەرنج کە دەربارەی میرو چۆنێتیی بیرکردنەوەی لای هەر مرۆڤیك پەیدا دەبێ لە سەرنج لێدانی ئەو کەسانەوە دروست دەبێ کە لە دەوروپشتیدان واتە ئەگەر دڵسۆزو لێهاتوو بوون . ئەوا پیاو لە بەحیکمەتیی میر دڵنیا دەبێ و دەوتری: توانیوێتی لێهاتوویی دەسنیشان بکا و دڵسۆزی بگرێتە خۆی) پێوستیشە ئەوانە لەو زمان لووسن ومەرایی کەر دوورووە بلۆفچییانە نەبن کە لە ( دەربارەی پاشا و میرەکاندا گرد دەبنەوە— میر– بەشی بیستو دووەم و بیستو سێیەم) . ئینجا ئەوانە دەبێ باش بزانن و لەوە بە ئاگا بن کە ئەو سەنگ و رەنگەی هەیانە, بەندی ئەو هەڵویستەیە کە میر لە ژێر رۆشنایی رادەی دڵسۆزی و فیداکاری یاندا بۆ خۆی رژیمەکەی دەیگرێتە خۆی میریش لە لای خۆیەوە ( بۆ ئیدامەپێدای پابەندی و دڵسۆزی وەزیرەکەی بۆ خۆی , پێویستە ئاگای لێی بێو گیرفانی پر لە پارەو پوول بکا و بە نیشان و دەبدەبەی بەرێزی و گەورەیی , دەوری بتەنیو سۆزی بۆ دەربڕێو شەرافەتمەنیی پێببەخشێو پایەو پلەیەکی بەرپرسیارانەی ئەوتۆی پێ بسپێرێ کە ئەو پارەو پوول دەبدەبەی بەرێزی و گەورەییەی بە سەریدا دابارێنراون, هانی بدەن بۆ تەماعکردن لە دەسکەوتنی سامانی زۆرترو لەقەبی گەورەتر. یا ئەو پایەو پلەیەی پێ گەیشتوە تا ئەو رادەیە گرنگ بێ کە ترسی لە دەست چوونی لا پەیدا بکا —میر– بەشی بیست و دووەم ) هەر لەم روانگەیەوە میر دەبێ ( پیاوی دنیادیدەو بەحیکمەت بۆ کۆڕی دایشتنی خۆی هەڵبژێرێ و ماوە تەنیا بەوان بدا بە سەربەستی بۆی بدوێن و لە حزوریدا راستی دەر ببڕن , بەڵام بە مەرجێك ئەو سەربەستی پێدانە تەنها لەو باسانەدا بێ کە خۆی پرسیاریان دەربارەی لێ دەکا و لەوە نەچێ بەلاوە . وەکی تر پێویستە ئەو لەلای خۆیەوە سەبارەت هەموو شت پرسیاریان لێ بکا و گوێ بۆ بیرورایان رابگرێ و ئینجا ئەوسا بە شێوە تایبەتی یەکەی خۆی بیر لە باسەکە بکاتەوە. هەر وەکوو دەبێ لەو کۆڕی دانیشتنانەدا لە گەڵ هەر یەکێك لە راویژکارانیدا وەها بجوولێتەوە دڵنیای بکا کە چەندە بە دڵسۆزییەوە لەروو قسە بکا , میر هێندە لێ ی رازی دەبێ . دوای ئەوە ئیتر پێوستە گوێ لە قسەی هیچ مرۆڤێك نەگرێ , بەڵکوو خۆی لە بەر رۆشنایی بیروڕای راویژکارانیدا لەباسەکە بکۆڵێتەوە و بڕیارێکی ئەو تۆی لەسەر بدا کە پاشگەزبوونەوەی تێدا نەبێ) هەروەها تازەمیر دەبێ ( هەمیشە ئامۆژگاری بگریتە خۆی, بەڵام لە وەختێکدا کە ئەو خۆی دەیەوێ , نەك لە وەختێکدا کە کەسانی تر دەیانەوێ بگرە ئەگەر خۆی داوای نەکردبێ , نابێ بە هیچ کلۆجی ماوە بدا تەقەلای ئامۆژگاری کردن بدرێ. هەرچەندە

پێوسته ئەو خۆی بەزیادەوە داوای بکا و باش گوێ بۆ ئەوراستی یانە شل بکا کە بۆی دەگێر درێتەوەو کە پرسیار ی دەربارەی کردوون –میر بەشی بیست و سێیەم) لەگەڵ ئەوەشدا ( پێویسته سەبارەت بەو قسانە بۆی دەکرێن وریابێ و لە کارکردنیشدا وەها هەڵنەسووڕێ کە لە سێبەری خۆی بترسێ). هەروەها میر دەبێ بۆ هەر شتەپێوانەیی‌کی نەگۆری هەبێ , بەلام لەگەڵ هەر دەم حیساب بۆ کردنی‌پێداویستی‌و بارو دۆخدا . بۆ نموونە دەبێ سەخاوەت و پیسکەیی سنووریان هەبێ و دڵپاکی یش تا رادەیەك بێ کە پێوسته بە بێ چەند و چۆن لە ساتی بەیەکدانیدا لە گەڵ سوودو بەرژەوەندی دەولەتدا کۆتایی پێ بێت.واته پێوسته هەر میرێك کە دەیەوی پاریزگاری لە خۆی بکا , فێر بێ چۆن خۆی لە دڵسافی و خێر خۆایی بە دوور دەگرێ و دەبێ ئەم فیربوونەشی بە پێی پێویستی‌ی هەر حالەتێك کە تووشی دێ بەکار بهێنی –میر – بەشی پانزەیەم ) . بەلام لە سەریەتی تا پەری ئەو پەر هەوڵی تەسککردنەوەی ماوەی ئەو خۆدوورخستنەوە ناچاری‌یە و کۆتایی پێهێنانی بدا لە گەڵ ( مسۆگەرکردنی ئەمن و ئاسایش) , بگرە هەر خێرا بیگۆرێ بە ( کارو کردارێك ئەو پەری سوودیان بۆ رەعیەتەکە تێدابێ –میر– بەشی هەشتەم) . مەکیاڤیللی بە شێوەیەکی قووڵترلە کتێبەکەی تریدا ( دەمەتەقێ ) کە نزیکەی پێنج ساڵ بە دانانی‌یەوە خەریك بووە , گشت بیرو باوەڕەکانی خۆی سەبارەت بە سیاسەت و چونێتی‌ی حوکمکردن و رەوشت و رەفتارو پەیوەندی ی نێو دەولەتان و زۆر شتی تریشی بە پشت بەستن بە هەڵسەنگاندنی تاقی‌کردنەوە کۆنەکانی رۆما تێدا کۆکردونەتەوە, دووبارە دەکاتەوە. گرنگترین شت کە خوێنەری ( دەمەتەقێ) [(32)] هەڵی دەهێنجی ئەوەیە کە چاکەکاری‌ی نموونەی لای هەر هاوولاتی یەك بەرادەی خۆتەرخان کردنی بۆ بەرژەوەندی گشتی کە دەپێورێ . بۆیە پیاو لە ( دەمەتەقێ کەیدا ) وەك لە( میر ) یشدا هەیە هەست دەکا مەکیاڤیللی بە پەرۆشەوە وێڵی دوای ئەو رژیمە نموونەیی‌یەیە کە خەو بە دامەزراندنی‌یەوە لە ئیتالیا دەبینێ. گومانیشی تێدا نی‌یە ( ئەو حکومەتە میللی‌یەی مرۆڤیکی ژیری ئەو تۆ دێنێتەکایەوە کە خەڵکی بتوانن لە ژێر سایەی ئەو یاسایانەدا کە دایاندەنێ بژین , بێ ئەوەی ناچاری دەسکاری کردن و راست کردنەوەیان بێن حکوومەتێکی بەختەوەر دەبێ) ( دەمەتەقێ – کتێبی یەکەم –2) . کەوابی جارێکی تریش میری نموونەیی لە ( دەمەتەقی) دا وەها دەبینینەوە ئەو کەسەبێ‌کە( سەرجەمی گەڵ دەکاتە دۆستی خۆی )( دەمەتەقێ –کتێبی یەکەم –40) بگرە مەکیاڤیللی لێرەدا سەبارەت ب شوێنی گەل لە بەرامبەر حکوومەتدا لەوە بەولاتریشەوە دەچێ کە لە ( میر) وتراوە دەڵێ( پیاوی ژیر لە مەسەلە زانراوو لاوەکی‌یەکاندا وەك مەسەلەی دابەشکردنی پایەوپلەو پێشخستن و بەرزکردنەوە , رای گشتی ناخاتە پشت گوێ چونکە گەل لێرەدا ئەگەر وازی لێبهێنرێ خۆی جڵەوی خۆی بگرێ , قەت هەڵە ناکا و ئەگەر جارناجارێکیش کردی, هەڵەکانی بە بەراوورد لە گەڵ ئەو هەلأنەدا کە ئەگەر دابەشکردنەکە درایە دەست چەند کەسانێك روودودون, زۆر دەگمەن دەبن ( دەمەتەقێ– کتێبی یەکەم 47) .مەکیاڤیللی لە ( دەمەتەقێ) دا سەر لە نوێ پێ لە

سەر پێوستی ڕەچاو کردنی بنەمای ( کالأ بە قەد بالأ– الرجل المناسب ڤ المكان المناسب) و ئەو پەری سوودبینین لە توانا و بەهرەو بلیمەتی یە تازە پشکوتوەکان دادەگرێتەوە ( چونکە وەختێ لاوێك لە ڕێگەی چاکەکاری‌یەکەوە کە لەگەڵ کارێکی مەزنیدا سەر هەڵدەداو ناوی دەکەوێتە سەر زاری گشت خەڵکەکە , ئوە دەبێتە عەیب ە عارێکی گەورە کە دەوڵەت ئەو خومەتەی نەخاتە حاڵەتی سوود لێبینینەوەو لاوەکە ناچاری چاوەڕوان کردنی بکا تا بە تەمەن گەورە دەبێ ئیتر لەو ماوەیەدا وای لێ دێ چالاکی‌یە تایبەتی‌یەکەی بیروهۆشی و خێرایی یەکەی لە ئیش کردندا لە دەس بدا کەولأتەکەی دەیتوانی لە کاتی خۆیدا بیانخاتە کارو سوودیان لێ ببێ ) ( دەمەتەقێ–کتێبی یەکەم –60) .لەو باسە گرنگانەی کە مەکیاڤیللی بە بایەخ پێدانیکی زۆرەوە لای لێکردۆتەوە بەشێوەیەکی نوێ چ لە (میر) چ لە ( دەمەتەقێ) دا لێی دواوەو تەنانەت یەکێك لە کتێبەکانی خۆی بۆ تەرخان کردوە ( هونەری جەنگ) [33] , مەسەلەی سوپای نیشتمانی کە بە گرنگترین هۆی بەدی هێنانی یەکێتی‌ی ئیتالیای دادەنا. مەکیاڤیللی هەر لە وەختێکی زووەوە پەنجەی خستە سەر کەم وکوڕەیەکانی سوپا ئەوروپایی‌یەکان . بەتایبەتی پشت بەستنیان بەهێزی سەربازی بەکرێ گیراو کە ( مانای ڕێك وپێکی نازانن چی‌یە , گفت و بەڵێن ناپارێزن , لە رووی دۆستاندا خۆیان بە ئازا نیشاندەدەن و بەرامبەر بە دوژمنان ترسنۆکن , لە خوا ناترسن و لەگەڵ خەڵکیدا بێویژدانن . ئەومیرەی پشت بەم جۆرە هێزە دەبوستێ ڕەنگە تێکشکانە مسۆگەرەکەی بە دواخستنی ئەو هێرشە دوا بکەوێ کە بەرێوەیە بکرێتە سەری) . زامە قووڵەکەی مەکیاڤیللی لێرەدا بوو , بۆیەپێوستی بە نموونە هێنانەوە نەبوو ( چونکە ئەو شکستی‌یەی بەسەر ئیتالیادا هاتوە ئەنجامی یەك شتە کە ئەویش پشت بەستنێتی بۆ ساڵانێکی زۆر بە لەشکری سەربازی بەکرێ گیراو –میر– بەشی دوانزەدەیەم) لە رۆژانێکدا کە خەڵکی خۆیان دەخستە بازاری کڕین فرۆشتنەوە لە وەختێکدا کە جەنگەگەورەکانی ئەوروپا بەرادەی یەکەم بە سەربازی بەکری گیراو دەکران و لەگەڵیاندا ئەو جەنگی سێ ساڵەیەی کە دوای مردنی مەکیاڤیللی بە سەدەیەك هەڵگیرسا , دەنگێکی دڵسۆز بۆ فلۆرنساوە بەرزبووەوە پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ( ئەو هاوولأتی‌یەی جەنگی بۆ ئامانجێکی بێگانەبۆ خۆی دەکاتە پیشە هاوولأتی‌یەکی باش نی‌یە , چونکە ئەرکی سەرشانێتی خزمەتی ولأتەکەی خۆی بکا کە هۆی تێکەوتوە پێوستە لە پێناوی سەربەرزی‌ی ئەودا بجەنگێ). دیارە دەبێ ئەم وتانە لە چوارچێوەی کات و شوێنی خۆیاندا هەڵبسەنگێنرێن . ئەم وتانە نەك تەنیا زادەی بیروهۆشێکی بلیمەت بوون , بەڵکوو ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی کارامە و چاودێری کردنێکی وردی رووداوەکانی چ ئیتالیا و ئەوروپا چ ناوچەکانی تر بوون. ئەو لە سوپا ئەوروپایی‌یەکان و سەپا عوسمانی‌یەکانی کۆڵیبووەوەو هۆیەکانی لاوازی‌ی یەکەمیان و بە هێزی‌ی دووەمیانی دەسنیشان کردبوون . مەکیاڤیللی لەرۆژانی جومهووری‌یی‌تدا توانی ئەنجومەنی دەیە قایل بکا کە هیچ دەوڵەتێك ناتوانێ لە خۆی وسنووری خۆی‌دڵنیا بێ ئەگەر خاوەنی هێزی تایبەتی خۆی نەبێ. هەر لەسەر ئەم

بنچینەیەش ئەنجومەن بڕیاریدا هەموو ئەو هاوولاَتییە فلۆرنسایی یانە بکاتە سەرباز کە دەتوانن چەك هلّبگرن و ئەویش بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ ئیتالیا بووە هەنگاوێکی پێشەنگانە. بایەخ پێدانی فراوانی تیوری و کردارانەی مەکیاڤیللی بە کاروباری سوپا و جونگ لەو خەونە پیرۆزەوە هەلّقولاّ بوو کە ببینێ ئیتالیاییەکان ( بەهاندانی ئامانجێکی نیشتمانیلەریزی لەشکرەکانی شارەکاندا دەجەنگن و لە رووی ئەوروپادا سەری خۆیان بەرزدەکەنەوەوە) [34] وبە لێهاتوویییەوە مەزنکارییەکانی رۆمای کۆن دووبارە دەکەنەوە. مەکیاڤیللی ئەنجامی کۆلّینەوەی لەم مەسەلانەو لە ه تریش –کە دوایی دەگەڕێینەوە سەریان – زۆر دەرسی لە مێژوو هەلّهێنجاوەو زۆر عیبرت و حیکمەتیشی لەو دەرسانەوە دەرهێناون ئینجا هەموو ئەوانەی لەگەلّ وردبوونەوەی خۆیدا لە ژیان و ئەو ئەرکانەدا بەدەمییەوە بەجێیهێناون , بەهوشێکی بلیمەتانەو بیرێکی تیژەوە تێکەلّ بە یەکتری کردوون . ئەو بەبێ پشت بەستن بە شاییتێکی مێژوویی یا زیاتر رای خۆی دەرنەبڕیوەو بە دەگمەنیش تاقیکردنەوەو ئەنجام دەرکێشانی کردۆتەگشتکاری یا بەبێ پەنابردنە بەر ئەو رووداونەی قسەکەی دەسەلمێنن رێنمایی کردوە . جا هەر لەبەر ئەوەیە کتێبەکانی پڕن لە نموونەی مێژوویی جۆراوجۆری ئەوتۆ کە زەحمەتە وێنەی لە نووسینەکانە رووناکبیرانی تردا ببینین. مەکیاڤیللی لە لێکۆلّینەوەکانیدا گەلێ پرسیاری گرنگی وەهای ورژاندوون کە لە دوای سەردەمی ئەرستۆوە پشت گوێ خرابوون و پوختە و مەغزایان بریتییە لە گەڕان بە دوای ئەو هۆیانەدا کە بارودۆخی بەردەوام بوون بۆ دەولّەتان و هێزو توانای مانەوەو نەش و نما کردن لەسایەی رژیمێکی ئاسوودەی چەسپاودا بۆ حکەمەتان سازدەدەن . بەمە ئەو لەسنووری ئایدولۆژیای سیاسیی کلاسیکییانەی ئەوروپا چووەدەرەوەو ب شێوەیەکی هێکجار جیاوازو بنەرەتی لە نووسەرە گەورەکانی سەردەمی ناوەراست و بگرە جیاواز لە نووسەرە گەورەکانی سەدەی شانزەیەم و حەڤدەیەمیش, وەك هوبس و هوکرو لووك و کوسانی تر کە بە تەواوی لی لێکدانەوەی خواناسییانەی دیاردەکانی دەولّەت وسیاسەت رزگارنەبوون کەوتە لێدوان و قسەکردن لە کۆمەلّگا و سیاسەت.[35] ئامانجی مەکیاڤیللی لە کشت نووسین و قسەکانی گەیشتن بوو بە پیرۆزترین مەبەست کە بریتی بوو لە رزگارکردنی نیشتمانی لە گیروگرفتە ئالۆزەکانی و بەدی هێنانی ئەو یەکێتییەی کە لەورۆژانەدا کەس بەوێنەی ئەو دەرکی بە مەغزاو ئەنجامەکانی نەکردبوو ئەو بۆ ئیتالیای و نجراکراوی دەنووسی, بۆ ئیتالیایەك کە بۆ داگیرکەرە بیگانەکان بووبووە کێلّگەیەکی تاقێکردنەوە,بۆ ئیتالیایەك کە دوای ئەوەی لە گشت کیشوەری ئەوروپادا نموونەی گەشانەوەو پێشکەوتن بوو, رووی لە پووکانەوەو پووچەلّی کردبوو.[36] بگرەنیکۆلۆ بۆ ئامانجێکی لەوە بەولاتریشەوە دەچوو , ئەو نەك تەنیا بیری لەوە دەکردەوەو دەینووسی کە ئیتالیا لە ئاژاوەو ئەنجامەکانی رزگاری ببیو رادەیەك بۆ پەرت بوونی دابنرێو یەکێتی ی بۆ بەدی بهێنرێ, بەلّکوو بیری بۆ ئیتالیایەك دەچوو کە لە گشت کیشوەری ئەوروپادا ببێتە هێزێکی گەورەی کاریگەر ئەم جۆرە بۆچوونە کە بۆ ئەوروپای سەردەمی

ناوەراست شتێکی ئەوتۆی نەدەگەیاند, لە دواییدا وردەوردە بیروهۆشی گشت خەڵکەکەی داگیرکرد .مەکیاڤیللیش ئەو شانازیەی بۆ بەسەکەبووە یەکەم نوێنەری مەزنی ئەو جۆرە خواست وهیوارەوایانە. گومانی تێدا نی‌یە کە هیچ ئامانجێکی سیاسی بۆ بارودۆخی مێژوویی ئەوسای ئیتالیا ,لەپیرۆزیدا نەدەگویشتە رادەی ئەوەی مەکیاڤیللی پێش چاوی خۆی خستبوو . کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بە دریژایی میژوو بیگرە.ناوی ئەو لەهەر کەسێکی تر زیاتر زڕێنرا , تارادەیەك وای لێهات کە لەریزی شەیتانەکان وپیاوخراپە هەرەدڕەکاندا, باڵاترین شوێن داگیر بکا کە ئەمە باسێکەو هەقی لەسەر راوەستان و تێوردبوونەوەیەکی تایبەتی هەیە.

بۆچی وچون ناوی مەکیاڤیللی زڕێنرا

ناوزڕاندنی مەکیاڤیللی لە ئەنجامی گەلێ هۆ وبۆچوونی جۆراوجۆرەوە بوو کە هەوڵدەدەین بە کورتی لەم چەند بەندە سەرەکی‌یەدا کۆیان بکەینەوە.

1- حەسوودی پیٚبردن:

نیکۆلۆ وەك رووناکبیرێکی گەورە ژمارەیەکی زۆر حەسوودی پیٚبەرانی هەبوون کە هەوڵیان دەدا بە چەپەڵترین شێوەو قوماربازانەترینیان زەفەری پیٚبەران وئەوبوو لە سەرەتای باسەکەماندا هەندێ لایەنمان لێباس کردن . ئەوانە چەندین کون وکەلەبەریان دەخولْقاند تا لە نێوانیانەوە بەو ئامانجە ناپیرۆزەیان بگەن. بەلاّم ئەولەگەڵ ئەوەشدا ملی بۆ ئەو دڵ و دەروون چرووکانە نەدەداو هەر لەسەر بورجی بیروراو باوەڕی تەواویەوە بە خۆی سەیری دەکردن و دەیبینین لەبەر پێیدا دەستەیەك بستەبالاّی ئەوتۆن کە لە بەزەیی پێداهاتنەوە بەولاوە هیچی تر هەڵناگرن ,چونکە نەخۆشی لە دڵ و دەروونیاندا بجی داکوتاوە. بۆیە ئەم سەرەڕای هەموو خراپەکاری‌یەکانیان , هەرچی‌یەکی دەربارەی ورترین نهێنی و مەڵبەندی لاوازی‌یەك پێدەزانی, لەدڵە گەورەکەی خۆیدا دەیشاردنەوەو بگرە هەوڵی دەدا هەر کاتێ ماوەی بۆ هەڵبکەوتایەخزمەتیشیان بکا.سەیر ئەوەیە نیکۆلۆ لە نەشتەری هەندێ لە نزکترین برادەرو خۆشەویستەکانیشی دەربازی نەبووە . بۆ نموونە گویکاردینی کە –بەپیٚی وەسف کردنی لە لایەن یەکێك لەمیژوو نووسانەوە–( لە ژیانیدا زیاتر لە مەکیاڤیللی مەکیاڤیللیست بوو) [37] رەخنەی لە هەندێ بیروڕای مەکیاڤیللی وەها دەگرت کە گوایە دڵڕەقانەو بیٚبەزەییانەیە , لە کاتیکدا لەیکچوونێکی تەواو لە نێوان هەردوو مێژوونووسی گەورەی سەردەمی راچەنین, مەکیاڤیللی و گەیکاردینیدا هەیە و هەر جیاوازی یەکیشیان لە بەیندا هەبێ, تای تەرازوو بە ئاشکرا بەلای یەکەمیاندا دەشکێتەوەبۆ نموونە گویکاردینی وایدەبیتی مەکیاڤیللی لەو باوەڕەیدا کە گویەگشت بەسەرهاتە سیاسی‌یەکانی ئیتالیا ئەنجامی پەرت پەرت بوونی بەهەڵە چووە, چونکە ئەو پەرت پەرت بوونە –بەرای ئەم بووبووە هۆی پەیدا بوونی ( گشت ئەو شارەگەشەسەندووانە) لە ئیتالیادا ( کەنەدەتوانرا لە دەوڵەتێکی یەکگرتوودا پەیدا بن) . لەبەر ئەوە بوونی ( رژێمێکی پادشایەتی‌ی یەکگرتوو.لە بریتی‌ی خۆشگوزەرانی بۆ ئیتالیا , دبووە مایەی نەهامەتی) [38] هەروەها هاورِیٚیەکی

تری (فرانسیسکۆ ڤیتۆری) دەیتوانی بە هۆی ئـەو شوێنەدیپلۆماسـیـیە باڵایـەوەی لـە رۆمـای کـۆری چست و چالاکی‌ی فراوانی سیاسی‌و ئیتالیا ئاینید وەك مەڵبەندێکی پاپایـەتی و کڵێسـەی کاسـۆلیکی هەیبووە, زۆر لەوە زیاتر خزمەتی نیکۆلۆ بکا وەك دەیکرد.

2–کڵێسە:

هەڵویستی کڵێسە لە زراندنی ناوی مەکیاڤیللیدا گەڵی کاریگەر بـوو. بـەڵام بـۆ ئـەوەی بـە روونـی لـە هـەموو بـارێکی ئـەو هەڵوێسـتە تـێ بگـەین , چاکتر وایـە یەکـەمجار باسـی هەڵوێسـتی مـەکیاڤیللی بەرامبەر بە کڵێسەو رژێمی دەرەبەگایەتی بە گشتی کە ئەوسـا بـاوبوو بکـەین. ئـەو هەرچـەندەزیاتر پیێی لەسەر کڵێسە دادەگرت, بەڵام لەهەمان کاتدا لایەنی ئەوتۆی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیش دەدوا کە لە سەردەمی ئەودا گەیشتبوونە ئەو پـەری رادەی بـەربادی و لـە بـەردەمی پێشـکەوتنی ئاسـایی کۆمەڵگاکانی ئەوروپا بووە بوونەکۆسپێکی سەرەکی .مەکیاڤیللی ئەمەی بە شـێوەیەکی بلیمەتانـەی تەواو گونجاو لەگەڵ تەبیعەتی ئەو پلـە میژوویی‌یـەدا شـی‌کردۆتەوە کـە لـەرووی سیاسـی‌یەوە وەهـا پێوست دەکرد , رژێمێکی سیاسی‌ی ئەوتۆی بۆ دابمەزرێنرێ کە بتـوانی کۆتـایی بـە بـەرەڵلایی ئـەو دەرەبەگلیەتی‌یە باوە بهێنی ز ئیمە لێرەدا تەنیا یەك نموونەی رەوان لە ( دەمەتەقی ) دێنینەوە کـە لە بەشی‌پەنجاو پێنجەمینی کتێبی یەکەمیدایەو ئەمە دەقەکەیەتی:

( سەردار (نبیل) لە لای من ئەو بابەتەکەسانەن کە ژیان بەبێ ئیش بەسـەر دەبـەن, یـا ئەوانـەن کـە لەسەر بەر بوومی زەوی وزارەکەیان دەژین بەبێ ئـەوی کشـتوکاڵ یـا هـیچ کـارێکی تریـان کردبێتـی پیشەی خۆیان. ئەم بابەتە کەسانەش بۆ هەر کۆمارو هەر شارێك دەبنە بەڵا. خۆرەنگە خراپتر لەمان ئەوانەبن کە جگە لـە زەوی‌وزارەکانیـان , خـاوەنی قـەڵاو دەسـت وپێوەنیشـن وبـەئارەزووی خۆیـان هەڵیان دەسووڕێنن . بۆ نموونە لە مەملەکەتی ناپۆلیدا و هەروەها لە مەملەکەتی پاپایەتی و رۆماناو لۆمباردیادا , خەڵکێکی زۆر هەن لەم دوو دەستەیەن و گومانیشی تێدا نی‌یە کـە ئەمەیـە بۆتـە هـۆی پەیدا بوونی هیچ کۆمارێك یا ژیانێکی سیاسی لەو ناوچەدا چـونکە ئەوانـەی لـە بـارۆدوخێکی وەهـادا لەدایك دەبن , بەتونـدی دوژمنایـەتی‌ی هـەر شـێوەیەکی فـەرمانڕەوایی شارسـتانی‌یانەی سەربەسـت دەکەن و هیچ هەوڵـدانێك بـۆ دامەزرانـدنی رژێمـی کۆمـاری لـەو ناوچـانەدا کـە لـە سـەرئەم شـێوەیە رێکخراون وسەرکەوتنی بۆ بەدی‌نایەت . خۆ ئەگەر یەکێکیشـی هـات و ویسـتی سـەر لـە نـۆی رێکـی بخاتەوە, ئەوا تاقە رێگا لە بەردەمیدا ئەوەیەکە رژێمی پادشایەتی‌ی تێدا دا بمەزرێنێ, لەبەر ئەوەی کە وەختێ ناوەرۆك بەم جۆرە گەندڵ دەبێ , قانوون لە وزەیدا نابێ بپارێزی و بیهێڵێتـەوە. بـەڵکوو پێوستە لە پاڵ قانووندا هێزیکی باڵای وەك ئەوەی ئاسایی بۆ پادشـایان دەلـوێ هـەبێ کـە خـاوەنی دەسەڵاتێکی بێ سنوورو جەربەزە بێو ئەوتوانایەی بۆ بسـازێنێ کـە لـە وەزیـدا هـەبێ بـەر لـە هـەر سەرکێشـە کـردن و هەڵچـوونێکی هەڵقـەڵاو لـە زیادەخوازی‌یـەوەو هـەر کـاروکردارێکی گەندەڵانـەی دەسەڵاتداران بگرێ) . مەکیاڤیللی بەتوندی دژی ئامۆژگاری‌یەکانی کڵێسەی کاسۆلیکیش راوەسـتا و

به بێبایەخی دەدانە قەڵەم و وەهای بۆ دەچوو بەر لە داهێنـانی چـالاکانەی مـرۆڤ دەگـرن کـە ئـەم رایەبە ئەمانەتەوە گیانی سەردەمەکە و ئەو ئەرکانەی دەنواند کە لە ئەستۆیدا بـوون و کـە لـە هێڵـە سەرەکییەکاندا لە گەڵ بیروڕای گەورەترین ڕووناکبیرانی ئەوسای ئـەوروپا دا , لەگەڵیانـدا ئەوانـەیان کەلە خەڵکـە هەرەبەتەنگـەوە هاتووەکـانی مەسـیحییەت و یـەکێتیی کڵێسـە بـوون وەك ئارازمسـی ڕۆتردامی و تۆماس مۆر , یەکیان دەگرتەوە , بگرەلە گەڵ سەرکردەکانی بزوتنەوەی ئایینسازییشـدا ( الاصلاح الدینی) کە پێش مردنی مـەکیاڤیللی بەتـەنیا نزیکـەی دەسـاڵێك بـە تونـدی لـە ئـەڵمانیای دراوسێدا تەقییەوە , هەر یەکیان دەگرتەوە. بەڵام نواندکەی مەکیاڤیللی لەم بارەیەوە توند وتیـژتر و کاریگەرتر بوو وەك لەوان . جا ئاخۆ هیچ وتەیەك لەوە کاریگیرتر و هیچ نائومێدییەك لەوە بـێبن ترە کە نیکۆلۆ بە گاڵتەجاڕیەکی تێکەڵ لە ئازارێکی قووڵەوە وتێتی: ( یەکەم شت کـە دەبـێ ئێمـەی ئیتالایی لە عۆیەیدا خۆمان بە قەرزاری کڵێسە و کاربەدەستانی بزانین, ئەوەیە کە بووینە کافرولەری لادەر)( دەمەتەقێ –کتێبیەکەم –12) ئەمـەش هـەر هـەمان قسـەی مـارتن لۆسـەری سـەرکردەی بزوتنەوەی ئایینسازییە کە بەردەوام دەیوتەوە. مەکیاڤیللی یەك کە یەکێتیی ئیتالیـای لـە سـەروو هەموو شتێکەوە دادەنا , نەیدەتوانی رای ئاشکرای خۆی دەربارەی هەڵویستی گوێخەفاندنی کڵێسـە لەم رووەو , دەرنەبڕێ . سا با وریاییەوە گوێ بۆ ئەو قسانەی رایەڵ بکەین کە سەبارەت بەم باسە دەیانکا : ( ئیمە لە شتێکی گەورەتریشدا قـەرزاری کڵێسـەی و کاربەدەسـتانی کڵێسـەین ورەنگیشـە هۆی دووەمی ئەو ویرانکارییە بێ کەتووشە هاتووین , ئـەویش ئەوەیـە کـە هـەر کڵێسـە یـە ئیتالیـا بەشبەش کردوەو تا ئیستاش پارێزگاری لەوبەش بەش بوونە دەکا . ئەوە راسـتە کـە دەبـێ بـوترێ هیچ ولاتێك هەست بە نیعمەتی یـەکێتیو بـە بـەختیاری ناکـا ئەگـەر سـەراپای لەژێردەسـەڵاتی یـەك حوکمی جەمهووری یا یەك میردا نەبێ , وەك لە فەرەنسا و ئیسپانیادا هەیـە . بـەڵام گومـان لـەوەدا نییە کە هۆی نەبوونی ئەو وەزعە , واتە یەك جەمهوورییەت یا یەك میرایەتی بۆ گشت ئیتالیـا , بـێ چەند وچۆن بێ سێ ودوولێکردن دەگەڕێتەوە بـۆ کڵێسـە. چـونکە هـەر چـەند مەڵبەنـدی کڵێسـە لـە ئیتالیا دایە دەسەڵاتە دنیاییەکەشی هەر لەوێدایە , بەڵام ئەو دەسەڵات وئەو چاکەیەی قەت ڕۆژێك لـە ڕۆژان نەبوونەتـە خـاوەنی هێزێکـی وەهـا ئـەو توانایـەی بـۆ بسـازێنێ کـە حوکمڕانـە جەربـەزە ئیتالیاییەکانی , سەر شۆری حوکمڕانیی خۆی ڕۆژێك لە ڕۆژان, نەگەیشتۆتە ئەو رادەی لاوازییەی ترس لە دەسـت چـوونی دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەر کاروبـاری دنیاییـدا لێبنیشـێو ناچـار ببـێ کـە بـۆ پاریزگاری کردن لەو دەسـەڵاتەی خـۆی , دژیئـەو دەوڵەتەئیتالیاییـەی زیـاد لـە رادەی خواسـت و حەزی ئەو بەهێز بووە , پەنا بەرێتە بەر دەوڵەتێکی بیگانـە. بـەم پێیـە کڵێسـە بۆتـە هـۆی ئـەوەی ئیتالیا نەکەوێتە ژێر حوکمڕانیی یەك تاکە سەروبەسەر ژمارەیەك میرو سەرداری ئەوتۆدا دابەش ببێ کە پەرت پەرت بوون و لاوازیی بکەن بە نەسیبو وای لێ نەك تەنیا بۆ وەحشییە هێزدارەکـان (39) ببێتە نێچیر ، بەڵکو بۆ هەر یەکێ بیە وێ پەلاماری بدا . ئێمەی ئیتاڵیایی پێویستە کەبۆ ئەم وەزعـە

ناهەموارەی تێیکەوتووین ، سوپاسی تەنیا کلێسە بکەین نەك هیچلایەکی تر ) (دەمەتەقێ –کتێبی 12 ).

کەوابێ هۆی سەرەکی‌ی دوژمنایەتی کردنی مەکیاڤیللی لەگەڵ کلێسەی کاسۆلیکیدا لەوەدابووە کەکلێسە بووبووە کۆسپێك لە رێگای بەدیهاتنی خەونە گەورەکەیداو بینینیی نیشتمانەکەی بە یەکگرتویی و سەربەرزی و سەرفرازی . بەم جۆرە پاپاکان ، بەپێ ی شیکردنەوەی دروستەکەی ئەو ، لەلایەکەوە لەوە لاوازتر بوون بتوانن یەکێتی ئیتالیا بەدی بێنن و لەلایەکی تریشەوە حەزیان نەدەکرد یەکێکی تر ئەو کارە مەیسەر بکا . جا بۆ ئەوەی لە رادەی قووڵی‌ی ئەم شیکردنەوەیەی مەکیاڤیللی تێبگەین ، پێویستە هەڵوێستی کلێسە بەرامبەر بە مەسەلەی یەکگرتنی ئیتالیا بەدرێژی چوار سەدەی دوای ئەو بۆمبایە بێنینەوە یاد کە مەکیاڤیللی زۆر بەجەسارەتەوە و روو بەروو تەقاندنی یەوە بێ ئەوەی پەنا بەرێتە بەر خەیاڵ و ئەودنیا وەك دانتی کردی ، یالەزمانی پێشینانەوە بیروراکانی خۆی بنوێنێ وەك پتراك پەنای بردە بەر . پاپایەتی بەهەر شێوەیەك بۆی دەلوا لەسەر بەربەرەکانێ کردنی یەکگرتنی ئیتالیابەردەوام بوو. وەختێکیش خەونە هەرە گەورەکەی ئیتالیایی‌یەکان لە1870 دا هاتەدی پاپا ملی بۆ دان نان بە حکومەتی ئیتالیای یەکگرتوو دا نەدوا بەتوندی دژی ئەوە راوەستا رۆما بچێتە پالی خۆی بە ( حەپسی ڤاتیکان ) دایە قەڵەم . ئینجا کار هەر وەها رۆیشت تا لەساڵی 1929 دا مۆسۆلۆنی و پاپا بەپێی پەیمانێکی تایبەتی رێککەوتن کەیەکەمیان سەربەخۆیی ڤاتیکان بسەلمێنێ و دووەمیش دان بە ئیتالیای یەکگرتوودا بنێ .ئەوەش دەهێنێ ئەلێرەدا ئیشارەتی پێ بدرێ کە مەکیاڤیللی بە بیرەتیژەکەی و لە نزیکەوە بە چەوت و چەوێڵی‌یەکانی کلێسە و ئەو ئاژاوەو سەر شێواوی یەی دەزانی کە کارگێرانی تووشی هاتبوون چونکە ئەو لە رۆژانی جمهوری یەتدا دوو جار وەك نێراوێکی دیپلۆماسی چوو بۆ رۆماو لە نێوانیانەوە شارەزای ژیانی ئەکلیرۆسەکان و ئەو بەرتیل وبەرتیلکاری‌یە بوو بوو کەلە ناویاندا بلاو بوو بووە بەوە زیاتر لە گەندەڵی دەستەو دایەرەی کلێسەو دورکەوتنەوەی تەواوی لەگیانی رەسەنی ئاینی مەسیحی یەت دڵنیا بوو بوو .کاردانەوەی‌پاپایەتی بەرامبەر بەم هەڵوێستەی مەکیاڤیللی ، لەیەك کاتدا هەم توندو تیژو هەم دڵرەقانە بوو . بۆ نمونە لە ساڵی 1557 دا ، جدزویتە سەرگەرمەکانی کلێسەی کاسۆلیکی گشت کتێبەکانی مەکیاڤیللی یان سوتاندو لەگەلیدا دادگای پشکنین (محاكم التفتیش ) بریاری قەدەغەکردنی خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی داو هەموویانی خستە لیستەی کتێبی قەدەغەکراوەوە ئەنجومەنی ترانتی کلێسەیش ئەوی سەلماند ئینجا لە ساڵی 1559 دا کلێسە بریارێکی دەرکرد کەنموونەیەکی (effigie) جەستەی مەکیاڤیللی بە ئاشکرا بسووتێنرێ ، لە کاتێکدا پێش ئەوە بەنزیکەی تەنیا چارەکە سەدەیەك ، رۆما خۆی کتێبەکانی بۆ چاپدەکردن وشانۆ گەری‌یە کۆمیدی‌یەکانیشی بە ئامادەبوونی پاپا خۆی پێشکەش دەکران[(40)] هەروەکوو مەکیاڤیللی کتێبە بە برشتەکەی ( مێژووی فلۆرنسا ) کە لە هەشت بەرگدایە لە راستیدا

تەرخانە بۆ سەرجەم میژووی سیاسیی ئیتالیا و بە حوکمی قووڵبوونەوەی لە هەڵسەنگاندنی رووداوە میژوویییەکان و شێوەدرامییەکەی لە نووسینیانداو پتەویی زمانەکەی ( بە یەکێك لە دەسکەوتە هەرە گەورەکانی کۆڵینەوە لە مێژووی نۆی دەژمێردرێ) [41] و تا ئیستاش لەو بایەخە نەکەوتووە , لەسەر داخوازیی پاپا کایمەنتی حەوتەم نووسیوێتی و بە دەستی خۆی پیشکەش بەوی کردوە. : دوای ئەوە شالاوێکی پروپاگەندەی نەخشە بۆ کیشراوە دژی مەکیاڤیللی دەستی پێکرد کە نووسەر و مێژوونووسە جزویتە کەللە رەقەکان ریزی پێشەوەیان تێدا گرت . ئەوانە لایەنە بە هێزەکانی نووسین وبیروڕاو هەڵویستەکانی مەکیاڤیللی یان خستە لاوە و تەنیا هەندێك لە بیروڕاو کردارەکانی بە شێوەیەکی رووتەنی دەکردە دەسکەلاو بەوە ۆێنەیەکی ساختەی ئەوتۆیان بۆ دەنەخشاند کە چەندیشە تەقەلایان دەدا هونەرکاریی تێدا بکەن , بەلاّم هێشتا هەر لە گەڵ واقیعی حللّی ئەو پیاوەدا نەدەگونجا . بۆ نموونە ئەوەیان لێدەکردە عەیبە کە کتێبی ( میر) ی پێشکەش بە جۆلیانۆ ( دوایی لۆرینزۆ) میدیتچی کردبوو, ئینجا وایان دادەنا گوایە ئەوە هەوڵدانێك بووە بۆ چاوەشەکردنی بنەماڵەی میدیتچی دوای گەرانەوەیان بۆ سەر دەزگای حوکمڕانی [42] . هەروەکوو هەندێ لە نووسەرانی ئەم سەردەمەش ئەو مەسەلەیە لە هەمان روانگەی جزویتەکانەوە هەڵدەسەنگێنن [43] . لە راستیدا نکوولی لەوە ناکرێ کە مەکیاڤیللی حەزی دەکرد بێتەوە سەرشانۆو لە ئیشێکی ئەوتۆ دەگەڕا کەمێ لە باری ئەو چەڵەمەداراییەی تووشیهاتبوو سووك بکا و ئەمەش کردەوەیەك نییە بە هیچ کلۆجێك لێی بگیرێ , چونکە هەر لە بنەرەتەوە غەدرە نیکۆلۆی ناو کۆمەڵگایەك کە مروڤی هەم گورگ و هەم رێوی دەوری گەورەیان تێدا دەگێراو پایە وپلە و ساماندارای لای هەمووان بە سەردار رەشۆکییانەوە مانایەکی تەلیسماوییان دەبەخشی , لە خواست و پێداویتییەکانی وەك هەر مرۆڤێکی تر , دابڕبکرێ . بەلاّم مەسەلەکە لەم لایەنە رووتەی مرۆڤایەتیش دەچێتە دەرەوە, چونکە لۆرینزۆ میدیتچی کە لە ئاستیاندا وەك هەر مرۆڤێکی تر هێندەی سیفەت و تواناو بەهرە تێدبوو کە لە وزەیاندا هەبێ بیکەنە پیاوێکی هەڵکەوتوو . ئەو لەو بابەتە کەسانە بوو کە دەیتوانی بڕیاری ببڕایببڕ بدا پەیرەوی ئەو جۆرە سیاسەتە بکا کە لە ( میر) دا باسی کراوەو لێدەوەشایەوە ئیتالیا رزگاربکا ویەکگرتنی بۆ بە دی بێنی [44] . ئەمەش بۆ مەکیاڤیللی سەروزیاد بوو کە ئەوی وەك میرێکی نموونەیی بێتە پێش چاو. لەگەڵ ئەوەشدا دوو شتیتر دومێننەوەو دەشی تیشکێکی رووناکت بخەنە سەر ئەم باسە  مەکیاڤیللییەك کە بە هۆی ئەو پێشکەش کردنەی کتێبەکەیانەوە ( میر) بە مەزایی کردن گوناهبار کرا , بەبێ چەند وچۆن ئەوەی رەتکردەوە کە خزمەتی ( بیگانە وەحشییەکان) بکا , لە کاتێکدا کەسانی تر کرنووشیان بۆ دەبردن . بەلاّم با ماوە بە کابرا خۆی بدەین لەم رووەوە کە گەردەلوولێکی هەوشاری دروستکراوی دەربارە هەڵکرا , بۆمان بدوێ ئەو بەو پەڕیساکارییەوە دەڵێ:

( من تەنیا هێندەی بتوانم سوودبەخش بم قەت هیچ کارێکی و هیچ فـەرمانێکی جەمهووریـەت رەت ناکەمەوە , مـن ئەمەپیشـەمە و ئەگـەر بـە کردارنەیکـەم بـە وتـار خوێندنـەوە دەیکـەم و ئەگـەر بـە میشیان بۆم نەکرێ بە پرۆژەکـانم دەیکـەم ...) [45] کـەوابێ نیکۆلـۆ ئامـادە بـوو بـە دڵسـۆزییەوە خزمەتی وڵاتەکەی بکا . لەبەر ئەوە تەنانـەت لـە تەنگـەتاوترین ساتانیشـدا هـەر سـەری خـۆی بـەرز رادەگرت و حەزی لە ئیشکردنێك نەدەکرد( سوود بەخشیینی تێدا )نەبێ . بۆیە ئەم ( مەرایی کـەرە ) تەنانەت دوای دەساڵ دوورخستنەوەش بـە هـۆی بیزاربوونییـەوە لـە هەڵوێسـتەکانی پاپایـەتی , پلەی سکرتارێتێکی سوود بەخشی یەکێك لە کاردینالەکانی رۆما رەتکردەوە. لێرەدا پرسـیارێکی پـڕ مەغزا خۆی بەسەر مێژوونووسدا دەسەپێنێ : ئایا بۆ مەکیاڤیللییەکی خاوەن توانا ئەگـەر بەراسـتی بیویستایە مەرایی بکا , باشتر وەها نەبوو خۆی لەو کەسانە نزیك بکاتەوە کە چارەنووسی نەك یـەك ئیتالیـایی کـی وەك ئـەو , بـەڵکوو هـی گشـت ئیتالیایـان لـە چنگدا بـوو , مەبەسـتم لـە داگیرکـەرە بیگانەکان و دەمراستەکانی رۆماکە ئەو بەبێ پێچ و پەناو.سەوداو مامەلەکردن هێرش دەبردنە سەر؟ لێـرەدا دەبـێ ئـەوەش سـەرەنجمان رابکێشـی کـە گرتنـی ئـەم هەڵوێسـتە لـە لایـەن رووناکبیرە ئیتالیاییەکانەوەو لەو بارۆدوخە زۆر سـەخت و سـتەمەدا دەگمـەن نـەبووە . بـۆ نموونـە هاوچـاخی مەکیاڤیللی و تاجی سەری ئیتالیا ومرۆڤایەتی لیۆنارۆدافینشی ( 1452–1519) لە کۆتایی ژیانیدا ناچار بوو پەنا بەرێتە بەر پادشای فەرەنسا فرانسوای یەکەم و دوا پێنج سـاڵی تەمـەنی لەگەڵیـدا و لە کۆشـکێکی نزیـك کۆشـکەکەی ئـەودا بەسـەر بـەرێ ، بـێ ئـەوەی ئەمـە بـە ژیـان و مێـژووی ئـەو بلیمەتەوە ببێتە تەنانەت سووکە لەکەیەکیش .

هەروەها رووناکبیری سۆشیالیستی ئایدیای ئیتالی کامبانیلا (1568–1639) کە بـۆ مـاوەی (33) ساڵ بەبێ مل کەچی کردن خۆی لەژێر لێدان و ئازاردان و بەندکردندا لە لایەن دادگاکانی پشکنینەوە راگرت لە ئەنجامدا پەنای بردە بەر ریشیلۆی فەرەنسایی و خۆی خستە ژێر بـاڵی ئـەوەوە . کـەوابێ هیچ گومانی تێدانیە کە مەکیاڤیللی ، ئەگەر بیویستایە دەیتوانی وەك ئەوان کـردار بکـاو ئـەوەی بـۆ ئـەوان لـوا بـۆ ئـەمیش بلـوێ و بـەلام نـەی کـرد . بـەڵێ ئـەم ( مـەرایی کـەرە ) بـەو پـەری نـەفس بەرزییەوەئیشکردنی لەدەرباری فەرەنسادا رەتکردەوە . با جـارێکی تـریش گـوێ لـەخۆی بگـرین و بزانین بە شێوە گاڵتەجاریەکەی خۆی ، لە بارەی ئەم باسەوە چی دەڵێ :
( من مردنم لەبرساندا لە فلۆرەنسادا بەلاوە پەسندترە وەك لە ئینتەلاکردن لە فۆنتینبلۆدا ) [46] [47]
یەکەمینی نوسراوەکان و بەشێوەیەکی تایبەتی جزیتەکانیان رەخنەیان لەسەر ئەوە لە مـەکیاڤیللی دەگرت گوایە لە کتێبەکەیدا (میر ) سیزار بۆرجیای بە نمونەیەك هەڵبژاردووە کە بەنهێنی شوێن پێی هەڵبگیرێ . لێرەشدا هەڵبژاردنەکەی مەکیاڤیللی لە خۆیەوە نەهاتبوو ، چونکە سیزار بورجیـا کـوری پاپا ئەلیکساندەری شەشەمی نەوەی بنەماڵەی بۆرجیای ناسراو [48] بوو کە مەکیاڤیللی سێ جار بە ئەرکی دیپلۆماسـیانە چـووبوە لای و لـە نزیکـەوە ناسـیبوی و لـە راپۆرتێکـدا بـە تونـدی رەخنـەی

لەکردارو رەفتارەکانی گرتبوو ، بگرە بەدوژمنێکی سەرسەختی فلۆرەنسای دانابوو [49] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەنێوان سەرنجدانێکی وردی سیاسەتەکەیەوە بە درێژایی چەندین مانگ کەوتە سەر ئەو بارەی کە ئەو رێ و شوێنانەی ئەم پیاوە بەکاریان دێنێ لە تواتنایەنداهەیە ئیتالیا لەگرفتەکانیدا رزگاربکەن و بەوە زیاتر لەهەر سیالسی یەکی تر کە دیبووی یا شتی دەربارە خوێندبووەوە کاری تێکرد [50] بەهەر حاڵ گرنگ بەلای‌مەکیاڤیللی یەوە ئەوەبوو کە سیزار بۆرجیا بە هەموو شێوەیەك و بە ئیلحاحەوە تەقەلای دەدا حکومەتێکی یەکگرتووی بەهێزی ناوەندی بۆ حکومرانی کردنی ناوچەیەکی فراوانی ناوەراستی ئیتالیا دابمەزرێنێ و ببێتە هەنگاوێکیش بۆ یەکخستنی گشت وڵاتەکە هەروەها مەکسیاڤیللی سەبارەت بەهەڵوێستی سیزار بەرامبەر بە لەشکری سەربازی بەکرێگیراوی تەقەلا دانی بۆ سەربازکردنی کوڕوکالانی ئیتالیا خۆیان و وازهێنانی لەلەقەبی کاردینال کەلەقەبێکی بالای ئاینی بوو لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە سیاسیەکانیدا ،گەلا پێخۆشحال بوو ئینجا لیرەداجێی خۆیەتی بووترێ لیۆناردۆ داڤینشی یەکێك بوو لەوانەی بەدڵسۆزیەوە هاریکاری ی لەگەڵ ئەو سیزار بۆرجیایەدا کرد کە مەکیاڤیللی لەسەرەتادا بە دوودڵیەوە پەیوەندی لەگەڵ دابەست .بەم جۆرە بەبێ گوێ دانە رادە سەرکەوتنی مەکیاڤیللی لە هەڵبژاردنی نمونەیی قارەمانەکەیدا لەم کۆرەدا دەبێ یەك راستی تۆمار بکرێ ، ئەویش ئەوەیە کەسیزار دوای نزیکەی شەش ساڵ بەسەر مردیدا و کۆتایی هاتنی دەوری بنەماڵەکەی لە سەر شانۆی سیاسی ئیتالیا ، ئینجا ناوی‌چووە ناو کتێبی (میر) ەوە کەئەو شێوەیەکی مەوزووعیانەی ئاشکرا بە هەڵبژاردنەکەی دەدا . هێجگار سەیریش ئەوەیە کە رەخنە گرانی مەکیاڤیللی ، تەنیا هەڵەو چەوتیەکانی سیزار بۆرجیا بگرن و بیانکەنە بنیشتە خۆشەی ژێر زمان و بیرای بیر خەونە بالآکەی ( خەونی مەکیاڤیللی ) سەبارەت بەهەڵکەوتنی بلیمەتێکی ئیتالیایی بخەنە پشت گوێ کە وڵاتەکەی لە پەرت پەرت بوون و داگیرکاری رزگار بکاو ( رژێمێکی نوێی ئەوتۆ کە سەربەرزی بۆ خۆی و خێرو خۆشی بۆگەل بەدی بهێنێ ) دابمەزرێنێ . ئەو ئیتالیایەی وەك نیکۆلۆ بە دڵسۆزیەوە بۆی دەچو ( هەناسەی لەبەر براوە ) وچاوی بریوەتە (ئەو مرۆڤەی دەتوانی زامەکانی تیمار بکاو کۆتای بە وێرانکاری و راوورووت لە لۆمباردیاداو چاوچنۆکی و زەوتکاری لە مەملەکەتی ناپۆلی و تۆسکانیادا بهێنێ و ئەو پەڵەو بلقانەی کە لە دەمێکەوە لە جەستەیدا کێم و زوونیان هێناوەتەوە ، بتەقێنی و چاکیان بکاتەوە . ئەوەتا ئیتالیا رۆژانە لە خودا دەپارێتەوە کەسێکی وەهای بۆ بڕەخسێنێ کە لەم ستەمکاری‌یە وەحشی‌یانەیەو چەمووشی‌یە کوێرانەیە رزگاری بکا .( ئەو ئامادەی دواکەوتنی هەر ئالآیەکە بۆی بەپەرۆشە ، بە مەرجێك یەکێك هەبێ هەڵی بگرێ و بەرزی بکاتەوە ) ئینجا ئەگەر ئیتالیا بۆی لوا ( ئەم میرە ئازادو رزگار کەرە ) بدۆزێتەوە ستەمی بتوانێ وەسفی ( ئەو خۆشەویستی‌یە بکرێ کە لەلایەن ئەو هەرێمانەوەی لە ژێر زەبرو زەنگی شالآوی داگیرکەراندا تووشی چەندین بەلآی ناگەهان هاتوون دەیدرێتێ ، یا ئەو تینوێتیەی بۆ تۆڵەسەندنەوە و ئەو باوەرە نەگۆرو پڕ لە دڵسۆزیە بێ چەندو چوون و ئەو

فرمێسکی سوپاس و ستایشـەی دەیانبینــێ . هەرچی دەرگاهـەن لەروویـدا دەخرێنـە سـەر پشـت و سەرجەمی گەل بەدەم تاعەتکردن و مل بۆ کەچـکردنی رێزلێنانـەوە پێشـوازی لێدەکـەن ، هـەروەکو کەسێك نابینێ حەسوودی پێ بەرێ و هیچ ئیتالیەکیش لە چوونە ژێر ئالاکەیەوە دواناکەوێ .ئەم ژێر دەستی یەی وەحشیەکان لووتی هەموو مرۆڤێك دەچوزێنێتەوە (( میر — بەشی بیست و شـەش ) . رەخنەگرانی مەکیاڤیللی بە هەموو ئەو شتانە نەوەستان ، بەڵکو تەقەلایاندا هەوڵێستی بەرامبـەر بـە ئاینیش بشێوێنن و لەو رێگایەوە توانی‌یان هەست و سۆزی ناسکی خەڵکە ساکارەکە بـە شـێوەیەکی تایبەتی بەتووندی ببزوێنن ،ئەویش بەنیشاندانی لە شێوەی کافرێکی لە دین وەرگەراودا . لە کاتێکدا ( تاوانی ) نیکۆلۆ لەم رووەوە ، لەوە بەولاوە نەبوو کە دەیویست مەسـەلە رۆمانیـەکان نـاوەرۆکێکی سیاسی یان هەبێ و (بۆ بنیاتنانی ژیانی گەل ) و خزمەتکردنی دەوڵەت تەرخان بکرێن [51] هـەروەها ئەو وەهای دەبینی کە چاککردنی باری دەوڵەت بەگۆرینی دڵ و دەروونـی خەڵکەکـە بـەدی نایـەت ، بەڵکو بەگۆرینی دام و دەزگاکانی بەدی دێ . بۆیە دەبینین ئەو نەك تەنیا لەمەسەلەی ئـاین دەدوێ ، بەڵکو باسی گشت پەیوەندیەکانی نێوان خـەڵکی دەکـا وەك خۆشەویسـتی و رق و کینـەو هونـەرو هەموو دیاردەکانی ژیان خۆی ، بە پێی ئەو دەورەی لە کۆمەڵدا دەیگێرێ . راستە کەنیکۆلۆ ئەرکـە ئایینی‌یەکانی خۆی بەجێ نەدەهێنان ، بەلام کافر نەبوو ،بەڵکو وەك هەندێ سەرچاوە دەیسـەلمێنن —(بەپێی نەریتە ئایینی یە ناچارکاریەکان )دەژیا [52] پر بەدڵیش رێزی لـە دامەزرێنـەرانی ئاینـەکان دەناو وای بۆ دەچوو کە ئەوان دەبێ زیاتر لە دامەزرێنەرانی دەوڵەت جێگەی دەسـت بـۆ بەسـنگەوە گرتن [53] بن . جزویتەکان و کەسـانی تـریش ، هـەروەها هەڵوێسـتی مـەکیاڤیللی یـان سـەبارەت بـە چاکەکاری و دڵرەقی بە شێوەیەکی دوورلە هەر بەهایـەکی مـەوزووعی یانـە دەشـێواند . ئـەوان وەك لەوە بەر وتمان ، خۆیانیان لەگشت ئەومەرجانە گێل دەکرد کـە مـەکیاڤیللی لـە هـەموو کتێبەکانیـدا پێ‌ی لەسەر دادەگرتن و چاویان لەو قسە ئاشکراو روونەی ناو (دەمەتەقێ ) کەی دەنوقاند کە دەڵێ : سەر کەوتنی رۆمەکان و گەشەسـەندنیان تـا رادەیـەکی زۆر ئـەنجامی خـۆ بەسـتنەوەیان بـووە بـە چـاکەکاری یـەوە [54] ئەوانـە لەهەڵسـەنگاندنی ئـەم لایەنـەی بیروباوەرەکـانی مەکیاڤیللیـدا ، بـە ئەنقەست ئەوەیان فەرامۆش کردوە کە ئەو لە کردارو رەفتـاری خەڵکـە ئاسـاییەکەی نەکۆڵیوەتـەوە ،بـەڵکو باسـی لـە ئەرکـەکانی سەرشـانی ئـەو حکومرانانـە بـووە کـە هەڵسـووراندنی کاروبـارێکی گەورەوگران و ئاڵۆزیان دەکەوێتە ئەستۆ و کە یەکەمین پێداویستیش لـەم رووەوە،تێگەیشـتنی شـتە بەباری راستەقینەی خۆیداو کە لاخستنی هەستوو سۆز لە پێناوی جێبەجێ کردنـی یـدا بـە باشـترین شێوە. هەروەها نیکۆلۆ ئەم واقیعەی بە شێوەیەکی کاریگەروو روون لێکداوەتەوە ، چونکە ئەوانەی ناتوانن لە کاتی پێویسـتیدا و لـە پێنـاوی بەرژەوەنـدی گشـتیدا لـە نـەریت لابـدەن ( چـاکتر وایـە چ کارێکیان حەز لێ یە بیکەن تەنیا سیاسەت نەبێ ) لەبەر ئەوەی سیاسەت بەلایەوە ( جۆرێکی ئەوتۆ لە چالاکی یەکانی مرۆڤ کە ملکەچی هیچ مەرج و هانـدەرێکی گیـانی یـا خـاوەن سـیمایەکی ئـەدەبی

نی‌یه ) و بەوە لەگشت چالاکیەکانی تری مرۆڤ جیادەبێتەوە [55] جا بەم جۆرە ماکیاڤیللی دەبێتە یەکەمین کەسێك کە تاریفێکی نوێی بۆ مەفهومی دەوڵەت داڕشتبێ .

لە پاڵ ئەو پێوانانەی کە جارەها لاماندایە سەریان ، مەکیاڤیللی بالآترینی ئەو چاکەکاری یانەشی لە خۆگرتوون کە لە کۆری پەیوەندی یە سروشتی‌یەکانی نێوان خەڵکیدا هەن .بۆ نموونە لە میردا وتوویە ( بێگومان ئیمە هەقی ئەوەمان نی‌یە سیفەتی پاکی و چاکەکاری بدەینە پاڵ ئەو کەسەی هاوولآتی‌یەکانی خۆی دەکوژێ‌و ناپاکی لە برادەرو دۆستە کانی دەکاو پشت دەکاتەپەیمانەکانی و بەزەیی‌و دینداری دەخاتەلاوە. رەنگە مرۆڤ بتوانێ لە رێگەی ئەم کردارانەوە بە میرایەتی بگا , بەلآم ناتوانێ بگاتە سەربەرزی –یر –بەشی هەشتەم ) . هەروەها ( ئەو دۆستایەتی‌یەی لەسەر بناغەی کرین و فرۆشتن .هەروەها ( ئەو دۆستایەتی‌یەی لە سەر بناغەی کڕین و فرۆشتن بنیادنرابێ دۆستایەتی‌یەکی ساختەیەو ئەگەر چی بە پارەو پوول دەکرِدرێ بەلآم جێگەی باوەرو موتمانە نابێ لەو بابەتەیەکە هە هێندی پێوستیت پێی هەبوو وەك نەبوونێ وەهایە –میر– بەشی حەڤدەیەم).بەلآم میر لە سەری پێوستە وەك وتم ( ئەگەر بۆی لوا با پشت نەکاتە خێرخوایی , بە مەرجێك کە ئەگەر تەنگەتاوو ناچارکرا, کۆلە شەرخوایی نەکاتەوە) لەگشت حاڵەتێکیشدا بۆ چوونی مەکیاڤیللی لە هەڵسەنگاندنەکانیدا , هەر وەك هەڵسەنگاندێکی رووت دەمێنێتەوە. چونکە دەشیێ( ئەوەی وەك چاکەکاری دێتە پێش چاو) لە هەموو وەختێکدا چاکەکاری نەبێ, لە بەر ئەوەی ( دەگونجێ‌ماڵوێرانیی لێبوەشێتەوە) , یا ئەوەی لە باری سەرنجێکی ئاسایی‌یەوە وەك خراپەکاری دێتەپێش چاو , لەباری سەرنجێکی سیاسی‌یانەوە وەها نەبێ, بە تایبەتی ئەگەر بووە هۆی ( زامن کردنی ئەمن و ئاسیش و سەرکەوتن) .بۆیە ( ئەو میرەی بۆ فێربوونی چۆنێتی کردار وکرەوەی ئاژەڵخۆی بەناچاری دەبینێ , پێوستە لە یەك کاتدا لاسایی رێوی و شێریش بکاتەوە, چونکە نە شێر دەتوانێ خۆی لە تەڵە بپارێزێ و نەرێوی یش دەتوانێ لە رووی گورگاندا پارێزگاری لە خۆیبکا .لە بەر ئەوە ناچار دەبێ ببێتە رێوی تا تەڵە بناسێتەوەو ببێتە شێر تا گورگ بتۆقێنی –میر – بەشی هەژدەیەم). لە هەموو ئەوەی باسمانکرد, رای مەکیاڤیللیمان بە ئاشکرا بە روونی بۆ دەردەکەوێ‌کە : مرۆڤ دەتوانێ خۆی لە جیهان سیاسەت بە دووربگرێ و ئەوسا بە پێی پێوانە بالآکانی رەوشت و رەفتارو بەبێ ئەوەی بەموو لێیان لابدا هڵبسووڕێ و بگرە لە سەری پێوست دەبێ وەها بکا . بەلآم ئەگەر چووە گێژاوی سیاسەتەوە, ئەوا دەبێ لە ژێر رۆشنایی یاساکانیدا هەڵبسووڕێ . ئەگەرچی مەکیاڤیللی تەنانەت لێرەشدا , ئەوەی لە میرە نۆی‌یەکەی خۆی نەخواستوە شتێك بکا کە جارەهای جار رووی نەدابێ . ئەو ( حەکمڕانەکانی ئەورووپای بەد رفتار) نەکردوە وەك دەوترێ, بەڵکو زۆر ئاسایی کردارو رەفتارەکانیانی وەك بە تەبیعەت هەن لێکداونەتەوە [56] یا بە واتایەکی ورتر ئەو سەیری مرۆڤی حاکم بێ یا مەحکوم , وەها نەکردوە کە دەبێ‌هەبێ‌و بەڵکو وەهای تێڕوانیوە کە هەیە . بۆ نموونە لە ( میر) دا کە زیاتر لە هەر کتێبیکی‌تری

تاوانبـار دەكـرێ. هـەمان وێنـەی تـەڵخی بـاری كۆمەڵایـەتی دەبینـرێ كـە سـەدان فەیلەسـووف و رووناكبیری لەوەبەرولـەوە پـاش مـەكیاڤیللی ئیشـارەتیان پـێ داوە. هـەر وەكـوو ئـەو سـەردەمەی نیكۆلۆ تیایدا دەژیا , سەردەمی فرت و فێڵ و پیلانگێران و ئیرهابێكی ئەتۆ بوو كـە گشـت كووچـە و كەل و قوژبنێكی ئەورووپای دینی و دنیایی و بگرە رۆژهەڵاتی ئیمەشی گرتبووەوە. پێش پەیدابوونی مـەكیاڤیللی بـە چـەند سـەدەیەك پادشـای ئەڵـەمانیایی ئۆتـۆی یەكـەم (912–973) لـە هـەڵس و كەوتیدا لەگەڵ سەردار و تیرەكان و لە گەڵ ئاییندا لە ناوەملەكەتەكەی خـۆی و ئەوناوچانەشـدا كـە داگیری دەكـردن, هـەموو لـەم ئامۆژگارییانـەی مـەكیاڤیللیی پـەیرەو دەكـردن. خـۆ ئەگـەر سـیزار بۆرجیای قارەمانەكەی مەكیاڤیللی , سێ جـار خوشـكەكەی خـۆی بـۆ ئامـانجی سیاسـیی رووت بـە شوو دابێ , ئەوا ئۆتۆش پێش ئەو بـە پێـنج سـەد سـاڵ, تـەنیابۆ ئـەوەی نازنـاوی پادشـای ئیتالیـا وەربگرێ ,بێوەژنەكـەی ئەوپادشـایەی لـە خـۆی مـارەكردوە , هـەروەكو بـە بیـانووی گەراندنـەوەی پاپاوە بۆ سەر تەختەكەی دوای دەركردنی لە لایەن خەڵكی رۆماوە, شالاوێكی بردە سـەر شـارەكەو پاپا دەركراوەكەی گەراندەوە شوێنی خۆی كە ئیتر لەو ساتەوە كردییە داشـێكی دامـە بـە دەسـت خۆیەوەو بەپێی ئامانجەسیاسـییەكانی , چۆنی دەویسـت وەهـای هەڵدەسـووڕاند .لەوانـە پاپـا لـە ساڵی 962 دا تاجی ئیمپراتۆرێتی بەخشـی كـەبووە سـەرەتای سـەرهەڵدانی ئیمپراتـۆرێتی پـیرۆزی رۆمانیا یا سیاسەتی پادشـا كـەیتری ئـەڵمانیا ئیمپراتـۆری ئیمپراتـۆرێتی پـیرۆزی رۆمانیـا فردریـك باربارۆسا ( 1125–1190) لە هەندی درێژكاریدا نـەبێ, دەنـا هـیچ جیاوازییـەكی لەگـەڵ ئـەوەی پێشوویدا نەبوو. یا پادشای فەرەنسایی شارلی گەورە ( شـارلمان 742–814) مەسـیحییەتی هـەر بەو شێوەیە كردە هۆیەك بۆ چەسپاندنیمەملەكەتیكەی كە مـەكیاڤیللی دوای نزیكـەی حـەوت سـەد ساڵ بە نموونەیەكی بالای دایە قەڵەم . بەلاّم لە سـەردەمی مـەكیاڤیللی كـە ( هێـزو تەڵكـەبازی بـوو بوونە كلیلی سەركەوتن) و ناوی نرابوو ( سـەردەمی فـرت و فێـڵ و سەركێشـی ) [57] دەربەگـەكانی ئەڵەمانیا هێشتا ( میر) یان نەخوێندبووەوە و وەختێ لە ژێر پەردەی ئاییـندا بزووتنـەوە مەزنەكـەی جوتیارانیان ( 1524–1525) نوقمی دەریایەكی خوێن كردو نزیكەی سەد هـەزار كەسـیان كوشـت كە تاوانی گەورەیان جەسارەتی داوا كردنی تۆزێ سووك كردنـی بـاری كڵۆڵی و كەساسـییان بـوو . هەروەكوو گەڵی لە پاپاكان لـە سـەردەمی ئـەوو پـێش ئـەوو دوای ئـەودا لـە تەڵەكـەبازی و دڵڕەقـی بـــەولاوە شـــێوەیەكی تریـــان بـــۆ مامەلـــەكردن لـــە لا نـــەبوو . دەتـــوانرێ دەیـــەها نموونـــەی مەكیاڤیللیستییانەی تر لە مێژووی بەر لەمـەكیاڤیللیدا بهێنرێنـەوە . بگـرە دەزگا جزویتیـیە [58] سەر گەرمەكە بۆ كاسۆلیكییەت كە بەشێكی گەورەی گوناهی زڕانـدنی نـاوو ناوبـانگی مـەكیاڤیللیی دەكەوێتـە ئەسـتۆ , خـۆی پـتر لەهـەر لایـەنێكیتر بـە مەكیاڤیللییـەت تاوانبـارە, چـونكە هـەر لـە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە ساڵ 1534 دا دروشمـی ( ئامـانج بـوار بـە رێو شـوێن دەدا لـە هـەر چەشنێك بن )ی گرتبوو خـۆی. لـە رۆژهەڵاتیشـدا زۆربـەی سـوڵتانەكانی عوسمانییـەكان, بێئـەوەی

ناوی مەکیاڤیللی یا ناوبانگی ( میر) یان بیسبیّ ,ئامۆژگاری‌یەکانی ئەویان بە جۆرێکی شێواو پەیڕەو دەکرد . بۆ نموونەسەلیمی یەکەم بە یاریدەی ئینکیشاری‌یەکان , لە ساڵی 1512 دا بایەزیدی دووەمی باوکی لە سەر تەخت لاداو وەك کورێکی ( وەجاخ روونکەرەوە) ,ئەو داخوازی‌یەی باوکی جیّبەجیّ کرد ماوەی بدا بچیّ لەو شارە دابنیشیّ کە تیایدا لە دایك بوو بوو , بگرە هیندە بۆی ( بەوەفا) بوو کە تا ئاستی شوورەی پایتەختی مەملەکەتەکەشی , بەری‌ی بکا و ئیتر تەنیا دوای رۆژێك یا دوو رۆژ بمریّ . سەلیم بەوەشەوە نەوەستا بەڵگوو بە بەهانەی زامن کردنی‌ئاسایشی مەملەکەتەکەی , بە رەچەڵەکی هەموو برا گەورەکانی‌و منداڵەکانیاندا چووە خوارەوە هەروەکو بە یەك جەزرەبە چل هەزاری لی شیعەکان ئەنازۆڵ قەلاچۆ کرد , دوای ئەوەی فەتوایەکی بەشیخی ئیسلام بۆ سەلماندنی ئەو کارەنەگریسەی دەر کردز بۆیە سەلیم بە هەقیانەت لەقبی یاوز واتە سامناك یا تۆقێنەری وەرگرت. هەروەها دەسیسەو پیلان لە لایەن دەستەو دایەرەی ژنانەوە کارێکی وەها کرد سەلیمی دووەمی مەی خۆری بەدمەست وناشیاوترینی کوڕانی سلیمانی قانوونی,ببێتە میراتگیری تەختی پادشایەتی‌ی ئەو باوکەی بە جەدارەتەوەلەقەبی قانوونی‌ی لە رۆژهەڵاتدا و مەزنی لە رۆژئاوادا لیّنرا بوو. خۆ مرادی سیّیەم سفتاحی سەردەمی خۆی بە کوشتنی هەر پێنج براکەی لە ساڵی 1574 دا دەسپیکردو کورەکەیشی محمدی سیّیەم ( لێهاتوویی‌یەکی) گەورەتر لەوی نواند , وەختێك هەر لە رۆژی مردنی باوکیدا لە ساڵی 1596 دا فەرمانی‌دا هەر نۆزدەبراکەی بخنکێنرێن و لەیەك کاتیشدا لە تەك باوکیدا لە مزگەوتی ئایاسۆفیادا ناشتنی و کۆری تازیشی بۆ سازدان کە بە دەمی‌یەوە نیشانەی دلگوشراوی و خەفتباری بۆ ئەو ( قوربانی‌یە)گەورەیەی لە پێناوی ( سەر بڵندی) ی ئیمپراتۆرێتە نەمرەکەدا دابووی بەرۆکی روخساری بەر نەدەدا. جا لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە کایەوە کە ئایا لە گشت نووسینەکانی مەکیاڤیللی هیچ شتێکی وەهایان تێدایە بەهانەی رەوا بۆ ئەم جۆرە کردەوانە بهێنێتەوە کە کەسانی تر هەوڵیان داوە بەهانە ئەگەر بۆ هەمووشیان نەبیّ بۆ زۆربەیان بهێننەوە؟ پێش ئەوەی کۆتایی بەم باسە بێنین , پێوستە ئیشارەت بە راستی‌یەکی گرنگی تر بدەین کە پەیوەندی پێوە هەیە , ئەویش ئەوەیە کە لە سەردەمی مەکیاڤیللیدا وڵاتە ئەوروپایی‌یەکان یەکیان دەگرت و بە رێگای یەکگرتندا گیروگرفتەکانی خۆیانیاندەبراندەوە . لە کاتێکدا گیروگرفتەکانی ئیتالیا تا دەهات دەئالۆزاو پەرت پەرت بوونەکەی قووڵتر دەبووەوەو ئەمە مەسەلەی یەکگرتنە نەتەوایەتی‌یەکەی لێدەکردە تارمایی‌یەکی ئەوتۆ کە لە ئاسۆی دووریشدابەدی‌نەکریّ . جا هەر توندوتیژی‌ی ئەو گیروگرفتارانە بووکە دەبووە مایەی توندوتیژی‌ی شێوەی چارەسەرکردن و دەربڕین لە لای کەسێکی وەك مەکیاڤیللی کە وەنەبیّ تاقە رووناکبیرێکی ئیتالیاییش بووبیّ لەم رووەوە لە هاو وێنە ئەوروپایی‌یەکانی جیاواز بووبیّ بۆ نموونە بۆ چوونە سۆشیالیستی‌یە ئایدیایی‌یەکانی کامبانیلا , زۆر لە بۆ چوونەکانی پێشەنگی ئایدۆلۆچیای سۆشیالیزمی‌ئایدیایی تۆماس مۆری ئینگلیزی شۆرشگێرانەتر بوو . هەروەکو هەڵوێستی زانا و

فەیلەسووفی ئیتالیایی جۆردانۆ برۆنۆ لە بەردەم دادگا کانی پشکنیندا ، هێندە ئازایانە بوو کە وێنەی لە لای هیچ کام لە زانا ئەوروپیەکانی سەردەمی راپەرینی وەك کۆبەرنیکۆس و کەسانی تر نەبوو . ئەو دوای هەشت ساڵ ئازاردانی دربندانەی بەردەوام ، لەرووی دادگا ئەم قسە نەمرەی کرد : وادیارە ئێوە بەترسێکی گەورەترەوە لە وەی لای من دروست دەبێ ، بریارەکەتان دەردەکەن !) لە گشت ئەوەی باسمان کرد بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ کە کڵێسە دڵرەقانە دژ بە مەکیاڤیللی و بیروباوەرەکانی رادەوەستا.چونکە ئەو جەزرەبە یەك لەدوای یەکانەی لەو سەردەمەدا بەر کڵێچسە دەکەوتن شێوەیەکی پر مەتر سی تریان لە لای کۆن خوازەکان دەدا بە بیرورا واقعیی یە لە رووەکانی مەکیاڤیللی لە چاو بیروڕای تردا بۆیە تەقەلایەکی زۆریان بۆ شێواندنیان دەدا . ئەوان لەپاڵ قەدەغە کردنی کتێبەکانی و سووتاندنی نمونەی جەستەیدا ، هەندێ لە کارگێرە ئاینییەکانیش چەندین کتێبیان بۆ هێرش بردنە سەر مەکیاڤیللی داناو تەرخان بوون بۆ زراندنی ناوو شێواندنی بیرو باوەرەکانی .سەیریش ئەوەیە حوماسەتی پرۆتستانتەکان بۆ دوژمنایەتی کردنی نیکۆلۆ هیچی لە کاسۆلیکەکان کەمتر نەبوو کە ( جزویتێکی قیناع پۆش ) [59] یان دەدایە قەڵەم ، ئەمە لەگەڵ چاوپۆشی کردن لە یەکگرتنەوەی تەواویاندا لەو رەخنانەی ئاراستەی پاپایەتی یان دەکردن . ئەم هەڵوێستەی پرۆستانتەکان ئەنجامی چەند رەفتارێك بوو کە لە لایەن هەندێ حوکمرانی مەکاڤیللیستەوە دژیان دەکران ، وەك لە دواییدا روونی دەکەینەوە . جا ئەو کتێبەگەورەیەی کە گانتێی سەرگەرمی کالڤنیزم لە ساڵی 1576 دا بە زمانی فەرەنسی بە ناوی ( دژی مەکیاڤیللی ) [60] یەوە دایناوە ، سەرلیستەی ئەو کتێبانەن کە تا رادەیەکی زۆر لە وەختێکی زووەوە لە وڵاتە ئەوروپاییەکاندا کاریان کردە سەر ناوو ناوبانگی مەکیاڤیللی [61] . ئیتر هەر لە و وەختەشەوە زاراوەی مەکیاڤیللیزم بۆ یەکەمجار سەری هەڵداو بە فراوانی و بە خێرایی لەگەڵ مەیدانی ئایدۆلۆژی و سیاسی ی جۆراوجۆر داو لەگەڵیاندا شانۆگەری یە ئەوروپاییەکانیش ، دەس کرا بە بەکارهێنانی .

3–شانۆی ئینگلیزی :

شانۆی ئینگلیزی لە سەردەمی ئەلیزابیسدا دەورێکی گەورەی لە زراندنی ناوی مەکیاڤیللیدا گێرا ،کۆمەڵگای ئینگلیزی یەکەم باری سەرنجی دەربارەی مەکیاڤیللی و کتێبەکانی لە نێوان ئەو نوسینە دژکارانەوە لا دروست بوو کە بە شێوەیەکی تایبەتی گەمارۆی بیروراکانی دووتوێی (میر) یان دەدا ، بۆ نموونە کتێبەکەی گانتی لە ساڵی 1577 دا کراوە بە ئینگلیزی ، لە کاتێکدا ( دەمەتەقێ ) لە ساڵی 1636 و ( میر ) لە ساڵی 1640 دا کراون ە ئینگلیزی [62] لە بەر ئەوە ئاسایی بوو کەرایەکی ناواقیعی دەربارەی نیکۆلۆو بیروباوەرە سیاسیەکانی لەنێو رۆشنبیراندا باوبێ و ئینجا لەشانۆی ئینگلیزیدا بە روونی رەنگ بداتەوە و لە سەردەمی ئیلیزابیسی یەکەمدا بگاتە پۆپەی ، وەك ئەوەی لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی ی ئەو پلەیەدا کەی ئێستاش بە فراوانی بە چەندین زمان بڵاودەبنەوە , 395 جار بە ناشایستەیی ئیشارەت بە مەکیاڤیللی و بیروراکانی دراوە [63] . لەوانە

شاعیرو شانۆگەری نووسی ناسراو کریستۆفەر مارلۆ (1564-1593) کە باری سەرەنجی سەبارەت بە کلێسەو هەڵسەنگاندنی ژیان و ئەندیشە و ئازار بە دەس چاودێرکاریەوە لە گەڵ مەکیاڤیللیدا چۆن یەك بوو , لە شانۆگەرییەکەیدا ( جوولەکەی ماڵتە) وێنەیەکی شێواوی سەبارەت بە نیکۆلۆ پێشکەش کردوە بە بێ ئەوەی راستەو خۆ ئاگاداری بیروباوەرەکانی بووبێ چونکە (میر) دوای مردنی ئەو بەنزیکەی نیو سەدە ئینجا کراوە بە ئینگلیزی . هەروەکوو شانۆگەری نووسی گەورەی هاوچاخی مارلۆ شکسپیریش (1564-1616) هەروەهای کردوە لە شانۆگەری ی (ژنانی ویندسوور) دا زاراوەی مەکاڤیللیزمی بەکارهێناوە لەکاتێکدا جوتبونێکی تەواو لە نێوان بیرو باوەری شکسپیرو مەکیاڤیللیدا هەیە ، بە تایبەتی لە رووی هەڵسەنگاندنی جکومی ( متلق ) ەوەو بگرە باری سەرنجیشیان بەرامبەر بەمرۆڤ . گومانی تێدانیە کە رای ناشایستەی ئینگلیزەکان ەرامەر بە مەکیاڤیللی جێ پەنجەیەکی ئاشکرای بە رووخساری ئەو بیرورایەوە جێ هێشت کەی سەبارەت بەو بووە باو ، بەتایبەتی لە ولاتانی رۆژهەلاتدا کە پەیوەندی ی راستەوخۆیان لەگەڵ رۆشنبیرانی ئینگلیزیدا پەیدا کردو بەزۆری لەرێگەی ئەوەوە ئاشنای راپەرین بوون ، هەروەکو پتر لەرێگەی زمانی ئینگلیزیەوە شارەزایان دەربارەی مێژووی حکومرانە مەکاڤیللستە ئەوروپاییەکان پەیدا کرد .

4- مەکاڤیللیستەکان

حوکمرانە مەکیاڤیللیستەکان دەورێکی ئەو تۆیان لە زراندنی ناوی نیکۆلۆدا گێراوە کە لە خراپیدا هیچی لە دەوری جزویتەکان کەمتر نەبووە . چونکە ئەوان ئەو بابەتەیان لە بیروراکانی مەکیاڤیللی هەڵبژارد کە بۆیان دەگونجا و ئیتر بەزۆری ئەو مەرجانەیان پشت گوێ دەخستن کە بۆ کۆدارو رەفتاری حکومرانانی دانابوون . بۆ نمونە ژنە پادشای فەرەنسایی و بە نەژاد ئیتالیایی کاترین میدیتچی (میر) ی بە کتێبی پیرۆزی خۆی [64] دادەنا ، بەبێ ئەوەی وەك لەهەڵسوکەوتی خودی خۆیو سیاسەتە گشتیەکەیدا دەردەکەوێ ، بیروباوەرەکانی بگرێتە خۆی .بەلام دڵ مەستیەکەی بەرامبەر مەکیاڤیللی هاندانی بۆ بلاوکردنەوەی ( میر) بەس بوون بۆ لەقەڵەم دانی ( لە قەڵەم دانی مەکیاڤیللی ) کە بەر پرسیارە لەو کارە نەگریسەی کاترین کردی ، وەختێك لەساڵی 1572 دا بەشێوەیەکی نامەردانە ، لە شەوێکدا کە پرۆتستانتە فەرەنساییەکان بە بۆنەیەکی ئاینیەوە لە (سان برسلۆمیۆ ) دا ئاهەنگیان دەگێرا ، قەسابخانەیەکیان بۆ نانەوە کە ئەوە بوە هۆی هەڵرشتنی لێشاوی رق و کینە لە لایەن پرۆتستانتەکانەوە بەسەر مەکیاڤیللیدا . ئینجا ئەوە بوو دوای ئەو کارە ساتە بە تەنیا پێنج ساڵ ، گانتی کتێبەکەی خۆی (دژی مەکیاڤیللی ) ی دەرکرد تیایدا نەك تەنیا تاوانی قەسابخانەکەی خستە ئەستۆی ئەو ، بەڵکو بەرامبەر بە هەموو خراپەکاریەکانی پادشاکانیفەرەنسا ، هنری‌ی دووەم و شارلی نۆیەم و هنری سێیەم بەرپرسیای کرد [65] هەر وەکو رەنگە ماکیاڤیللی تاقە قوربانی دەستی کاسۆلیکی یەتیش بێ کە پرۆتستانتەکان نەك هەر

پارێزگاریـان لێنــەکرد ، بــەڵکو زۆر بەئاســانی بــەوەش گوناهباریــان کــرد کــە( مامۆســتای پاشــا کاسـۆلیکەکانە) [66] یـا پادشـای بروسـیایی فردریکـی گـەورەی بـەناوبانگترین مەکیاڤیللیسـت ، بـە حوماسەتێکی سـاختە وە دژایـەتی مـەکیاڤللیی ی دەکـرد . پـێش ئـەوەی بێتـە سـەر حـوکم ، لـەو نامانەدا کە بۆ ڤۆلتێری روناکبیری فەرەنسایی دەنـاردن و لـە سـەر دەسـتووری پادشـاو میرەکـانی ئـەوروپا کــە تەقــەلایان دەدا خۆیــان لــە بــەرگێکی گونجــاو لەگــەڵ نــەریت و بــەهای ســەردەمی رووناکبیریـدا بنـوێنن ،هێرشـی دەبـردە سـەر مـەکیاڤللی . لـەو ساڵەشـدا کـە چـووە سـەر تـەختی پادشـایەتی ، کتێبێکـی بـەناوی (دژی مـەکیاڤللی ) یـەوە [667] دەرکـرد کـە تیایـدا نیکۆلـۆی بـە ( پارێزگاریکەر لە تاوان ) و بەیەکێك لە ( ناگەهانی شەیتان )ی [68] ناو برد هەروەها فریدریك لە هەمان کتێبدا نوسیویە کەمەکاڤیللی ئامانجی لە بیروراکـانی دامەزرانـدنی ( حکومـەتێکی زۆرداری غـەدداری چاوچنۆك ) و هەڵگیرساندنی ( جەنگی ناعادیلانە ) بووە .جا ئەگەر چی مەکگاڤیللی لـە هـیچ یـەکێك لەکتێبەکانیدا بانگی بۆ ئەم جۆرە شتانە رانەهێشتوە ، بەڵام فریدریك خـۆی لـەماوەی چـل و شـەش ساڵ حکومرانی کردنیدا زۆر لەوە زیاتری کردوە وەك یـەکێك لەمێـژوو نووسـان ووتـوێتی ، هـەر ئـەم جۆرە شتانەی بوو (کەلەدواییدا فریدریکی گەورەیان کردە پیاوێکی ناو دار ) [69] دەبێ ئەوەش بڵێین کە فریدریك لە زۆر رووە وە لە سیزار بۆجیاو بـە تایبـەتی لـە پاپـا ئەلیکسـاندەری شەشـەمیباتوکی دەچوو .ئەو زۆرداریەکەی لە حکومرانی کردنیدا گەیشتە رادەیەك ماوەی نەدا هـیچ وەزیرێکـی هـەبن بۆ ئەوەی — وەك لافی لێدەدا — مووچـەکانیان بەسـەر خەزێنـەوە نەبنـەبار ، کـە چـی خـۆی بـەبێ حیساب پارەی بۆ دروستکردنی کۆشك و تەلار بۆ خۆیو دەست و پێ وەندەکانی سەرف دەکرد . یا لەکاتێکدا کە ناتوانرێ نە لە دوو توێی (میر) و نـە لـە هـیچ کتێبێکـی تـری نیکۆلـۆدا تـەنیا یـەکجار ستایش کردنی حوکمی تاکەکەسی ببینرێتەوە کەچی لای فریدریك ئەمە گەیشتە رادەیـەك کەبەتـەنیا خۆی سەر پەرشتی ی سەرجەم کاروبارەکانی دەوڵەتی دەکرد و مەیتەرەکەشی بەخوێندنـەوەی ئـەو نامەو نوسراوانەی بـۆی دەهـاتن کەلـەکاتی بەرەبەیانـدا دەیخوێندنـەوە یاریـدەی دەداو لـە سـەعات حەتـدا ئـەوەی بـەرای خـۆی بـە پێویسـتی بزانیایـە کـە پادشـا دەبـێ بیانبینـێ ، بـۆی دەکۆدنـە پریاسکەیەکی گەورەو دەیخستنە بەردەمی . یا هەیر چەندە مەکیاڤللی داوای بایەخدانی بە سوپای نیشتمانی دەکرد ،بەلام قەت ئامۆژگـاری ی ئـەوەی نـەکردوە کـە مـیرە نمونەییەکـەی 80٪ داهـاتی دەوڵـەت بـۆ کاروبـاری جـەنگ و بـەرگری تـەرخان بکـا وەك فریـدریکی گـەورەدەیکرد . لـە راسـتیدا رەوانترین وتـە دەربـارەی کتێبەکـەی فریـدریك ئەوەکـەی ڤـۆلتێرە کـە وتوویـە : ئەگـەر مـەکیاڤللی شاگردە میرێکی [70] هەبووایە ئەو ئامۆژگارییەی دەدایە کە ئەکەم ئەرك و پێویست بێ بـەێی بێنـێ دەبێ دانانی کتێبێك بێ دژی مەکیاڤللی [71] ) جا بەراستی فریدریك بەراستی نـاو بـانگی خـۆی بـەم کتێبە دەست پێکردوو رەنگیشە بەوە بووبێتە دوا کەسێك کە (مێژوو مـاوەی دابـێ وێنـە راسـتگۆیی بشێوێنێ )و [72] بەو نەگریسی یەش . بەڵام ئەوە ئەو راستیە ناشارێتەوە کە فریدریك بووە لەوانەی

له چەسپاندنی نەریتێکی ناواقیعیدا بەرامبەر بە مێژوو نووسی گەورەی سەردەمی راپەرین بە شدار بووە .

5- لاسایی کردنەوە :

ئەو هێرشە فراوانانەوی لە سەدەی شازدەیەمدا کرایە سەر مەکیاڤیللی ، بووە هۆی دروست بوونی باری سەرنجێکی ناشایستە دەربارەی و بەشێوەیەکی نامەوزوعی یانە ئەم نەوە بەم نەوەی رادەگەیاند .زۆربەی ئەوانەی زاراوەی ماکیاڤیللیزم بە کاردەهێن کتێبەکانی نیکۆلۆیان نەخوێندۆتەوە ، یا لە چاکترین حاڵەتدا تەنیا بە خوێندنەوەیەکی رووکەشی (میر) داکەوتوون کە نەك بچوکترین کتێبەکانیەتی ، بەڵکو و نیسبەتێکی زۆر کەمی نووسینەکانی پێك دەهێنێ ، ئەمە جگە لەوەی کەتەنانەت (میر) خۆیشی( وەك زانیاری نەك وەك پرۆپاگەندە )[73] پێویستی بەلێکۆلینەوەیەکی قوڵی کۆششکارانە هەیەو بگرە هەندێ لەمێژوو نوسان دەڵێن کە (میر ) دەبێ لە جارێك زیاتر بخوێنرێتەوە ( یەکەم جار رووکەشی کە دەبێتە هۆی –بوغزاندنی – نووسەرەکەی و دوەمجار بەوردی کە نیازو مەبەستی راستەقینەی روون دەکاتەوە )[74] لاسایی کردنەوەی کوێرانەو پشت گوێ خستنی تەواوی کتێبەکانی مەکیاڤیللی ، بوونە هۆی ئەوەی خەڵکەکە نەتوانن خۆبەخۆی خۆیان ئاشنای ئەو بیروڕایانە ببن کە نیکۆلۆ بە دڵسۆزیەوە بانگی بۆ رادەهێشتن . هەر مرۆڤێك ئەگەر هات و بەبێ بوونی فیکرەیەکی حازر بە دەستی پێشکرد لە لای ، دەستی کردە خوێندەنەوەی ( میر) و بە تایبەتی ( دەمەتەقێ) ئەوا بەئاسانی دەرك بەوە دەکا کە مەکیاڤیللی جەمهووریەت خوازبووە پتر لە وەی لایەنگیری حوکمێکی زۆردارانەی تاکەکەسی بووبێ ئەو هەر لەسەرپشتی بێشکەوە بە ئاوو هەوایەك پەروەردە بووەو نەشونمای کردوە کە بیرو باوەڕی جەمهووریەت خوازانەی تێدا باو بووە , چ لە شەقامەکانی شارەکەی فلۆرنسادا بووبێو چ لە ناو چوار دیواری ماڵەوەیدا کە باوەکی و باپیری لە هەرە سوار چاکانی جەمهووریەت خوازان بوون. هەروەها ئەو بە دڵسۆزیەکی بێپایانەوەو بە باوەرێکی هۆشیارانەوە, خزمەتی رژێمی جەمهووری لە فلۆرنسادا کردوەو لە هەڵسەنگاندندا بە ( حکوومەتیگەل) [75] ناو بردوە. تاقیکردنەوەکانی مێژووی دێرینیش وایان فێر کردوە کە بە هێزیو مەزنی رۆما زیاتر لە هەر شتێکیتر لە رژێمە جەمهووریەکەیدا بووە , چونکە لە ژێر سێبەریدا , لیهاتوویی نەك میراتگری , ساغی دەکردەوە کە دەبێکێ هەقی چوونە سەر دەزگا حوکمڕانیکردنی هەبێ . لە بەر ئەوە مەکیاڤیللی بە ئاواتی ژیاندنەوەی ئەو رژێمەوە بوو کە بە ( بە روونی) لە ( میر) و بەتایبەتی لە( دەمەتەقی )دا دەردەکەوێ وتەنانەت رۆسۆ ( میر ) بە کتێبی جەمهووریەت خوازان دادەنێ [76] . مەکیاڤیللی سەرکەوتنی رژێمی جەمهووری بە رادەی هۆشیاری خەڵکەکە و لە خۆگرتنی رەوشت و رەفتاری چاکەکارانەوە بەستۆتەوە. بەلام لە حاڵەتی گەندڵی و بەرەڵلاییدا وەك لە زۆربەی وڵاتەکانی ئەوروپا و لە سەروویانەوە ئیتالیا دا رووی دابوو, مەکیاڤیللی وای دەبینی دەبێ حوکمێکی دکتاتۆرانەی

ئەوتۆیان تێدا دا بمەزرێنرێ کە بتوانی ببرای ببر کۆتایی بە گشت شێوەکانی ئەو ئاژاوەگەرییە بهێنێ کە وێرانکاری بە گەڵ و نیشتمان دەبەخشن. ئەو لەم رایەشیدا لە زۆربەی ناودارەکانی تری سەردەمی راپەرین جیا نەبۆتەوەو لە ( منتق ) ی مێژوو دەرنەچووە کە لەو پلەیەیدا , سەرهەڵدانی چەندین رژێمی حوکمڕانی کردنی ( متلق)ی ئەوتۆی سەپاند کە لە پاشاندا گۆرانو بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵگایانی ئەوروپایان کەوتنە ئەستۆ سەر هەڵنەدانی ئەو جۆرە رژێمە لە ئیتالیا , بە گرنگترین هۆی دواکەوتنو پەرت بوون و بێ هێزەییەکەی لە رووی ئەو جۆرە دەوڵەتە ئەوروپاییانەدا دادەنرێ کە سەرکەوتووانەرژێمە ( متلق ) یان تێدا دامەزرێنرابوونز جا فاشی ونازییەکان دوا کەسانێك بوون کە تەقەلایاندا بیرباوەڕە جەمهوورییەت خوازەکەی مەکیاڤیللی پشت گوێ بخەن و خۆیانی لێ لابدەن.

6- فاشییەت و نازییەت:

فاشییەکانی ئیتالیا و نازییەکانی ئەڵەمانیاش لە بۆچوونی تەنگەبەری خۆیانەوە بایەخیان بە مەکیاڤیللی داو لە بەر ئەو رۆشنایی و بۆ چوونەدا هەوڵیاندا بیروباوەرەکاننی سەر لە نوێ لەچوار چێوەیەکی تەسکی رووتدا لە قالب بدەنەوە, ئەمە لە کاتێکدا کە شکاندنی ئەو تەوقەی ئاڵێنرابووە نیکۆلۆ کۆششێکی زۆرو تێپەربوونی رۆژگارێکی دوورو درێژی پێوست کردبوو . ئەوە بوو ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی ئەڵەمانیا و ئیتالیا چەندین کتێبی نوێ یان دەربارەی مەکیاڤیللی دانا کە بە شێوەیەکی ناڕەوا پێیان لەسەر دەخست کە پەیوەندی یان بە بارودۆخی کات و شوێنەوە هەبووە. بۆ نموونە مۆسۆلینی وای داناوە گوایە مەزەبی مەکیاڤیللی سەبارەت بە حوکمی زۆردارانە ( ئەمرۆش و دوای چوارسەدە هێشتا هەر زیندووە) .[77] ستایش کردنی مەکیاڤیللی لە لایەن نازیر فاشییەکانەوە گەیشتبووە رادەیەك کە هێتلەر کتێبی ( میر) ی لە سەر مێزەکەی لەبەر دەستیدا دا نابوو , دەشوترێ هەموو شەوێك پێش نوستن سەر لەنوێ بەشێکی لێدەخوێندەوە . بەلاّم مۆسۆلینی لێکوڵینەوەیەکی دەربارەی ( میر) نووسی و دوکتۆرای پێ وەرگرت. ئەو ( میر) ی بە ( هاوەڵی هەمیشەیی حوکمڕان دادەنا ) . لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ نووسەری گەلەکەیان دەرکیان بەوە کرد کە ئەو لەخۆگرتنە نامەوزووعییەی بیروباوەڕەکانی مەکیاڤیللی لەلایەن نازییەکان و فلشییەکانەوە , بە بارێکی ناشایستەدا کار دەکاتە ناوو ناوبانگی مەکیاڤیللی , بۆیە لە رووی ئەم هەلوێستەدا راوەستان و لە سالآنی سییەکاندا کەوتنە روونکردنەوەی ئەو لایەنە گەشانەی بیروڕاکانی مەکیاڤیللی کە هیچ شتێك لە گەڵ هەلۆێستەکانی هێتلەر و مۆسۆلینیدا کۆی نەدەکردنەوە.

## کەم و کووڕییەکان

گومانی تێدانی‌یە ئەو هۆیانەی نیشانماندان , بۆ زراندنی ناوو ناوبانگی هەر رووناکبیرێك لە جیهان شێواندنی بیروڕاکانی سەروزیاد بوون. هەر وەکو و دەبێ بوترێ کە ئەوانەی تەقەلای زەفەر بردنیان بە مەکیاڤیللی داوە دەستیان نەخستۆتە سەر کەم و کووری‌یە راستەقینەکانی و لایەنە لاوازەکانی بیروباوەڕەکانی . ئەو پیاوە وەك هەر یەکێك لە ناودارانی سەردەمی رایەڕین و وەك یەکێك لە نەوەی سەردەمی خۆی وەنەبێ لە هەموو ئەو کاروبارانەدا کەلێ یاندواوە راستی پێکابێ ، بە تایبەتی ئەوێك کە لە دەست بۆ بردنی چەند باسێکی ئەوتۆدا پێشەنگ بووە کەلە باسە هەرە ئالۆزەکانی بوون .

مەکیاڤللی لە بیروراکانیدا ئایدۆلۆژیای بورجوازی‌یەتی گەشەسەندوی زیادخوازی دەنواند . ئەو لە نوسینەکانیدا ستایشی بازرگان و پیشەدارە دەس رۆیشتووەکانی شارنشینەکانی ئیتالیای دەکردو ناوی بەگەل دەبردن (poplo) و داوای لە میرەکەی دەکرد بایەخیان پێ بداو بارودۆخێکی وەهایان بۆ برەخسێنێ کە ببێتە هۆی پەرەپێدانی سوودو مەسلەحەت و خۆشحاڵیان . بەڵام بۆرجوازی‌یەتی ئیتالیایی هەر دوای لەدایك بونە پێش وەختەکەی بەخێرایی لە نەش و نما کردن کەوت و لە پێش سەردەمی مەکیاڤیللی و لە رۆژانی ئەودا تووشی تەنگ و چەڵەمەیەکی کاریگەر بوو لە بەر ئەوە هەر بەلاوازی مایەوەو بۆی نەلوا ببێتە ئەو هێزە بەکارەی بتوانێ ئەو ئەرکە گەورانە بەجێ بێنێ کە لە بارودۆخی سەختی ئیتالیادا دەکەوتنە ئەستۆی . بۆیە کارێکی ئاسایی بوو ئەوە لە هەندێ بیرو رای سەرگەرمانەی مەکیاڤیللیدا بۆ رژێمی پادشایەتی ی (متلق) رەنگبداتەوە کە لە راستیدا جۆرە سات و سەودایەکی لەگەڵ ئایدۆلۆژیای دەرەبەگایەتیدا دەگەیاند ، چونکە ئەم رژێمە ئەگەر چی دژی بەرەلای دەرەبەگایەتی دەوەستا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر شێوەیەکی بالاتری لە رژێمی سیاسی‌ی دەرەبەگایەتی پێکدەهێنا ، هەروەکو ئەو جۆرە حکومرانی کردنە هێشتا لە سەردەمی مەکیاڤیللیدا ، لایەنە چاکەکانی خۆی لە دەس نەدابوون ز بۆیە ئە دووفاقی و ئەم بەر و ئەو بەرکردنەی مەکیاڤیللی لە نێوان رژێمی کۆماری پادشایەتی‌ی( متلق)دا , لەبەر رۆشنایی ئەوەدا نەبێ کە باسمان کرد ناتوانرێ لێکبدەیتەوە. ئینجا هەر ئەم باری سەرنجەیە کە دوژمنایەتی کردنیمان بەرامبەر بە دیموکراتی‌یەت و سل کردنەوەیمان لە جەماوەر بۆ لێکدەداتەوە کە بەرای ئەو ( بە ئاسانی جڵەو بۆ سەرکێشی شل دەکا ) و ناویانی بە ( بۆرەپیاو) یا بە ( رەشۆکی – plobs) دەبرد بگرەئەو لە نێوان هەڵسەنگاندنی هەندی لەو راپەرینە جەماوەری‌یانەی لە ئیتالیادا روویان داوە و هەڵوێستێکی‌دوژمنانەی ( ئاشکرای ) بەرامبەر دەربیون و لە ئاکامیدا وا کەوتۆتەوە کە مەکیاڤیللی لە گشت کتێبەکانیدا رووی قسە بکاتە میرەکان و دەسەڵاتداران و برادەرە رووناکبیرەکانی و بۆ ئەوان بنووسێ نەك بۆ جەماوەر [78] لێرەدا پێوستە ئیشارەت بە دوو راستی بدەین . یەکەمیان ئەوەیە ( ئەو گەلەی مەکیاڤیللی بە جۆش و فرۆشەوە پاریزگاری‌ی لێدەکرد , لەو وەختەدا بریتی بوو لە سێ هەزارودوو سەد کەس لە ناو نەوەد هەزار کەسدا کە چمارەی خەڵکی فلۆرنسایان پێکدەهێنا ) [79] . دووەمیشیان ئەوەیە کە مەکیاڤیللی

خۆی لەرووی کۆمەلأیەتی‌یەوە یەکێك نەبوو لەوان , بـەلأم دەیزانـی چ دەورێکـی گـەورە لـە گـۆڕینی کۆمەڵدا دەگێرن , ئەمە جگە لەوەی ئەو پەیوەندی‌یەی لەگەڵ سۆدیرینی‌دا هەیبوو کە یەکێك بوو لە دەسـتەی بورجوازی‌یـەتی گەشـە سـەندووی فلۆرنسـا , کـاری خـۆی دەکـردە سـەرئەو هەڵوێسـتەی بەرامبەریان . هەروەها مەکیاڤیللی سەبارەت بە نیاز خراپی ی ئادەمیزاد رایـەکی هێکجـار بـەر چـاو تاریکانەی هەبوو . لای ئەو خۆپەرستی بەباری چاك و خراپدا و لە هەر شـوێن کاتێکـدا بـێ هـەلس و کەوتی مرۆڤ هەڵدەسووڕێنی . ئەو ئەگەر چی دانی بەوەدا دەنا کە گورینی رژێم بۆی هەیە کار بکاتە سەر باری سایکۆلۆژی‌ی مرۆڤ , بەلأم ئەوە بە رای ئەو لە ئەنجامی ئـەو یاسـا نوێیانـەدا پێکـدێ کـە ئامانجی رادەدانان بێ بۆ زیادخوازی لە لای خەڵکەکە. مەکیاڤیللی لە کۆری لێکوڵینـەوەی میژوویـدا هەنگاوی گرنگی نا بـەلأم لەگـەل ئەوەشـدا خـاوەنی بۆچـوونێکی میـژوویی سـەراپایی نـەبوو . بۆیـە نموونـە لـە وزەیـدا نـەبوو لـە گـوڕانی لـە پلەیەکـەوە بـۆ پلەیـەکی‌تر تیٚبگـا و بـەلای ئـەوەوە ئـەو رابوردووەی راسـتی‌یەکانی لـە دوو تـوێی کتێبـەکانی مێژوودەردەکێشـان , تـا رادەیـەکی زۆر لـەو حازرە دەچوو کە تیایدا دەژیا و دەیناسی . ئیتر لێرەوە مەکیاڤیللی ئـەو رایـەی لاپەیـدا بـوو گوایـە مێژوو جۆرە زنجیرەیەك تاقی‌کردنەوەی ئەوتۆیە کە دەشێ لە تێگەیشتنی تەبیعەتی ئـادەمیزاددا بـە شێوەیەکی چاکتر یاریدەی مرۆڤی دانا بدا وەك لەوەی تەنیا پشـت بـە تاقیکردنـەوە و یادگارەکـانی شەخسـی خـۆی ببەسـتێ. بـە هـەر حـاڵ ئـەم لایەنـە کووڕانـەی بیروبـاوەری مـەکیاڤیللی وەك رووناکبیرێکی گەورە , لە بایەخی کەم ناکەنەوە و بەتایبەتی ئەگەر لە چوار چێوەی کـات و شـوێن و هۆیە راستەقینەکانیاندا نەك رووکەشی‌یەکانیان, بە شێوەیەکی دروست هەڵسەنگێنرێن . بـۆ نموونـە ئەگـەر چـی هەڵوێسـتە بـەر چـاو تاریکی‌یەکـەی بەرامبـەر سـایکۆلۆژیای مـرۆڤ هـیچ بیانوویـەکی بـۆ نابینرێتەوە, بەلأم لە گەڵ ئەوەشدا ئـەو راسـتی‌یە ناسـرێتەوە کـە ئامـانجی مـەکیاڤیللی خولقانـدنی هاوولأتی‌یەکی ئیتالیا یی نوێی نزیك لە کاملی‌یەوە بوو .هەر وەکو و ئەگەر چی هەڵوێستی بەرامبـەر بە جەماوەر ( سلبی ) بوو. بەتایبەتی لە ( میر) دا , بەلأم لە ( دەمەتەقێ ) دا گـەلێ بـیروڕای گرنگـو نوێی لە چاو ئەو سەردەمەدا دەربارەیـان پێشـکەش کـردوە. بـە رای ئـەو(خەڵکـە رەشـۆکی‌یەکەو میرەکان تەواو چون یەکن , خۆ ئەگەر لە سەرمان پێویست بێ لایەکیان زیاتر لـەوی تریـان پەسـەند بکەین ئەوا گومانی تێدا نی‌یە کە تای خەڵکـە رەشـۆکی‌یەکە زاڵ دەبـێ و بـەلأم ئەمـە بەنـدی رادەی زۆرو کەمی‌ی رێزگرتنیان لەو یاسایانە دەبێ کە هەردوو لالە سایی‌یدا دەژین) . هەروەها لـە وتـەکانی ( گومانی تێدا نی‌یە کە بەهانەیەکی بەهێز هەیە و خەڵکی وا لێـدەکا دەنگـی گـەل بـە دەنگـی خـودا بشوبهێنن , چونکە رای گشتی لە بەڵگە و ئیشارەت نیشاندانـدا هێجگار وردەکارە , بۆیە لەوە دەچێ هێزێکی نادیار پێشەکی گەل لە هەر خێرو شەرێك ئاگاداربکا کە لە دا هاتوودا تووشیان دێ هـەروەها یەکێکی تر لە وتەکانی ( زۆر رووداو ئەوەشیان دەرخستوە کـە خەڵکـە رەشـۆکی‌یەکە لـە مەسـەلەی هەڵبژاردنی کاربەدەستان و ناسینیاندا لە میر چاکترن , چونکە بە هیچ کلۆجیٚ ناتوانرێ گـەل بـەوە

قایل بکریٚ کەسێك بۆ ئەم جۆرە پایەو پلانە هەڵبژێردرێ کە بە داوێن پیسی و رەوشت و رەفتاری گەندەڵ ناسرابێ و لە کاتێکدا میر رەنگە قایل بێ و بگرە زۆر جار بەم جۆرە دامەزراندنە قایل دەبێ ) ( دەمەتەقێ –کتێبی یەکەم –58) لە هەموو حالێکدا پێویستە ئیشارەت بەوە بدەین کە لە حکومدان بەسەر کەم وکورِیەکانی مەکیاڤیللی , وەك رۆتینبۆرگ بە هەقیانەت سەرنجی داوەتێ , نابێ ( لە کەشکەلانی سەدەی بیستەمەوە ) بروانرێتە بیروباوەرە سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکانی ( بەڵکو و دەبێ لە ناو شوورەی قەلاَکانی دەرەبەگەکانی سەدەی شازدەیەمەوە بێ [80] چونکە مەکیاڤیللی سەرتاپای لە قورِی سەردەمی خۆی دروست کراوە و زانیاریە سیاسییەکەشی , فەلسەفەی رۆژگاری خۆی دەنوێنی کە تەقەلای دامەزراندنی پادشایەتییەکی نیشتمانیی ( متلق) ی دەدا [81] دواجار ئەو کەم کوورِییانەی مەکیاڤیللی هی تریش , لە راستیدا سووکە کەم کوورِین , یا چاکتر وایە بڵێین لە پاڵ ئەو هەموو لایەنە چاکانەی بۆ چوونە فیکرییە قووڵەکانیدا , ئاساین.

## چەندین بۆچوونێکی ئایدۆلۆژیایی تر

تا ئێستا باسی زۆر لایەنی سیاسی و کۆمەلایەتی ی بیروراکانی مەکیاڤیللیمان کرد ، بەلاَم لەگەلّ ئەوەش دا گەلێ مەسەلەی گرنگی تر ماون بۆ ئەوەی وێنەی نیکۆلۆ وەك روناکبیرێکی لێهاتوو لە زەینی خوێنەرو خاوەن مەبەستدا ناتەواو نەبێ ، دەهێنێ بە نیشاندانێکی خێرا پێش چاویان بخەین . لێرەدا چاکتر وایە بە شێوەیەکی تایبەتی ئەو دەورەی دووپات بکەینەوە کە لە پێشخستنی زانیاری ی مێژوودا گێراویێتی . مێژوو سەرلیستەی ئەو زانیارییە مرۆڤایەتیانەیە کە بیروباوەری سەردەمی راپەرین کاری تێکردن . چونکە بایەخدان بە ژیاندنەوەی کەلەپووری کۆن خۆی لە خۆیدا بریتی بوو لە ئاراستە کردنی رۆشنایی بۆ سەر چەندین لاپەرەی نەزانراو لە مێژووی سیاسی و رۆشنبیریو کۆمەلایەتی و تەنانەت ئابووری ئەورووپا لە سەردەمی رۆمانەکان و گریکەکاندا هەروەکو دەس کرا بە بایەخدان بە شوێنەوارە کۆنەکانی رۆژهەلاَتیش بۆیە سەرهەلّدانی Eiraphy لێکۆلّینەوەی نەخش و نیگار و هەلّکۆلّراوە کۆنەکان وەك شێوازێکی گرنگ لە شێوازەکانی مێژووی کۆن راستەو خۆ بە سەردەمی راپەرینەوە دەبەسترێتەوە . بەلاَم کار تەنیا بەم لایەنە گرنگانەوە نەوەستا بەلّکو جۆرە گۆرانێکیش بەسەر شێوەی لێکۆلینەوەی مێژوویی و بەسەر باری سەرنجی مێژوو نووساندا سەبارەت بە رووداو شوێنی تاکەکەس تیایدا داهات . بۆ نمونە سەرنجسێکی رەخنەگرانە دەربارەی سەرچاوەو لێکۆلینەوە مێژوویی یە نوسراوەکان پەیدا بوو بە جۆرێکی کۆششکارانە لە پەردەلادانی سەوزر رووی ئەو لاوازیە زۆرانەدا کە لێکۆلّینەوە و لێکدانەوە مێژووییەکان لە سەردەمانی پێشتردا تووشی بوو بوون و لە سەلماندنی چەندین راستی مێژوویی گرنگی ئەو تۆدا کەلەلای خۆیانەوە بوونە هۆی ریسواکردنی فیکری دەرەبەگایەتی –کلێسەیی ، بەشداری ی کرد. هەروەها لەسەردەمی راپەرین بۆ یەکەمجار مێژو بەسەر کۆن و ناوەندا نوێدا دابەش کرا هەر لە و سەردەمەشدا گەلێ لێکۆلینەوەی مێژوویی لە بابەتێکی تازە پەیدابوون کە کە بارێکی رێك و پێکی

یـەکگرتوودا بایـەخیان بەکارەسـاتەکانی نیشـتمان دەدا و بـە جـۆرێکی گونجـاو لـە گـەڵ هەسـتی نەتەوایەتی و نیشتمانیدا کە لە سەرهەڵدانیدا بوون ، کارە پڕ لە شانازیەکانی رابردوو یان دەهێنایەوە یاد . بۆ نمونە گوێکاردینی (1483–1540) یەکەم مێژوو نووس بوو لە چوارچێوەیەکی پتەودا لـە مێژووی ئیتالیای کۆڵیەوە ، بە پێچەوانەی مێژوو نووسانی پێشووترە کـە واراهـاتبوون جیاجیـا لـە حکومەت و ناوچە جۆاو جۆرەکانی بکۆڵنەوە ئینجا هەر بەهاندانی هەستی نەتەوایەتی ، مێژو نووسە تازەکان کەوتنـە گـەران بـەدوای چارەسـەردا بـەکردار بـۆ گیرگرفتـە سیاسـیەکانی کۆمـەڵگاکانیان و تەقەلادانی زانینی هۆیە راستەقینەکان رووداوە مێژووییەکان . بەم پێ یـە ئـەوان کاریگـەریی (هێـزە میتافیزیکیـە ) کانیان لە خولقاندن و بریاردان لەسەر چارەنوسی کارەسات رەتکـردەوەو دەسـتیان کردە کۆلینەوە لە دەورەی تاکە کەسی هۆشیار ( سەرکردەو کەسانی مێژویی بەناوبانگ ) لە رەوتی رووداوەکاندا . بەڵام تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم لە مێژوونووسـانی سـەردەمی راپـەرین توانییـان لـەم رادەی لێکدانەوە براگماتیکیانەی مێژوو تێپەر بکەن . چونکە پوختەی کاری زۆر بەیان بریتی بوو لـە گەران بە دوای ئەو هۆیە (منتقی) یانەدا کە سەرکردە سیاسییەکان هەڵدەسورێنن .

مەکیاڤیللی لەم کۆرەشدا قووڵ بوونەوەیەکی زیاتری لە کەسانی تر سـەلماندو بیروراکـانی دەورێکـی گرنگیان لە پیشخستنی لێکۆڵینەوەی مێژووی و تیورییەکانیدا گێرا ، چونکە ئەو لە لێکۆلینەوەکانیدا لە سنوری لێکدانەوەیبراگماتیانەی مێژوو چـوو بـەودیودا و بـە سـەرنجێکی واقعیانـەی هـەڵقولاو لـە تاقیکردنەوە و شیکردنەوە وە. نەك لـە لاهـوت و تیـۆری مـافی خواوەندیـەوە لـە حکومرانیکردنـدا ، روانییـە دەوڵـەت و یاسـاکانی و باوەریشـی بەحەتمیـەتی رووداوەمێژوویـیـەکان و بـە پەیوەنـدی لـە نێوانیاندا هێنا بەبی گوێدانە ئیرادەی ئەوانەی تیایاندا بەشدار دەبن هەروەکو گەیشتە ئەورایـەی کـە بەیەکدادانی سیاسیو بزوێنەری بنچینەی مێژووەو بەیەکدادانەکەش بـەزۆری —وەك لـە کتێبەکانیـدا باسی کردوە شێوەیەکی کۆمەلایەتی و چینایەتی وەردەگرێ لەبە رئەو ناکۆکیە بنج داکوتاوەی لـە نێـوان سـوودو مەسـلەحەتی گـەل و چینە مولکدارەکانـدا هەیـە . بـۆ نمونـە لەکتێبـە گەورەکەیـدا ( مێـژووی فلۆرەنسـا ) بـە درێـژی مێـژووی کـاروانی ئیتالیـا شـوێن پـێی خـەباتی نێـوان جـەماوەرو ئەرستۆکۆاتیەکان هەڵدەگرێ لێرەوە ، واتە لەنێوان گەرانیەوە بە دوای هۆیە بزوێنەرەکانی رووداوە مێژووییکاندا و بەبێ گوێ دانە ئیرادەی رووتی کەسـان مـەکاڤیللی لـە مێـژو نوسـەکانی سـەردەمی راپـەرینی تێپەرانـد و پێشـیان کـەوت .خـۆ ئەگـەر زانیمـان مـەکیاڤیللی وەك سیاسـیەك دەربـارەی مێژووی نوسیوە نەك وەك مێژوو نوسێك ئەوا ئەم کـارەی بایـەخێکی گـەورەتر وەردەگـرێ ، چـونکە ئەو وەهای لەمێژو دەخواست خزمەتی سیاسەت وەك زانیاریەك بکا ، بۆیە ئەو بەو بارەدا بایەخی بە گێرانەوەی رووداوەکان داوە کە دەرس و بیرو باوەری لیٚ هەڵهێنجێ .[82] مەکیاڤیلی گـەلێ بـیرورای سیاسی و کۆمەلایـەتی ی بـەنرخی تـری لـەبارەی یاسـا و دیمکراتیـەت و لـەبارەی سیاسـیەکانەوە چ لەسەرکەوتن و چ لە ژێرکەوتنداو دەوری بـەخت لـە دجەسـت نیشـانکردنی چارەنووسـی کارەسـات و

کەسان و هی تری لەم بابەتە هەن. ئەولە هەموو لێکۆلینەوەکاندا هەولدەدا بە دیوی ئەو دیوی نهێنییەکان شتە نەبینراوەکاندا شۆڕببێیەوەو لە زۆربەی جاریشدا دەگاتە بنەوەیان و شتی نوێ چاك لەگەڵ خۆیدا دێنێتەوە . جا داخۆ هیچ دەربڕینێك لەوە قووڵترو وردتر و واقیعیتر هەیە وەختێ لە ( هونەری جەنگ) دا لە سەرکەوتن و ژێرکەوتن دەدوێ دەڵێ : ( سەرکەوتن شوێنەواری ژێرکەوتووترین کردار دەسرێتەوە, لە کاتێکدا ژێرکەوتن رێکوپێکترین نەخشەو پلان لەبار دەبا) بەم جۆرە نێکۆلۆ لە زۆر شتدا لە کەسانیتر جودا بوو. هەروەکو دوا شاکرداری ئەو تاقیکردنەوە گەورەیە بوو لە ژیانیدا کە سەرکەوتنوانە بردییە سەرو بووە بەڵگەیەکی لەرووخەری رەسەن بۆ هەڵسەنگاندنی کە زۆر بە داخەوە لە لایەن مێژوونووسانەوە هەقی خۆی نەدراوەتێ. (83)

### تاقیکردنەوەکە

مەکیاڤیللی وەختێ ولاتەکەی تووشی پەلاماردانێکی نوێی بیگانە بوو , تەمەنی لە پەنجا پێنج تێپەری کردبوو. لە بیستەکانی سەدەی شازدەیەمدا جەنگەکانی ئیتالیا ( 1494–1559 ) کە لە نێوان ئیسپانیاو ئیتالیادا دەکران, بە سەرهەڵدانی پادشای زیادەخوازی ئیسپانیایی شارلی یەکەم کە چاوی بریبووە دامەزراندنی ئیمپراتورێتێکی مەسیحیيانەی یەکگرتوو, چوونە پلەیەکی سەختەوەو پاپا و فلۆرنسایییەکان ناچاربوون بۆ بەرگرتن لەو مەترسییەی بەر دەرگای پێگرتبوون , دەس بخەنە ناو دەستی فەرەنساییەکانەوە. بەلام فەرەنساییەکان لەو شەرەیەکلایی کەرەوەیەدا کە لە شوباتی 1525 دا رووىدا , لە بەردەم لەشکری ئیسپانیادا خۆیان رانەگرت و فرانسۆی یەکەمی پادشای فەرەنسا لەلایەن هێزەکانی ئیسپانیاوە بەدیل گیراو بەوە دەرگای خاکی ئیتالیا لە بەردەم ئەو هێزانەیدا کەوتە سەرپشت . جا ئالەم وەختە ناسکەدا ژمارەیەکی کەم لە دڵسۆزترین نیشتمان پەروەرانی ئیتالیا , رێگای بەرگری کردنیان بۆ پارێزگاریکردن لە کەرامەتی ولاتەکەیان هەڵبژارد کە مەکیاڤیللی یەکێك بوو لە هەرە دیارترینی ئەو قارەمانانە.گشت هەڵوێستە جۆراو جۆرەکانی مەکیاڤیلی لەو رۆژە سەختانەدا , شایەتی بۆ دەدەن کە چ نیشتمان پەروەرێکی راست گۆو ئازایەکی دەگمەن بووە. چونکە لە کاتێکدا کە دوودڵی زەفەری بە دەروونی زۆربە دەبردلە گەلیاندا پاپا خۆیشی مەکیاڤیللی بەردەوام کڵپەیەك بوو لە جۆش و خرۆش وپێی لەسەر پێوستیی بەرگری کردن دادەگرت و پاپا کلیمەنتی حەوتەمی هاندەدا کە ئەرکی پڕ لە شەرافتمەندیی خۆی بەجێ بێنێ . هەروەکوو کەوتەهات و چۆکردن لەم لا بۆ ئەو لاو لەم شوێن بۆ ئەو شوێن و نووسینی نامەی یەك بە دوای یەکداو پەیوەندی کردن بە کاربەدەستانەوەو هەوڵدانی قایل کردنیان بە بێ بێزاربوون یا بێ ئەوەی نەخۆشییەکەی رێگەی پێ بگرێ ز بەڵێ . وەك خۆی وتوویە , هەموو شتێکی فەرامۆش کردوەو تەنیا بیری لە یەك شت کردۆتەوە( رزگار کردنی ولات و زامنکردنی سەربەستی یەکەی ) (84) هەر لەو رۆژانەشدا دوو پرۆژەی خستە بەردەم پاپا و یەکەمیان دەربارەی

قەلأبەنكردنى فلۆرنسا و دووەميشيان دامەزراندنى سوپايەكى ميللى لە تۆسكانياو ناوچەكانى سەر بەپاپادا . چەندە مەترسىيەكە زياتر ببووايەتەوە چالاكىوبىئارامى لاى نيكۆلۆ پتر پەرەى دەسەند . كەوتە بەسەركردنەوەى دۆست وبرادەرانى و پرس و راكردن بە رووناكبيران . هەر وەكوو بەو پەرى چالاكىيەوەو بەبىٚ ئەوەى بە هۆى هىلۆيستى بەزيوانەى زمان درێژەكانى پێشوەوە ساردو سرى رووى تێبكا . بەشدارىبەهێزكردنى قايمكارى ى فلۆرنساى دەكرد ئەو رۆژانە لەكاتێكدا زۆربەى ئەو كەسانە بۆ خۆدەربازكردن مەسەلەكەيان بە وەزعى فەرەنساوە دەبەستەوە ، مەكياڤيللى زۆر لەروو راى خۆى دەربريو وتى ( من باوەرم وايە ئەركى سەرشانمانە كە بەبىٚ چاوەروانكردنى بريارى فەرەنسا و بەبىٚ هيچ دواكەوتنێك ئێمە خۆمان پرچەك بكەين )(85) .

نيكۆلۆ بە هەموو ئەو شتانەوە نەوەستا ، بەلٚكوو پرۆگرامێكى گونجاوى لەگەلٚ پێداويستيەكانى ئەو وەختەدا دانا ( كە دەبوو بريارى ئازايانەى نائاسايى و سەيرى تێدا بدرێ)(86) لێرەدا بە دلٚسۆزىيەوە بەبىٚ هيچ مەرامى كردنێك بە دواى ئەو (ميرە نوێيە )دا كەواتە گەران كە ئەو ئەركە گرنگ و پيرۆزو سەختە بگرێتە ئەستۆ و ( هەم بۆ دۆست و هەم بۆ دوژمنانى دەربخا كە ئيتاليا بۆ پارێزگارى كردنى لە سەربلٚندى خۆى لەوپەرى ئامادەبووندايە . تەنانەت خۆى دانى بەئازايەتى نەخشەكەى مەكياڤيلليدا ناو كەچى دوودلٚى يەكەى و چەند هۆيەكىتر ، نەيانهێشت بريارى براى بڕبدا لەگەلٚ ئەوەشدا گشت ئەمانە ورەيان بە رۆلٚەى بەوەفاى ئيتاليا بەرنەدا ، نيشتمان لە مەترسيدايەو ( ئەو لەسەرى پۆيستە تەواوى خودى خۆى پىٚ ببەخشىٚ) بەلأم گەلحۆى حكومرانەكان و رارايى و كورت بينىيان بووە هۆى نەچوونە بەر مەيدان . بۆ وێنە لە كاتێكدا ئيسپانياى دوژمن لەوەلاوە هەلى لە دەس خۆى نەدەداو بە خاكى ئيتاليادا بەرەو پێش ملى دەناو پێشەنگەكانى لە فلۆرنسا نزيك دەبوونەوە ، ترس و سام زەفەرى بە دلٚى نيكۆلۆى ئازا نەدەبرد ، بەلٚكو دەستى كردە دانانى نەخشەيەكى ئازايانەى نوێ كە بريتى بوو لە هێرش بردنێكى خێرا بۆ سەر ناپۆلى و ديل گرتنى جێگرى پادشاى ئيسپانيا لەشارەكەداو چەككردنى دەست و پێوەندو لايەنگرانى و ئينجا لەوێوە تەنگ بە ئيسپانيايىيكان هەلٚبچنرىٚ . بەلأم پاپا ئەم پرۆژەيەشى رەتكردەوە ئەوەبوو لە دواييدا زۆر كەوت لەسەرى ، چونكە بۆمبيۆ كالۆناى دوژمنى بە ياريدەى سەربازەئيسپانيايى يەكان كە ڤاتيكانيان تالأن كرد ، چووە ناو رۆماوەو كليمەنتى حەوتەميش زۆر بەزەحمەت توانى خۆى دەرباز بكا . ئيتر ئەوە دوا هەنگاوى رێگا خۆشكردنى بوو بۆ ژێركەوتنە كوشندەكەى سالٚى دوايى تر .

مەكياڤيللى بەوەش هەر كۆلٚى نەدا لە كاتێكدا كەسانى تر پاشەكشەيان لێدەكردو خۆيانيان لە بازارى كۆيلەفرۆشيدا بە نرخێكى هەرزان هەراج دەكرد ، ئەو رابوردووى پر لە جەخارو پيرێتى و نەخۆشى و خاوو خيزانى فەرامۆش كردن و بە جۆش و خرۆشى لاوىيەوە لەنێوان فلۆرنساو كۆرى شەردا كەوتنە هاتن و چوون و پەيوەندى بەم و بەوەوە دەكردو هانى دەدان و نامە لە دواى نامەى بۆ برادەرانى و خاوەن بيرورا دەنووسى و لە هەموو ئەو كردارانەشدا سوور بوو لەسەر وتەكەى خۆى

نیشتمان لەمەترسیدایەو دەبی تەواوی خودی خۆی پێ ببەخشێ –خەباتکردن تا دواهەناسەو قەت کۆڵنەدان ! (گەردەلوولەکە سەرکێشانە هەڵی کردوە ، بەلاّم کەشتی یەکە دەبێ زەریا بداتە پێش ) نیکۆلۆ ، لەوەختێکدا کە لە شکری دوژمن نزیك دەبووەوە و هەر نزیك دەبووەوە . بەم شێوە دڵگیر واقیعی حاڵی دەنواندو هەڵوێستی خۆی دەردەبری .[87] خۆ ئەگەر هیچ دەر فەتێکیش لە بەردەم ئیتالیاکاندا نەما ئەوا لەسەر یان پێویستە وەك پێی لەسەر دادەگرت – بەسەر بەرزیەوە روو لە ئاشتی بکەن ، نەك بە خۆ بەدەستەوەدانێکی زەلیلانەوە . ئینجا لێرەشدا هەکمدیسان دەبێ میرێکی نوێ لە کایەدا بێ کە بزانێ چون شەر یان ئاشتی هەڵدەبژێرێ . لە مەوە بەئاشکرا دەردەکەوێ کە مەکیاڤیللی وەك رووناکبیرێکی رەسەن تیۆری و کرداپێکردنی پێکەوە بەند کردوون . چونکە گشت کردارو رەفتاری رۆژانەی ئەو تاقیکردنەوە سەختەی ، لەگەڵ گرنگترین ئەو بیروڕایانەدا دەگونجێن کە لە دوا بەشی (میر )دا وتراون و بەگەرمی هانی ( ئازادکردنی ئیتالیا لە وەحشییەکان ) دەدەن و هیوایەکی دڵسۆزانە دەخوازن کە ( خودا یەکێك بۆ رزگار کردنی تەرخان بکا ) (میر –بەشی بیست و شەشەم ) .

مەکیاڤیللی ئا بەم جۆرە بوو ، هەروەکو تا دواییش هەر بەم جۆرە مایەوە . لە رۆژانێکدا کە هاوتاکانی شەوانیان لەسەر مێزی خواردنەوە بەسەر دەبردو ( بیناکاری ) و ( رووخاندنیان ) لە هەوادا دەسازاند و پیشەیان گومان کردن بوو لە هەڵوێستی دڵسۆزترین و بەشەرەفترین کەسێك لە ریزی خەڵکەکەدا ، مەکیاڤیللی رووبەرووی مەرگ دەوەستایەوە لە پێناو ئیتالیادا بیرو هۆشی خۆی ئاگر دەداو جەستەی خۆی دەپروکاند ، چونکە لەو خۆشەویستییەیدا بەرامبەر دڵسۆز بوو . بۆ یە هەر لەو ساتانەدا بەهرەی بلیمەتییەکەی ، ئەو وتە بەناوبانگەی لێوەشایەوە کە دەڵێ : خۆشەویستم بۆ گیانی خۆم لە خوار خۆشەویستیمەوەیە بۆ نیشتمانەکەم )[88] چالاکی و کۆششی ئەو ( پێغەمبەر بێ دەستەڵاتە ) و[89] ئەوانەی لە دڵسۆزیدا هاوشانی بوون ، بەفیرۆ چوو رۆما خۆی بەدەستەوەداو نیکۆلۆش دوای ئەوەی بە دڵسۆزی یەوە ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ هێنا . هیچ چارێکی نەماگەرایەوە نەبێ بۆ گوندەکەی . تا دوا رۆژانی تەمەنیتێدا بەسەر بەرێ[90] بەو هەڵوێستە نەگۆرو ئاشکراو دوورەی لە مەراییکردن و لاف لێدان و بەو چالاکی یە لە رادە بەدەرەی لە سەخترین و ستەمترین وەزعدا . جارێکی تر بیسەلمێنێ کە نیکۆلۆ دی بیرناردۆ مەکیاڤیللی کێیەو کێ نیە .بەلاّم ئاخۆ هەڵوێستی ئەو حوسوودیپێ بەرە بێبایەخانەی مەکیاڤیللی کە لە بەرزاییەوە دەیانروانییە وەزعەکە بۆ ئەوەی لە ساتی خۆیدا بدەنە پاڵ لایەنی سەرکەوتوو لەم رووەوە چۆن بوو؟! ئەوانە سەبارەت بە هەڵوێستەکانی ئەم نیشتمان پەروەرە رەسەنە ,بە گیانێکی هەلپەرستانەی نامەردانەوە کەوتنە بلاّوکردنەوەی گومانێکی نا بەجێو هەوڵیان لەو وەزیفەیە دوور بخرێتەوە کە پێش کارەساتەکانی دوایین بە دەستەوە بوو بیدرێتێ. هەروەها پرسیارێکی تریش بە ئیلحاحەوە خۆی دەسەپێنێ دەڵی : ئەگەر ئەمە رەوتی مەکیاڤیللی و بلیمەتییەکەی بووبێ , چۆن

دەشێ ئەقلمان بیگرێ کە گوایە جەنابی مەوزوعی‌یەت خوازەکان لە خواپیاوان, تێ‌ی نەگەیشتوون و وەك پێویستە بۆیانهەڵنەسەنگێنراوە ۋ بەلاّم ئاخۆ مەسەلە وەها بووە؟!

## بالاّترین هەڵسەنگاندن

یەکێك لە یاسا هەرە گەشەکانی ژیان ئەوەیە کە ناتوانرێ راستی بۆ هەتایە حەشار بدرێو کاریش لەگەڵ مەکیاڤیللی‌دا هەر وەها کەوتەوە . هەموو ئەو کۆشش و تەقەلادانی شێواندنەی کران , هەر لە سەرتاوە لەوە دەستەوستانتر بوون کە بتوانن رووی راستەقینەی ئەم رووناکبیرە لەو فەیلەسووف و زاناو خەلچکە مەوزوعی‌یەت خوازە حەشار بدەن کە نووسینەکانی ئەویان خوێندبووەوە . لە راستی‌یشدا کەم رووی داوە رووناکبیرێکی گەورە ناوی مەکیاڤیللی بردبێ و مەدحوستایشی نەکردبێ . بۆ نموونە فەیلەسووف و زاناو کارگێری ناسراوی دەوڵەت فرانسیس بیکۆنێ ئینگلیزی (1561– 1626) بە وردی کتێبەکانی مەکیاڤیللی‌ی خوێندوونەتەوەو لە رێبازە(أستقرائی) یەکەیدا, کەوتۆ تە ژێر کاری ئەو بیروڕایانەوەی تیایاندا پێش چاوی کەوتوون و بە تەواوی لە بابەتێکی نۆی بوون [(91)] هەر وەکوو بیکۆن یەکەم کەس بووە دەرکی بەوە کردوە کە مەکیاڤیللی بە جۆرێك لە کەسان دواوە وەك لە واقیعدا هەن . نەك وەك لە خەیاڵدا هەن و لەم بارەیەوە نووسیویە دەڵێ: ( ئیمە دەبێ سوپاسی مەکیاڤیللی و گشت نووسەرانی وەك ئەو بکەین کە بە راست و رەوان و بەبێ دروستکاری, وێنەی کردارو رەفتاری خەڵکەکەیان بە باری ئاساییدا نواندوە نەك بەو بارەدا کە دەبێ [(92)] هەبێ) .

هەروەها لە گەرمەی شالاّوی بەرپەرچدانەوەی مەکیاڤیللیدا , [(93)] ژمارەیەك لە نووسەران لە بیروباوەڕەکانی دواون زۆر بە رێزلێنانەوە هەڵیاسەنگاندوون . بۆ نموونە لیپسمۆن لە کتێبەکەیدا ( کتێبە سیاسی‌یەکان ) کە لە سالّی 1590دا بلاّوی کردۆتەوە , بیروباوەرەکانی مەکیاڤیللی‌ی دەربارەی ئایین و سیاسەت و دەوڵەت نیشانداون . لە سالّی ( 1613) شدا . شۆپێ لە بیروراکانی مەکیاڤیللی سەبارەت بە پێوستی‌ی جیاکردنەوەی کاروباری سیاسەت لە چاکەکاری دواوە . دوای ئەویش بە بیست سالّ جبرائیل نۆدێ باسی رێبازی سیاسی‌ی مەکیاڤیللی کردوەو روونی‌کردۆتەوە کە ئەو بە دوای میرێکی شەرانیدا نەگەراوە , بەڵکوو وێلی دوای حوکمرانێکی سەرکەوتووی لە بابەتێکی نوێ‌ی ئەوتۆ بووە کە نیشتمانی پێوستی پێ‌ی بووە [(94)] . هەروەها دیکارتی فەیلەسووف و زانای ناسراوی ماتماتیك( 1596 –1650) یەکێکە لە یەکەمینی ئەو رووناکبیرانەی مەکیاڤیللی کاری تێکردوون و ئەو رایەشی سەبارەت بە کردارە عادیلانەکانی حوکمڕان لە رژێمێکی ( متلق) ی کراوەدا دایرشتوە , بە تەئسیری بیرباوەرەکانی مەکیاڤیللی بووە. ئەم پێش فەیلەسووفی ئینگلیزی تۆماس هۆبس ( 1588–1679) بە ماوەیەکی زۆر گەیشتە دەسنیشانکردنی دەوری خۆپەرستی و زیاددەخوازی‌ی تاکە کەسی و حەزکردنی و پاریزگاری‌کردن لە خودی خۆی لە مەسەلەی دامەزراندنی هەر حکوموتێکداو [(95)] ئەوە جێ پەنجەی بە رووی فبکری ئەو فەیلەسووفێکی ئینگلیزی‌ترەو هەندێ لە بیروباوەرەکانی مەکیاڤیللی کاریان تی کردوە. خۆ ئەگەر هەڵویستی ئەدەبی ئینگلیزی

بەرامبەر بە نیکۆلۆو زڕاندنی ناوی بە فراوانی لە ئینگلتەرەدا بێننەوە یاد , تێدەگەین کە هەڵسەنگاندنەکانی ئەو فەیلەسووفانەی بە سەرنجی وردوتیژیان , پەنجەیان ناوەتە سەرگیانی نووسینەکانی مەکیاڤیللی و گشت ئەو ئامانجە دوورانەی تیایاندا وترابوون , چ بایەخێکی گەورەیان هەبووە. هەروەها دیارترینی فەیلەسووف و رووناکبیرانی سەردەمی راپەرین و بزووتنی گیانی نەتەوەیی ئەوروپاییستایشان کردوە , لەوانە نووسەرو مێژوونووس و فەیلەسووفی فەرەنسایی ڤۆلتێر ( 1694–1778)ئەنسایکلۆپیدیاییی ناسراو دیدرۆ (1713–1784) و فەیلەسوف و نووسەرو مۆسیقازان فەرنسایی جان جاك رۆسۆ (1712–1778 ) و شاعیر و رووناکبیو پێشەنگی نەتەوەخوازی لە ئەڵمانیادا گۆتە (1749–1820) ، هەروەکو و هیگلیش شایەتی بۆ بلیمەتیی ئەو داوە ، جا یەکەمیان کە دیزانی چون دڵی پادشایان رازی دەکا،[96] فریدریکی گەورەی بۆ دانانی کتێبەکەی دەربارەی مەکیاڤیللی هان دا ، دوای ئەوەی لەو نامە تیبەتییانەدا کە بۆی دەناردن ستایشی دەکرد ، چونکە دەیزانی کە کتێبێك لەو بابەتە چ ناوبانگێك بۆ هاورێ پادشا ئەڵمانیاییەکەی پەیدا دەکا . بەڵام رۆسۆ بە قووڵی مەکیاڤیللیی هەڵسەنگاندوەو لە بەناوبانگترینی کتێبەکانیدا (پەیمانی کۆمەڵکاری ) ( العهد الاجتماعی ) (جزمی سێیەم — بەشی شەشەم ) و توویە : مەکیاڤیللی وای نیشاندەدا کە گوایە دەرسی پادشایان دادەدا ، لە کاتێکدا گەلی دەرسی بەهاداری پێشکەش بە گەلان دەکرد (میر ) کتێبی جەمهووریيەت خوازانە و ئەوەیشی بۆ قارەمانە چارەگرانەکەی هەڵبژاردوە ، بە ئاشکرا نیازی شاراوەی نووسەرەکەی نیشاندەدا هەر وەها قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی لە لایەن دەربارەی رۆماوە مەغزای خۆی دەبەخشێ ، چونکە دانەر بەبێ پێچ و پەنا وەسفی ئەو دەریارە دەکا ) .

هەردوو دامەزرێنەری سۆشیالیزمیی زانستانە کارل مارکس و فریدریك ئینگلس ، لە جارێك زیاتر بە جوانی بیروباوەری مەکیاڤیللی یان هەڵسەنگاندوە . مارکس بە وردیکتێبەکانی خوێندونەتەوەو بەتایبەتی ( دەمەتەقێ ) کە زانیاریەکی زۆری سەبارەت بە سەردارارنی فلۆرنسا و ڤینیسیا [97] لێ وەرگرتوە . لە نامەیەکیشدا بۆ ئینگلیس ( میر )ی بە ( کتێبێکی نایاب ) ناو بردوە ، چونکە دانەرەکەی یەکێك بووە لەوانەی ( لە چاوی مرۆڤەوە روانیویانە تە دەوڵەت و یاساکانییان لە ئەقڵو تاقیکردنەوەوە ئەنجام داوە نەك لە لاهووتەوە )[98]. ئینکلسیش لەقەبی (فیلەتەنەکانی راپەرین) ی بەچوار لە دیارترین و مەزنترین ناودارانی سەردەمی راپەرین بەخشیوە کە بریتین لە وێنە کێشی ئیتالیایی نەمر لیۆناردۆ داڤینسی و چاکە خوازی ئاینی گەورە مارتن لۆسەرو مەزنترین وێنە کێشی ئەو سەردەمەی ئەڵمانیا ئۆلبرێشت دوورەر (durer) و لەگەڵ مەکیاڤیللیش ، چونکە راپەرین هەم پێویستی بە —فیلەتەن — بوو ، هەم فیلەتەنیش دەخولقاند ) هەروەکو و کتێبی ( هونەری جەنگ ) ی زۆر لاپەسند بووە کە ناوی بە ( مارسیلیزی سەدەی شازدەیەم دەبرد ) لەبەر ئەوەی مەکیاڤیللی بەلای ئەوەوە (یەکەم نووسەری جەنگ ئامێزی سەردەمی نوێیە کە شیاوی نابردن بێ ) [100] لەم

سەردەمەشدا [101] دەیەها بگرە سەدەها لە رووناکبیرو مێژوونووسە رۆژئاواییەکان بە چاوی رێزەوە روانیویانەتە بیروباوەڕەکانی مەکیاڤیللی و چەندین توێژینەوەو نامەی زانستانەیان بۆ لێکۆلینەوەیان تەرخان کردوون کە دوایکورتە دوانێك لەو سیاسیانەی نوسینەکانی مەکیاڤللی کاری تێکردوون ، لەگەڵ هەندێ باس و خوازی تریشدا دەگەڕێتەوە سەر درێژەی هەندێکیان .

## حکومرانان و مەکیاڤیللی

ژمارەیەکی زۆر لە حکومرانانی ئەوروپا و غەیرە ئەوروپا کەوتونەتە ژێر تەئسیری بیروراکانی مەکیاڤیللی یەوە ، بەتایبەتی ئەوەکانی دوو تویژی (میر) .ئەم ژێر تەئسیرکەوتنەشیان لە بارودۆخێکی جۆراوجۆر لە روانگەو بۆچونێکی جیا جیاوە بووە . بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا زۆربەی ئەم حکومرانانە ئەو بابەتەیان لە بیروراکانی مەکیاڤیللی هەڵبژاردوە کە بۆ یان لە بار بووە دەنا زۆر ئاسایی ئەو هەموو مەرج و پێوانە زۆرەیان دەخستە پشت گوێ کە نیکۆلۆ بە حوماسەتەوە و بە ئیمانێکی ببڕای ببڕەوە پێی لەسەر دادەگرتن کە لە راستیدا ئائەمەیانە مەکیاڤیللیزم .

لە یەکەمینی ئەو حکومرانە ئەوروپاییيانەی مەکیاڤیللی کاری تێکردن ، پادشای ئیسپانیا شارلی یەکەم (1508–1558) بوو کە یەکەم حکومرانی ئەوروپایە بوو دەربارەی دەوترا ( رۆژ لە مەملەکەتەکانی ئاوا نابێ) . ئەو ئەگەر چی سەر گەرمی کڵێسەی کاسۆلیکیپارێزگاری لێکردنی بوو , بەڵام خۆیووەزیرەکانیشی هانی بڵاوکردنەوەی ( میر) یان لە ئیسپانیا دەدا .هەروەها تۆماسی کرۆمۆیل ( 1485–1540) کە لە سەردەمی هینریی هەشتەمدا سیاسییەکی ئینگلیزیی گەورە بوو , زۆر ئاشنای بیروباوەڕەکانی دووتویی ( میر) بوو بۆیە دانەیەکی دەسنووسی لێ دەسگیر خست و بەوە یاریدەی پادشاکەی خۆیدا حوکمێکی ( متلق) ی ئەوتۆ دابمەزرێنێ کە خۆی لە دواییدا بووە یەکێك لە قوربانییەکانی . هەر وەکوو لە کاتی کوشتنی هەر دووپادشای فەرەنسا هینریی سێیەم و هینریی چوارەمدا , ئەو کتێبەیان لەگیرفاندا بینرا . ئەلیزابیسی یەکەمیش ( 1558–1603) کە لە سەردەمی بنەماڵەی تیۆدۆردا یەکێك بوو لە مەزنترین حوکمرانەکانی ئینگلتەرەو گەلێ سەرکەوتنی بەر چاویشی لەناوەوە دەرەوەیدا بەدی هێناو دەیویست لە پەیوەندییەکانی هەردەم لێنگەرگیربێ , لە ژێرتەئسیری ئەو کتێبەدا بوو . بەڵام خۆ یەکە وەزیری فەرەنسایی ریشیلیۆ کە بە سەرکەوتووترین سیاسیی نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەیەم لە ئەوروپادا دادەنرێ, مەکیاڤیللیی هێجگار بە دڵ بووەو لە وەسێتە سیاسییەکەیدا دانی بەوەدا ناوە کە پشتی بە بیروڕاکانی مەکیاڤیللی بەستوە . هەروەها ناپلیۆن پۆناپورت ئاشنایەتی لەگەڵ کتێبی ( میر) و ( دەمەتەقی) دا هەبووەو سەر لیستەی ئەو پەسندترین هەزار کتێبە بوون کە هەڵیبژاردوون بیانکاتە کتێبخانەیەکی گەڕۆك بۆ خۆیو گەلێ پەراوێزی لە سەر ( میر) هەن و وایش زەن دەکرێ کە وەری گیرابێتە سەر زمانەکەی خۆی . هەروەکوو هۆگریی ناپلیۆنی سێیەم بۆ بیروباوەڕەکانی

مەكیاڤیللی هیچی لەوەی پێش خۆی كومتر نەبووە. لە باسەكانی لەوەبەریشماندا ئیشارەتمان بە ژمارەیەكیتر لەو حوكمرانانەدا كە مەكیاڤیللی كاریتێكردبوون و هەوڵیان دابوو ئامۆژگارییەكانی لە خاكێكی غەیری خاكی ئیتالیای سەدەی شازدەیەمدا بەجێ بێنن , لەوانە هێتلەر كە خۆی لە كتێبەكەیدا ( تێكوشانم ) [102] دانی پێداناوە.هەر چەندە لە ناو نووسەراندا دیكۆلی سەرۆكی پیشووی فەرەنسا وا دەدەنە قەڵەم كە چاكترین نموونەی میرە نوێیەكە بووبێ [103] , بەلاّم لە راستیدا بارودۆخ هەر چۆنێك بێ , زەحمەتە حوكمرانێكی هاوچاخمان بتوانێ پربەپر خۆی بخاتە قاڵبی ئەو شەخسییەتەوە كە مەكیاڤیللی ویسوێتی . لێرەدا جێی خۆیەتی سەرنج بۆ ئەو فیكرە گرنگەرابكێشین كە شۆرشگێری ئیتالیایی گرامشی لەم رووەو دەریبریوە. بە رای ئەو تاكە كەس لە جیهانی ئیستاماندا لە وزەیدا نییە ببێتە ئەو میرە نوێیە , حیزبیكی سیاسیی شۆرشگێرە [104] هەر وەكو ئەو رێ وشوێنانەی سانتیاگۆ كاریللۆی سكرتێری گشتیی پارتی كۆمۆنیستی ئیسپانیا لە كتێبەكەیدا ( ئەورۆكۆمۆنیزم) داوای پەیرەوكردنیان دەكا , لەوە بەولاوە نییە كە بابەتێكی نوێیە لەو رایەی گرامیشی بۆی چووبوو.كاریللۆ لەم بارەیەوە دەڵێ :( رەنگە هاورێمان هەبن وەها بیربكەنەوە , ئەم بابەتە رێبازەی كە جۆرە مەكیاڤیللیزمییەكە , بۆی هەبێ رێگەمان بدا لە ساتێك لە ساتاندا هەرچمان دەوێ دەسگیرمان ببێ و ئەوانە ئەم هەڵویستەش تەواو بە ئاسایی دادەنێن) . [105]. گشت ئەوەی باسمان كرد , بەبێ پێچ وپەنا ئەو شوێنە بڵندەمان نیشادەدەن كە مەكیاڤیللی لەوەبەر تا ئیستاش لە كۆری ئایدۆلۆژیای سیاسیی جیهانیو بەرەو پێشەوە چووندا داگیری كردوە . لەبەر ئەوە ئاساییە كە نیكۆلۆ چەندە رۆژگاریش بەسەر چووبێ , لە دڵی خەڵكی و بەتایبەتی ئیتالیایەكاندا , شوێنی رێزلێنراوی شیاو خۆی داگیر كردبێ.

## پاشگەزبوونەوە

لەوەبەر لە چەند شوێنێكدا دەرمان خست كە چۆن هێزە كۆن وویستەكان نەیانتوانی رووی راستەقینەی مەكیاڤیللی لە پێشدا لەبەر چاوی مرۆڤە دانسقەكان و دووایش خەڵكەكە بە گشتیون بكەن . ئەوبوو ئەوروپاییەكان كەوتنە تێگەیشتنی ئەو ئامانجە پاكانەی بە مەكیاڤیللی لە نێوان بیروباوەرو بەهاكانییەوە پێشكەشی دەكردن و بەدوایدا باری سەرنجیان دەربارەی گۆڕدرا . بۆیە سەرەڕای ئەو شێواندنە بەردەوامەش ,كارێكی زۆر زەحمەت نەبوو دەرك بەوە بكرێ كە مەكیاڤیللی نەك تەنیا ئیتالیا بەڵكو و لە سنووری گشت كیشوەری ئەوروپادا سەردەستەی بانگ راهێڵەران و رابەرانی یەكگرتنی نەتەوایەتی بووە . بۆنمونە كافوری سەركردەی یەكگرتنی ئیتالیا خۆی ، لە ژێر تەئسیری بیروباوەرەكانی مەكیاڤیللیدا بووە . ئیتالیاییەكان قەت ئەم راستەیەیان لە یاد نەچووە و لە زمانی یەكێك لە شاعیرەكانیانەوە بەم شێوەیە نوێنراوە ( من ئیتالیاییەكی مەزنی یەكگرتووم نیكۆلۆمەكیاڤیللی ئەوەی فێركردووم )[106] لە خۆراییش نیە خانووەكەی لە گوندەكەیدا كە نزیكی فلۆرنسایەكراوەبە مۆزەخانەیەكی نیشتمانی ، جگە لەوەی ئیتالیەكان وەك جەژنێكی نەتەوایەتی

ئاهـەنگیان بەبۆنـەی تێپـەربوونی چـوار سـەد سـاڵەوە بەسـەر لـەدایك بونیـدا بـۆ گێـراو لـەو رۆژەدا نزرگەیەکی قەشەنگیان لە شوێنی ناشتنی نیکۆلـۆا بینـاکردو راسـت لـە ژێـر ناوەکەیـدا ئـەو وتـە پـڕ مەغزایەیان بە هـەڵکۆلین نوسـی کـە دەبێتـە پاداشـتی گشـت ئـەو ناهەمواریـەی لـە ژیانیـدا لـەپاش مردنیشی تووشی هات و کە دەلێ: ( مەدح و ستایش هەرگیز لەوە زیـادە نیـە ئـەم نـاوە بـە هـەقی خۆی بگەیەنێ ، ئەوسا کلێسەش ناچار بوو لـە ئنجامـدا بچێتە ژێـر بـارو لـە سـالێ 1890 دا نـاوی کتێبەکانی مەکیاڤیللی ی لە لیستە کتێبە قەدەغەکراوەکان دەرکێشا ، ئەمەش بریتی بـوو لـە تـەنیا پاشـگەزبوونەوەیەکی ئاسـایی لـە رووی واقعیعێکـی سـەلماودا .بـەلأم لەگـەڵ هـەموو ئەمانـەش دا ، هێشتا لە رۆژهەلاتی ئێمەدا هەر وێنـە شـێوێنراوەکەی مـەکیاڤیللی و تێکەڵکردنـە کلاسـیکی‌یەکە لـە نێوان ئەم و ئەو مەکیاڤیللیزمیەدا لە زەینی خەڵکەکەدا زاڵە کە رۆژهەلاتیەکان پتر لە هەر خـەڵکێکی ترو تەنانەت پێش ئەوەشی نیکۆلۆ چاو بە ژیاندا هـەڵبێنێ بـە چـەندین سـەدە ، بـە رێوشـوێنەکانی موبتەلا بوو بوون . بە هەر حاڵ باسی مەکیاڤیللی و رۆژهەلأت باسێکە کە هێشتا دەستی نەدراوەتێ ، ئەگەر چی لەبەر گەلێ هۆ هەقی بایەخ پێدان و لێکۆلینەوەی هەیە .

## مەکیاڤیللی و رۆژهەلأت

مەکیاڤیللی لە کتێبەکانیدا زۆر بەدەگمەن باسی رۆژهەلأت و رۆژهەلأتیانی کردوەو ئەویش لەسـنوری تەنیا هەندێ زانیاری ی کەمدایە دەربارەری حکومەتە رۆژهەلأتیە کۆنەکان و زۆر لەوە دەچێ لە سـەر چاوەکانی کالاناپاسیسی وەرگرتێ کە ئـەویش لـە ژێـر تەئسـیری زەینـەفونی هاورێیـدا بـووە ، هـەر وەکو ئیشـارەتێکی بـە سـوپای عوسمانیـەکان داوە و ستایشـی کـردوە ، بەتایبـەتی لەبـەر ئـەوەی سـوپایەك بـووە لـەو رۆژگـارەدا ئـەنجامی گیـانی تاعـەتکردن و ئازایـەتی تیـادا و بـە هـۆی ئـەو سەرکەوتنە خێرایانەوەی لە ناوچەکانی بۆلقانی سەر بە ئەوروپاو شوێنی تریشـدا بـەدیی هێنـابوون لە ناو ئەوروپایی‌یەکاندا نـاوو ناوبـانگێکی بـالأی پەیـدا کردیـوو .بـەلأم دەبێـت لـە سوچێـکی تـرەوە بروانرێتە مەکیاڤیللی و پەیوەندیەکەی لەگەڵ رۆژهەلأتدا چونکە کاریگەری ی رۆژهـەلأت لـە راپـەرین (renaissance) وەك بەیەك گەیشتنی دووریانێکی شارستانی مەسەلەیەکە و لـە رووی زانسـتیەوە سەلمێنراوە . گومانیش لەوەدانیە کە مەکیاڤللی وەك رۆلەیەکی سـەردەمەکەی خـۆی و وەك یـەکێك لە ناودارانی سەردەمی لوتکەی راپـەرین ، بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ یـا ناراسـتەوخۆ کەوتۆتـە ژێـرۆ تەئسیری بیروباوەری رۆژهەلأتیەوە لەم رووەوە گەورەترین دوو رابەری سەردەمی راپەرین کە دانتـی و پەترارکن پێش ئەو کەوتووون ، یەکەمیان لە چیرۆکە شعریە ناودارەکەیدا (کۆمیدیای خواوەنـدی ) کەوتۆتە ژێر کاری (نامەی پاکانە خوازی ی) ئەبوو عەلای میعەری‌یەوە دووەمیشیان لە چیرۆکەکەیدا (دیکامیرۆن ) لە ژێرکاری (هەزار و یەك شەو )دا بووە هەر لێرەشدا دەمەوێ ئـەو رایـە دەر بـبڕم کـە دوور نیە مەکیاڤیللی یش کەوتبێتە ژێرکاری ( کەلیلەو دیمنـە)وە یابـە لایـەنی کەمـەوە خوێنـدبێتی

یەوە ئەمەش تەنیا رایەکەو هەقی لێکۆلینەوەو تێوردبونەوەی هەیە ، چونکە زۆر بەلگە هەن مرۆڤ بنکۆلکەر بۆ ئەم جۆرە باوەرە هاندەدەن پیش هەموو شتێك( کەلیلەو دیمنە ) لە سالی 1081 دا لە سریانیەوە کراوە بە یۆنانی و لە سەدەی سیانزەهەمدا لە عەرەبیەوە کراوە بە ئیسپانی لەسەدەی چواردەیەمیشدا بەلاتینی . بە دوایدا ئیتر بە نزیکەی هەموو لآتانی ئەوروپادا بلآو بووەوە تا رادەیەك چێپەنجەی خۆی بەسەر داهێنانی ئەدەبی ی گەلێ میللەتدا جێهێشت . جا زۆر دوورە رۆشنبیرێکی وەك مەکیاڤیللی کە بە قۆستنەوە کتێبی دەقۆستنەوەو وەختێکی کە مارسیلێو ڤیرجیلۆی هاوڕێی دلسۆزی یەکێك بووە لە نووسەرە ناسراوەکان و پێش ئەوەی مەکیاڤیللی دەس بداتە دانانی کتێبی . سیاسیو ئەدەبی , ئەو بووبووە مامۆستای وتنەوەی ئەدەب . ئەمە جگە لەوەی کە کە مەکیاڤیللی بەلای خۆدوور خستنەوە لە گیانی دکتاتۆرانەی رۆژهەلآتی‌یانەدا (107) لایدەداو ئەمەش هەر هەمان ئەو شتەیە کە پەندەکانی ( کلیلەودیمنە) بۆی دەچوون . هەروەها ئەگەر هەندێ بەراوردکاری لەنێوان بیروڕاکانی مەکیاڤیللی وناوەرۆکی چیرۆکەکانی ( کلیلە و دیمنە) دا بکەین , لە زۆر شتیدا یەکگرتنەوەیان لەگەل یەکتردا تێدا بەدی دەکەین کە رەنگە ئەنجامی کارتێکردن بێ‌یا تەنیا لە خۆیەوە رووی دابێ , بەلآم لە هەموو حالێکدا سەرنج رادەکێشێ . بۆنموونە دووان لە چوار ئامانجەکەی ( کلیلەو دیمنە) (108) بەپێی دەستیشان کردنی ( أبن المقفع) , ئاراستەی پادشایانن بۆ ئەوەی ( لە گەشتەکەیدا بە ناو دیمەنەکاندا زیاتر بەتەنگەوەبێ) ( ل 95) .لە قسەکانی تری أبن المقفع پێش ئەوەی بچێتە ناو جەرگەی چیرۆکەکانەوە دەلێ ( ئەوەی ئەم سیفەتانەی تێدا بێ کاری مەیسەرنابێ ,لەوانە : تەوەزەلی لە کارکردندا , یا فرسەت لە دەس دان , یا باوەڕکردن بە هەر هەوالێ راگەیاندەرێك ) وپیاوی ژیر ( لە راستگۆیی بەولاوە ,نابی قسە لە هیچ کەس وەربگرێ , ئەگەر چی کەسەکە راستگۆشبێ . هەر وەکوو دەبێ لە هەلەکردندا بە قیردا نەچێو کۆل لەتێوردبوونەوە نەداو پێوستە ئەگەر مەسەلەیەکی لێئالۆزا , خۆی لە هیچ لایەنێکی نەداوپێش دلنیابوون لە دروستی‌یەکەی هەنگاوی تێدا نەنێ. پیاوی ژیردەبێ خاوەنی قسەی خۆی بێ بزانێ کە جەزا قەزایە) ( ل 92) وکیسرا ئەنەوشیروانیش هەولی‌داوە کتێبی حەکیمەکانی هندستان دەسگیر بخاو ( بیداتە پال خۆی و لە سەرکردایەتی کردنیدا یاریدەی لێ بخوازێ وکار بە راوتەدبیرە جوانەکانی بکا) لەبەر ( ئەو شتانەی تیایدان و پادشایان لە بەرێوەبردنی رەعیەتەکانیان و ژیاندنیان ودادکاری لە نیوانیاندا پێوستیان پێیان دەبێ ( ل 98).ئەوەی ئەو کتێبە دەخوێنیتەوە ( چاکەی پادشایان و تاعەتکردنیان ) پێدەزانێ و( دەیخاتەسەروو گشت کاروکردارێکی ترەوە. ئینجا با ئەوەش بزانێ, پیاوی بە شەرەف ئەو کەسەیە کەلای پادشایان شەرەفەتمەند دەبێو لە دەولەتەکانیاندا پایەی بلند دەکەنەوە ) (ل 107) هەر وەك شێرەکە بەدیمنە دەلێ کە ( رەعیەتی پادشا و ئەوانەی لە حزوریدان , دەبێ پیاوەتی وزانیاری‌یەك پێدەزانن بۆی باس بکەن و چ ئامۆژگاری یەکیان لە پایەوپلەی خۆیدا دابێ) (ل136) هەروەها پێی دەلێ :( ژمارەزۆری دەست

وپێوەند و ئەگەر ئامۆژگاریکەر و خاوەن تاقیکردنەوە نەبن , بۆکار هەڵسووڕاندن زەرەبەخش دەبن , چونکە ئیش بە زۆری ژمارەیمیسەرنابێ , بەڵکوو بە دەست وپێوەندی دڵسۆزوچاکەکار دەبێ)( ل137) . هەروەها لە قسەکانی دیمنە بۆ شێرە پادشا: ( مشك لەناوماڵدا دراوسێیەکی بن دەست بوو , بەڵام کە بووە زیان بەخش بووە دوژمن و دەربەدەر کرا .یا باز کێویەکی ئاوارە بوو ,کەچی کەبووە سوودبەخش گیرایە خۆو ماڵی کراو ڕێزی لێنرا) ( ل137) چیرۆکەکانی ( کلیلە ودیمنە) زۆرجارو لەزۆر شێوەی خواستراودا , باسی تەبیعەتی خەڵك ودەوری قەزاوقەدەریان کردوە .بۆ نموونە شێرە شا باوەڕبەقسەکانی دیمنە دێنێ وئەو ئەنجامی لێ دەس دەکەوێ کە خەڵکەکە دوو بابەتن (یەکەمیان تەبیعەتێکی دڕی هەیە و وەك ئەو مارەیە کە ئەگەر یەکێك پێی پێدا ناو پێوەی نەدا , بە زەرەربەخشی نازانێ و دەچێ جارێکیتر پێی پێدا دەنێتەوە. ئەوی تریان تەبیعەتینەرم وئاسانەو وەك ئەو پوازی ( سەندل) یە کەئەگەر زۆر دەستی لێچ خرا گەرم دادێت و ئازاربەخش دەبێ ) ( ل138) .هەروەها لە قسەکانی دیمنە بۆ شێرەکە :( مرۆڤی شەرانی لە شەر خواهی رزگاری نابێ ,ئەگەر لاوازیش رووی تێچکرد فێڵیتری تێدا دەدۆزێتەوە) ( 156) ( پادشایان دان بەخۆداگرن , سزا دەرنابڕن بۆ ئەو کەسە نەبێ کە تاوانی ئاشکرایە ) ( ل156-157) .( شەر خواهان لە هەمووشوێنێکدا لە خێرخواهان زۆرترن . بەڵام دژی راوەستان و بە کۆمەڵ نیشتنە گیانی لەوانەیەبیفەوتێنن .دەنا ئەگەر وەها نەبی ئەوا دەبێتەئەو پلاری قەدەرەی رەت کردنەوەی بۆ نابێ) ( ل161) هەروەها لە زمانی گایەکەوە وتراوە:( باشترین ئەوەیە لە هەڵۆیەك بچی کە بەلاك دەورە درابێ نەك لەلاکێك بچێ کە بە هەڵۆ دەوری تەنرابێ9 ( ل166) .هەندی جاریش پیاو هەست بە لەیەکچوونێکی تەواو لەبیروڕاو بگرە لەنزیکیی دەربڕینیش لەگەڵ یەکتردا لە نێوان ( میر) و ( کەلیلەو دیمنە) دا دەکا .بۆ نموونە لە زمانی ( کەلیلە) ەوە وتراوەکە :( پیاوی بێ دەسەڵات بە لەسەرخۆیی و فرتو فێڵ زەفەریان پێ دەبا و بەفڕوفێڵ سواری کۆڵی فیل دەبێ ومار لە کون دەردەێنێ و یاری پێدەکا و شێر لە ناو تابووت دەنێ و ئاو بەو شوێنەدا دەبا کە مەبەستێتی و بەر لە زەرەری ئاگرو رەشەبا و رۆژ دەگرێ و هێزدار دەخاتەکار )( ل172) .( سوڵتان ئەگەر پیاو چاك بێ و وەزیرەکانی پیاو خراپ بن , خێروبەرەکەتی بەسەر خەڵکیدا کەم دەبێتەوەولێیان دەچێتەقاتی و کوس ناوێرێ توخنی بکەوێ . کەوابێ دەست رەنگینیی پادشایان لە خێر بەرەکەتەکەیاندا کە دەبێ هەر لە برەودا بێ) ( ل 173-174) هەروەها لە قسەکانی دیمنە بۆ شێرەکە :( ...ئەی پلدشا رەحم بە کەسە مەکە کەترست لێی هەیە , چونکە پادشای بە زەبرو زەند رەنگە یەکێك ببوغزێنێ و دەستی لە کاربکێشێتەوە , بەڵام دوایی بەناچاری لەبەر کۆشش و چاکەی بە سەریەوە , لەخۆی نزیك دەکاتەوەو وەك چۆن یەکێك دەرمانێکی تاڵی دەر خوارد دەدرێ, بە تەمای سوود لێبینین دەیخاتەوە گەر و یا رەنگە یەکێکی خۆشبوێ ولە خۆی نزیك بخاتەوەوبەلام ترسی زەرەرو زیانی , وەك ئەو کەسەی لێدێ مارێك بە پەنجەیەوە دەدا لە ترسی بڵاوبوونەوەی ژەهرەکەی بە

هـەموو لەشـیدا و مرانـدنی ,پەنجـەی خـۆی دەقرتێنـێ) ( ل180) .( هـۆی راسـت ورەوانـی‌ی کـار لەوەدایە پادشا ئاگاداری ئەو دۆستانە بێ کە دەیەوێ یاریدەیان لێ وەربگرێ و بزانێ هەر یەکەیان چ جۆرە راو تەدبیرێکی لە لایەو چ نەنگی‌یەکی تێدایـە , ئینجـا دوای ئـەوە پێوسـتە پادشـا کارگـەرانی بەسـەربکاتەوە ولـە کاروباریـان بپرسـێتەوە, بـۆ ئـەوەی چاکەی هـیچ چـاکەکارێك و خراپـەی هـیچ خراپەکارێکی لا شاراوە نەبێ ئەوسا دەبێ چاکە کار بـەبێ ئەجردانـەوە نەهێڵێتـەوە و مـاوەش نـەدا خراپەکار و تەوەزەل لە سەر خراپەکاری و تەوەزەلی بەردەوام بن . چونکە ئەگەر ئەوەی لە دەسداو جڵەوی بۆشل کرد , چاکەکاریش جڵەو شل دەکا و خراپەکار جەسارەت دەنـوێنێ کـە ئـیتر ئیشـەکە گەندەڵ دەبێ و کار لە کار دەتـرازێ (348) . ئینجـا لـە قسـەکانی فەیلەسـووف بـۆ پادشـا : ( ئـەی پادشام , ئەو کاروبارانەی کە مرۆڤ لە ناو گشت ئاژەلاًندا تیایاندا تایبەتی‌یە ,من بە چـواریان دەبیـنم کە بریتین لە پوختەی هەرچی هەیە لە جیهاندا , ئەوانیش ئەمانەن : حکمەت و داوێن پاکی و ئەقڵ و داد . چونکە زانستی و وردبینی لە بەشـی حکمـەتن . بـەحیلمی و سـەبرو لەسـەر خـۆیی‌و سـەنگینی لەبەشـی ئـەقڵن .ئـەقڵن وحـەیاو سـەخاوەت و مەسـتووری و سـەربەرزی لـە بەشـی داوێـن پـاکین . راسـتگۆیی وچـاودێری و خێرکـردن و رەفتارسـاغی لـە بەشـی دادن .ئەمانـەن جوانکاری‌یـەکانن و پێچەوانەکانیشیان خراپەکارین . سائیتر هەر کاتێك ئەمانە لە یەکێکدا کۆبوونەوە ,کـەم وکـووری لـە نیعمەتیدا ناگەیەنێتە بەدبەختی لەم دنیایدا یا شکستی لەو دنیایدا , یا داخ بۆ نەمانـەوەی لـە ژیانـدا ناخوا , یا بەشی لەماڵ ومولکدا هەرچەندێك بێ‌پێ‌ی خەفەتبار نابێ‌و لـە گێچـەڵ سەرسـام نـابێ بـەم جۆرە حیکمەت سامانێکە کە بەڵێخەرج کردنی لە بـن نایـەت و ئازووقەیەکـە هـەژاری لەبەریـدا خـۆی راناگرێ وبەرگێکە کە قەت کۆن نابێ لەزەتێکە کە برانەوەی بۆ نی‌یە ) ( ل 76) . وەختێکیش ئـەم چـەند دێـرەی خـوارەوە دەخوێنیتـەوە هەسـت دەکـەیت وەك بەیـدەبی فەیلەسـووف لـە زمـانی مەکیاڤیللی‌یەوە لە پێشکەش کردنەوەی ( میر)یدا میدیتچی بدوێنی وەهایە کە دەڵێ ( ئـەی پادشـام ,من دەڵێمتۆ لە مەڵبەندی باب و باپیرانتدایت لە پادشایان و کولەپیاوان کە پـێش تـۆ شـاریان بنیـاد ناوە و زەمین ملـی بـۆ داون و قـەلاًیان دروسـت کـردوەو سـەرکردەی لەشـکری بـوون و جباخانـەیان ناوەتە سەریەك و رۆژگاریان درێژەی کێشاوەو چەکیان پەرەی سەندوەو سەردەم لـە دوای سـەردەم بە شادی و خۆشی ژیاون و ئەوە بەری جوانکاری‌ی لێ نەگرتوون و لە سوپاس و دەبێ ئەویش بڵێین کـە لەیەکچـوونی هەنـدێ لـەو شـتانەی چـیرۆکەکانی ( کەلیلـە و دیمنـە) لـە گـەڵ نووسـینەکانی مەکیاڤیللیدا ,لەولای ترەوە وا ناگەیەنێ کە جیاوازی لە نێوانیاندا نی‌یە . بـۆ نموونـە مـەکیاڤیللی لـە 50٪ ی بۆ دەوری قەدەرو بەخت هەڵسوورِاندنی کاروباردا داناوە , لە کاتێکدا لـە ( کەلیلـە ودیمنـە) داله زمانی ئـەم فەیلەسـووفەوە کـەرووی دەمـی لـە پادشـایە وتـراوە ( بـا ئـەو کەسـانەی کاروبـاری هەڵدەسورِێنن وجێ‌بەجێ‌یان دەکەن بزانن کە شت هەمووی بە قەزاو قەدەرە) ( 350) و ( کوشش و جوانی ئەقڵ وهەر خێرو شەرێك کە مرۆڤ تووشی دێ بە قەزاو قەدەرە)( 348) ئینجا لێـرەدا دەبـێ

ئەوەمان لەبەر چاو بێ کەمەکیلڤیللی لەژێر تەئسیری ئەرستۆشدا بووە , بەلاّم لەگەلّ ئەویشدا لـەزۆر شتدا جیاواز بووە . بەلایەنی کەمەوە لە شێوەی نیشاندانی ئەو باسەنەدا کە لێیان دەدوا بەتایبـەتی لە پشت بەستنی بەردەمیدا بەنموونەی مێژوویی . بە هەر حالّ ئیمە کە دەلّـێین دەشـی مـەکیاڤیللی کەوتبێتـە ژێـر تەئسـیری پەنـدەکانی ( کەلیلەودیمنـە ) ەوە یـا خوێندبێتییـەوە ,ئـەوەش بـە دوور نازانین کە ئەو یەکگرتنەوەیەی هەندێکیان لەگەلّ بیروباوەڕەکـانی مەکیاڤیللیـدا لەتـەنیا ریکەوتـەوە بێ یا رەنگە( ردالفعل)یکی لە یەك چووی بارو دۆخێکی لەیەکچووبێ ئەوەی راستی بێ هەندێ لەیـەك چوون لە نێوان هەلّسەنگاندنەکانی مەکیاڤیللی و ابن خلدونیشدا هەیە . بەلاّم بـەبێ ئـەوەی بەلّگـەی سـەلمێنراو هـەبن دەری بخـەن کـە یەکـەمیان پێشـەکییەکەی دووەمیـانی خوێندبێتـەوە [109] أبـن خلدونیش لەلای خۆیەوە نیشانی داوە کە فەرمانڕەوای نموونەیی دەبێ چوون بێ بەلاّم بەپێ داگرتن لەسەر ئەرکە رۆحانیی‌کانی و تەنیا وەسف کردنی بـە ( پادشـایەکی بیررۆشـن و بەسـۆز و بـەهێز و بەلاّم ریّ و شوێنی ( سـەرکوتاندنەوەی) ناشـەرعی رەت دەکاتـەوەو بایـەخ بـە خـۆش گـوزەرانی و ئاسوودەگی‌ی گەلکەی دەدا ) [110] . واتە ئەویش ئامانجی دامەزراندنی دەولّەتێکی جـێگیر و بـەهیز و رێـك وپێـك بـووە , دەولّـەتێك کـە پادشـا تیایـدا بتـوانێ جلّـەوی کاروبـار لـە رووی جۆرەهـای تەماعکاراندا بگرێتە دەست . هەروەکو ئەو لە گەرانیدا بە دوای راستیدا , تەنیا رووداوە مادی‌یەکانی گرتووەو شی‌کردنەتەوەو لەو یاسایانە گەڕاوە کە بـەرەوگۆڕانیان دەبـەن . بـە رای هیلمـوت ریتـەر ئەوی ابن خلدون بە دەمارگیری ناوی دەبا ، هەر ئەوە یە مەکیاڤیللی ناوی چاکەکاری لێنـاوە .[111] لێرەدا وا چاکە ئیشارەتێك بەوە بدەین ، ابن خلدونێك کە لەبیرۆراکانیدا لەگەلّ ئایندا دژ یەك نەبوون ، کگەچی بەکافرو زەنـدیق تاوانبـار کـرا . هـەروەکو زۆر لـە مێـژوو نوسـانیش ، لەبـەرزایی سـەدەی نۆزدەیەم و بیستەمەوە روانی‌یانە بیروباوەرەکانی و بەشێوەیەکی تایبەتی ( وردکردنەوەی هۆیەکانی سەرهەلّدانی ئەم کارە مێژووییە بێ هاوتایانـە ( پێشـەکی‌یەکە —ك—م) لـە سـەدەی چواردەیەم دا خستە پشت گوێ و ئەمەش هەمان کارەساتەکەی مەکیاڤیللی یە وەك لەوەبەر رونمان کردەوە [112] ) حکـومرانی رۆژهەلاّتی‌یـەکان تـا رادەیـەك لـە وەختێکـی زووەوە بایـەخیان بـە بیروباوەرەکـانی مەکیاڤیلی داوە زەن دەکرێ کە کتێبی ( میر) بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ سولّتانی عوسمانی مـورادی چوارەم کە لە خۆرزگارکردندا لە دوژمنانی و سـەپاندنی هەیبـەتی حکومرانیەکـەی بەسـەر خەلّکدا ، ریّو شـوێنی مەکیاڤیللی‌یانـەی بـەکار دەهێنـا بـەلاّم بـەجۆرێکی زۆر دوور لـەو بەهایانـەی کـە مێژوونووسـی گـەورەی سـەردەمی راپـەرین مەبەسـتی بـوون ، وەرگـیردراوە . ژمـارەی ئەوانـەی بـە فەرمانی راستەوخۆی ئەو کوژراون بەسەد هەزار کەس دانراوە ، لەگەلّیاندا سیان لە براکـانی خـۆی و یەکێك لـە مامـەکانی . لەسـالّی 1637 یشـدا ، لەکاتێکدا کـە تـاعون رۆژانـە نزیکـەی 500 کەسـی لەخەلّکی ئەستامبوولّی پایتەختی قەلاّچۆ دەکرد ، ئەو شەوانێکی پر لە کەیف و رابواردنێکی لەگـەلّ ژنە دۆستەکانیدا بەسەر دەبرد و بە تەوسەوە دەیوت ( خودا وا ئەم هاوینـە شـەرخواهان سـزا دەداو

ڕەنگە لە زستاندا نۆرە بێتە سەر شەرافەتمەندان )[112] هەروەها بایەخدانی محمد علی ی گەورەبە (میر) هیچی لە بایەخ پێدانی حکومرانە ئەوروپاییەکانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی کەمترنەبووە . ئەوەش بۆ حکومرانێکی سەرکەووتووی وەك محمد علی کە مارکس دەربارەی میسر لە سەردەمی ئەودا وتوویە ( لە هەموو ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا بەشێتی توانای ژیانی هەبێ) شتێکی سەیر نەبووە . ئەو ئەگەر چی لەتەمەنێکی درەنگیشدا فێری خوێندنەواری بووبوو ، بەڵام بایەخی بەهەر شتێك دەدا کە پەیوەندی بەسیستەمەکانی حکومرانیەوە هەبێو هەر ئەمەش بوو بووە هۆی یەکێك لە نهێنیەکانی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی .

محمد علی دوای ئەوەی لە ڕێگەی یەکێ لە دیپلۆماسیە بێگانەکانەوە بایەخی (میر)ی پێزانی لە ساڵی 1824–1825 دا [114] روفائیل انتوان زاخووری قەشەی راسپارد بۆی وەربگێرێ سەر زمانی عەرەبی ، چونکە وەك خۆی وتوویە ( زۆر بە پەرۆشەوە بووە بزانێ ئەم کتێبە چی تێدایە ) سەیریش ئەوە یە کە محمد علی دوای خوێندنەوەی(میر) لەبەیەك گەیشتنێکدا لەگەڵ دیپلۆماسیەکی ئیتالیایی بەم شێوەی هەڵسەنگاندوە :

(ئێوە لە ئیتالیادا ژاوەژاوێکی کەورە دەربارەی نوسەری ناسراوتان مەکیاڤیللی دەنێنەوە ، من فەرمانی وەرگێرانی کتێبەکەم دا تا بزانم چی تێدایە بەڵام ئاشکرای دەکەم ئەو پیاو ە زۆر لەوە کەمترە کەمن ئەنجامی ئەو ناوبانگەی هەیەتی لێم چاوەروان دەکرد . هەروەکو من پێتی رادەگەیەنم کە کتێبێکی تر هەیە عەرەبیەو سەرسام و سەرمەستی کردووم ، ئەویش پێشەکیەکەی ابن خلدونە . ئەم نووسەرە لە بیرکردنەوەدا لەمەکیاڤیللی سەربەسترە و بگرە باوەرم وایە کتێبەکەی ئەو زۆر سوودبەخشترە . ئینجا کە بڵاو کردنەوەی کتێبەکەی مەکیاڤیللی لە هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپادا قەدەغەبێ ، خۆ دەبوو قەدەغەکردنی کتێبەکەی ابن خلدون کون برترو توندوتیژتر بێ) گومانی تێدانیە ئەوەی کار کردۆتە رای محمد علی لاوازی ی وەرگێرانەکەی ( میر) و نارەوانی شێوەکەی بووە کە وای لێکردوە تێگەیشتنی زەحمەت بێو بۆ بڵاوکردنەوە دەست نەدا .[115] لەگەڵ ئەوەش دا ئەو وەرگێرانە بایەخی مێژوویی خۆی هەیە ، چونکە یەکەم وەرگێرانی (میر)ەبۆ عەرەبی و ئینجا بە دواییدا پارێزەری میسری محمد لتفی جمعە لە ساڵی 1911 دا جارێکی تر لە ئیتالیاییەوە کردوێتی بە عەرەبی و لە ساڵی 1912 دا بە ناوی ( کتێبی میر کە مێژووی میرایەتی یە رۆژئاواییەکانەلە سەدەکانی ناوەراستدا )[116] بڵاوکردۆتەوە . وەرگێر کتێبەکەی بە پێشەکیەکی فراوانی خۆی دەستپێکردوە کە لە ( 50 ) لاپەرەدایەو [117] بە شێوەیەکی رەون و مەوزوویانە گەلێ لایەنی جۆراو جۆری ژیان و نوسینەکانی مەکیاڤیللی نیشاندەدا . سەرمەستیی وەرگێر سەبارەت بە مەکیاڤیللی گەیشتۆتە رادەیەك کە بە تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە چووە بۆ ئیتالیا سەری لە گوندەکەی و خانووەکەی داوەو لە پاریسیش یەکێك لە نەوەکانی ئەوە دیوە . لە پێشەکیەکەیدا بە سێوەیەکی ئەدەبیانە ئەوە دەربرێ و لەو قسانەی تیایدا کردوونی دەڵێ:

( كه كتێبی ( میر) م خوێندەوە هۆگری بووە و وام لێهات لەگەڵ چوارینەكانی خەیامدا لەگەڵ خۆمدا هەڵی بگرم . وەختی خەفەت دامدەگرێ و دڵم تەنگ دەبێ , خەیام دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی بەو مەیە پیرۆزەی مەست ببم . بەلاٚم ( میر ) بۆئەوە دەخوێنمەوەكە لە مەیی خەیاڵ دەرباز ببم وبگەرێمەوە كۆری ئەو راستیـیە ئازار بەخشانەی كە لە شكرەكانی هێزو حەزوو ئارەزوو تیایدا بە شمشێری كارەسات و رمی بە سەرهات پێكدا هەڵدەگژێن) [118] ئینجا ئەگەر ئەوە بگرینە بەر چاو كە یەكەم خوێندنەوەی ( میر) لەلایەن وەرگێرەكەیەوە ( لە بەر قورسی زانینی مانا و مەغزای كتێبەكە ) تووشی ( سەرسورمانی ) كردوەو ناچار بووە ( چەندین جار پێدابچێتەوە ) تا ( لە كۆتایی كاردا بە تەنیا تێگەیشتن و دەرك كردن بە ناوەرۆكەكەی ) [119] وازی هێناوە , لە هۆی ئەو هەندە كەلێنە تێدەگەین كە لە وەرگێرانەكەدا هەن و كە لەگەڵ ئەوەشدا شێوەیەكی رەوان و ماناروونیی تێدایە ئەوە وادەكا تێگەیشتنی ناوەرۆكە سەرەكیـیەكەی میر بەبێ گرێگۆڵ لە توانادا هەبێ. بەلاٚم وەك دەردەكەوێ , ئەم وەرگێرانە و پێشەكیـیەكەی خاوەنەكەی دەورێكی ئەوتۆیان لە پێكهێنانی باری سەرنجێكی دروستدا دەربارەی مەكیاڤیللی وبیرو باوەرەكانی لەلای خوێنەری عەرەب و رۆژهەلاٚتی بەگشتی نەگیراوە , ئەمە لە كاتێكدا هەموو نیشانەیەك وا دەگەیەنی كە پێگەیشتنی ئەو جۆرە باری سەرنجە دەگەرێتەوەبۆ سەرەتای سەدەی بیستەم [121] واتە بۆ سەردەمێك كە هیچ روونـاكبیرو مێژوو نووسێكی رۆژئاوایی نەمابوو, چەندە لایەنداریش بووبێ , كتیـبەكانی بە باری باشیدا هەڵسەنگاندنی , لەوانە مێژوونووسی سەر بە جەزویتەكان و عەمیدی پێشووی كۆلێجی كامبیۆن لە زانكۆی ئۆكسفورد ( لیسیۆ كەر) . لەراستیدا كەم مێژوونووسی ناسراوی هاوچەرخ هەن بە بڵندی مەكیاڤیللیـیان هەڵنەسەنگاندبێ.

## بیروراى هاوچاخ

لەوەبەر باسی بیروڕای ژمارەیەكی زۆر لەو فەیلەسووف و رووناكبیرانەمان كرد كە لە واقیعی حاڵی بیروباوەرەكانی مەكیاڤیللی , تێگەیشتبوون بە رەزامەندیـیەوە هەڵیانسگاندوون . بەلاٚم ئاسایی بوو كار تەنیا بەوانەوە نەوەستێ و بەڵكوو لە سەردەمی ئیستاشماندا چەندین رووناكبیر و نووسەری سەر بەگەڵی قوتابخانەی ئایدۆلۆژیایی جیاجیا , لە هەمان باسی دواون و هەر كە باسی سەردەمی راپەرین و پێشكەوتنی زانستیی سیاسەت یا لێكۆڵینەوەی مێژوییـیان كردبێ و مەكیاڤیللیـیان وەك مێژوو نوس و زانایەكی سیاسی بە دیار خستوە ، لە ناویاندا ژمارەیەكی زۆر لە و مێژوو نووسە رۆژئاواییـیە ناسراوانەی كە لە رۆژهەلاٚتدا ناوو ناوبانگێكی بەرزیان هەیە و كتێبەكنیان وەرگێردراونەتە سەرزمانەكانی ، بەلاٚم بەبێ ئەویشی كاریان كردبێتە سەر ئەو بیروڕایەی لە ریزی كوروكالاٚنیدا دەربارەی مەكیاڤیللی باو بووە ینجا ئێمە لێرە بۆ كۆتایی پێ هێنانی لێكۆلینەوەكەمان دەرباەری مێژوو نووسی گەورەی سەردەمی راپەرین ، تەنیا چەند نمونەیەكی كەم لە بیروراكانی نووسەرە بێگانەكان نیشان دەدەن .

له (ئینسکلۆپیدیای بەریتانیایی )دا دەربارەی مەکیاڤیللی وتراوە : ( نوسەرو کارگێری ئیتالیایی دەوڵەت نیکۆلۆ مەکیاڤیللی ، رووناکبیرێکی نیشتمانپەروەری بلیمەت بوو ، تێگەیشتنی ژیرانەی لە سیاسەتی هاوچاخی خۆی و دەرك کردنی قوولی بە تەبیعی‌تی ئادەمیزاد ، چاکترین بەرهەمیان لا وەشاوەتەوە کە زۆر جار بە هەڵە بەکاری گەندەڵ یا گاڵتە جاری دراونەتە قەڵەم .ئەو پیاوێکی سەرراست و هاولاتیەکی چاك و باوکێکی دڵسۆز بووە ، هەروەکو نوسەرێکی گەورەش بووە چونکە رووناکبیرێکی مەزن بووە) [122] ( ئەنسکلۆپیدیای ئەمەریکایی )یش مەکیاڤیللی بە رەمزی گواستەوە لە سەردەمی ناوەراستەوە بۆ سەردەمی نوێ دەداتە قەڵەم و ( دروستیی بیروباوەرە سیاسی‌یەکەی ) بەو خزمەتانە دەبەستێتەوە کە پێشکەشی رژێمی جەمهووری ی فلرنسای کردوەو بە بارێکی بالادا قسە لەرووبەکەی هەڵدەسەنگێنێ . هەروەکو دەیسەلمێنێ کە ( مەکیاڤیللی نەی وتوە هیچ رەوشت و بەهایەك لە سیاسەت دا نیە ، بەڵکو وتوێتی کە سیاسەت رەشت و بەهای تایبەتی خۆی هەیە و ئەم جۆرە باوەرەش عادیلانە دێتە پێش چاوو بگرە بۆ سەردەمێك کە بەدی هێنانی یەکێتی نەتەوایەتی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوایەتی ی تیادا وەك ئامانجێکی بالای ئەوتۆ کە هەموو شتێکی تر لە ئاستیدا لاوەکی بێ بە پێشبینی یەك دەدرێتە قەڵەم ).[123] لە باری سەرنجی (ئەنسکلۆپیدیای فەلسەفی)ی سۆڤیاتی‌یشەوە ،مەکیاڤیللی بە یەکێك لەدیارترینی ئەو رووناکبیرە ئیتالیایی یانە دادەنێ کە هەوڵی داوە ( دوور لە لاهووت یاساکانی بەرەوپێشە وەچوونی کۆمەڵگا دەست نیشان بکا و تێروانینێکی ریالیستانەی دروست روانیوێتی یە دەوڵەت و حکومرانان و لە باوەرێکی دڵسۆزانەوە نووسنی لە پێناوی یەکگرتنی ئیتالیا دا نووسیوە )[124] هەروەها هەمان شت لە ( ئەنسکلۆپیدیای مێژوویی )ی سۆڤساتیداو [125] لە چاپی دووەم و سێیەمی _ئەنسکلۆپیدیای گورەی سۆڤیاتی )دا [126] وتراوەتەوە لە جزمی چوارەمی (مێژووی جیهان )یشدا نوسراوە (ئەنجامە کوشندەکانی بەش بەش بوونی ئیتالیا تارادەیەکی ئەوتۆ ئاشکراو لەروو بوون کە هەندێ لە نوێنەرە زیاتر پێشکەوتن خوازەکانی بوورجوازی یەت لەسەدەی شازدەیەمدا کەوتنە داواکردنی یەکگرتنی ئیتالیا و یەکەمینیشیان رووناکبیری سیاسی و مێژوو نووسی ناسراو نیکۆلۆ مەکیاڤیللی بوو) [127] هەروەکومێژوو نوسی ئەمەریکایی کارلتۆن هیس بە هەمان جۆر مەکیاڤیللی هەڵسەنگاندوە .[128]

ئەمرۆش دەمارگرژترین کەسانێك بۆ جزویتەکان و کزترینیان لە سۆزداریدا بەرامبەر بە مەکیاڤیللی و دان بەوەدا دەنی کەئەو ( رێگا یەکی نوێی بۆ لێکۆلینەوە ..... شێوازیکی تازەی [129] بۆقسەکردن لە سیاسەت دیوەتەوە , ئەمە جگە لە تیوری‌یە سیاسی‌یە نوێیەکانی ) هەروەکو ( بەوپەری وردی و بیرتیژی‌یەوە , ئەو پاڵ پێوەنەر و هۆیانەی دەستنیشان کردوون کە هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی‌دێننە کایەوە)لەبەر ئەوە ( بە یەکێك لە کارامەترینی ئەو نووسەرە دیارانە دادەنرێ کە کاریان کردۆتە سەر کاروباری سیاسی لە جیهاندا) و وادەکا ( بیروڕاکانی سەبارەت

بەگیروگرفتە سیاسیەکان جێگەی لێکۆڵینەوەو بە دوادا چوونێکی قووڵ بن ) [130] یا هەن لە هەمان باری سەرنجەوەبە( باوکی زانستیە سیاسیەکانی ) [131] دادەنێن , یا بە ( پێغەمبەرێکی دەولچەتی نۆێی نەتەوایەتی ) [132] دەزانن.هەروەها مێژوو نووسی ئەمریکایی رۆبەرت بالمەر لە دووان لە کتێبەکانیدا , دەیسەلمێنێ کە مەکیاڤیللی ( لەناو نووسەرانی سەردەمی راپەرین لە ئیتالیا دا بە دیارترینیان ) دەژمێردرێ و ( میر) ( مەزنترین میراتی نەمری ) ئەو سەردەمەیەو مەکیاڤیللی ( خەوی بەو رۆژەوە دەدی کە خەڵکی فلۆرنسا و بگرە گشت ئیتالیاییەکان بە نواندنی مەردایەتی لە کۆڕە سیاسیەکانیاندا وەك رۆمانیە دێرینەکان کردار بکەن و لە رێزی لەشکرەکانی شارەکاندا بە هاندانی ئامانجە نیشمانیەکان بجەنگن و سەری خۆیان لەبەردەم ئەوروپادا بەرز بکەنەوە) [133] لە نـاو مێژوونووسـە ئیتالیاییـە هاوچەرخەکانیشـدا هـەن مـەکیاڤیللی بـە شۆرشـگێرو [134] ( پێغەمبەرێکی بیێ دەسەلات ) [135] دەدەنە قەڵەم ئەمرۆ لە ناو مێژوو نووساندا بە دەگمەن هەن دان بـەوەدا نـەنێن کـە مـەکیاڤیللی (هاوولاتیـەکی چـاك و هاورێیـەکی گیانیبـەگیانی و بـاوکێکی بـە تەنگەوەهاتووی نیشتمان پەروەرو بگرە نموونەیی [136] بووە دەتوانرێ دەیەها نموونەی تری لـەم بابەتـە بهێنرایتـەوە .بـەلام ئیمـە تـەنیا ئـەم وێنـە پـڕ مانایـەیان لێدەخەینـە پێشچـاو کـە أ. ڤ . جیفیلیکـۆف لـە لێکۆلینەوەکەیـدا دەربـارەی مـەکیاڤیللی پێشکەشـی کـردوەو وتوویـە : ( ئیتالیـا نەیتوانی یـەك بگـرێ بۆچـی ؟ ئەمـە بـوو ئـەو پرسـیارەی نیکۆلـۆ ئاراسـتەی خـۆی دەکـرد . ئیمـە وەلامەکەی دەزانین ( وەلامی مەکیاڤیللی —ك.م) : یەکەم لەبەر نەبوونی یەکێتی سیایی لە ئیتالیا . دووەم لەبەر ئەوەی لەئیتالیا سوپایەکی نیشتمانی چ لەکۆرو کالانی خۆی یا لـە سـەربازی بـەکرێ گیراو نەبوو . کەوابێ چار چی بوو؟یەکگرتن و دامەزراندنی سوپا .بۆ جێبەجێ کردنی ئەمەش دەبوو شێوازەکانیکارکردن روون بکرێتەوە. مەکیاڤیللی بە بۆ چوونی خۆی لەم بارەیەوە , ئـەنجامی بـەوە شکاندەوە کە بنچینەکانی زانستی سیاسەتی داڕشت, کوت ومت وەك کۆلۆمبس کە وەختێ کەوتـە گەڕان بەدوای رێگایەکدا بۆ هیندستان , ئەمەریکای دۆزیەوە) [137] .گشت ئـەوەی بـاس کـرا ئـەو پەری هەق ب مەکیاڤیللی دەدا داوا لە رۆژهەلاتیەکان بکا کە خۆی لـە واقیعـدا چـۆن بـووە وەهـای ببینن و بیروباوەڕەکانیشی چۆنن وەهایان هەڵبسەنگێنن . بەڵێ : ( مەدح وستایش هەرگیز لە وزەیدا نیە ئەم ناوە بە هەقی خۆی بگەیەنێ)

### پەراوێزەکان

(1) مەکیاڤیللی لە تەمەنی دوانزە سالاندا بوو کە یەکەم ەکتێبی دەربارەی مێژوو خوێندۆتەوە

(2) R.Ridolfi the life of Niccolo Machiauelli, translated from the Etalian by G.Grays on ,chicago 1963,P.3.

(3) ا.ك.جیفیلیکۆف , نیکۆلۆ مەکیاڤیللی ( 1469–1527) موسکۆ –لینینگرارد , بەزمانیرووسی , ل 24.

(4) R .Ridolfi ,Op.Cit ,pp 9-12 F.Chabod, Machiavelli and Renissance ,transtated from the Italian by D .Moore , Cambridge 1960 ,pp.7-9
(5) R.Ridolfi ,Op.Cit , p4
(6) F.Chabod ,Op . Cit , p.126

(7) ا.ك .جيفيليكۆف , سەرچاوەی پێشو ل 34

(8) هەمان سەرچاوە – ل 32

(9) ف . رۆتینبۆرگ و( فیلەتەنەکانی سەردەمی راپەرین) بەزمانی رووسی , لینینگراد 1976, ل 120–121.

(10) سەرچاوەی پێشو ل 120

( 11) بروانە کتێبی H. Butterfield the Statecraft of Machiavlli, London , 1960 ,p.125

(12) لە شوێنیکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیەوا , دەگەرێینەوە سەر کتێبە گەورەکەی مەکیاڤیللی ( دەمەتەقی)

(13) پیشەسازیی قوماش لەو رۆژگارەدا , نەك تەنیا لە ئیتالیا , بەڵکوو لە گشت ئەوروپادا لە پیشە بە قازانجەکان بوو.

(14) ئەوە لە نامەیەکیدا وتراوە کە بۆ فیتۆریی هاوڕێی ناردوە. ( بگەڕێرەوە سەر ( F.Chabod ,Op.Cit pp 131-132)

(15) أ .ك . جيفييلكۆف –سەرچاوەی پێشو ل 19

(16) F.Chabod ,op.cit pp .4,126,134-135
(17) R.Ridolfi ,op,cit,pp 145,156
(18) F,Chabod ,op.cit p.132.
(19) Ibid ,p.129

(20) نیکولا ئەلکسێف , نیکۆلۆ مەکیاڤیللی بە زمانی بولگاری وسۆفیا 1908 ل 27–28 . هەروەها فز رۆتینبۆرگ وسەرچاوەی پێشو ل 122 –123 هەروەها ل .م باتكین ( مروڤپەروەرەئیتالیاییەکان )و شێوەی ژیان , شێوەی بیرکردنەوە و بە زمانی رووسی مۆسکۆ 1987 , ل 58–59 هەروەها
The prince ,London 1968 pp 18-19 ( thr introduction by G.Bull)

(21) تیتۆس لیڤی ( 59پ.ز 17 د.ز )مێژوونوسێکی ناسراوی رۆمانەکانە 45 ساڵی بە دانانی کتێبە گەورەکەیەوە ( مێژووی روما لە دامەزراندنی شارەکەوە) بەسەر بردووە بریتی بووە لە 142 بەرگ تەنیا 35 بەرگی ماوەنەتەوە . یەکەمین دە کتێبیان کە مەکیاڤیللی بۆ نووسینی کتێبی ( دەمەتەقیٚ) کردوێتی‌یە سەرچاوەیەکی سەرەکی ,باسی ئەو کارەسات ورووداوانە دەکەن کە هەتا ساڵی 293ی پێش زایین روویان داوە.

(22) مەكیاڤیللی ئەوەی لە پێشەكی كتێبی ( دەمەتەقێ)دا وتوە

(23) F.Chabod ,op .cit ,p,24

(24) F.G ilbert , Machiavelli and Guiccardini.politics and history in sixteenth century. Floence , prineeton, 1965,p199

(25) R.Ridolifi ,op,cit,pp 165-175

(26)The Prince , p. 15 ( the introduction)

(27) R.Ridolifi ,op .cit ,pp 249- 250

(28) پشتمان بە وەرگێرانە عەرەبی و رووسی و ئینگلیزیەكەی بەستوە.

(29) بگەرێرەوە لاە : ئەلین فیدرین مەكیاڤیللی –وەرگێرانی أمیرە الزین –بیروت سالٚ نیٚیە ل 32–33.

(30) R.Palmaer and J.Colton ,A history of theModern world ,thirdedition ,New york,1965,p 55

(31) مەكیاڤیللی ئەم قسە بەناوبانگەی بە بۆنەی هێرشی فەرەنسایییەكانەوە بۆ سەر ئیتالیا لە سالٚی 1499 دا و بەرەو پێش چوونی خێرانەیان وتووە( بگەرێرەوە سەر مێژووی ئیتالیا بە زمانی رووسی جزمی یەكەم لە ژێر چاودێری ئاكادیمیست .س.د سكازكینەدا ومۆسكۆ 1970 ل455)

(32) : بەزۆری پشتم بە وەرگێرانی عەرەبییەكەی ئەم كتێبە بەستوە (بگەرێرەوە سەر – دەمەتەقێی مەكیاڤیللی –وەرگێرانی خیری جاد ،بیروت ، 1962 )

(33) ئەوە تاقەكتێبێتی كەلە ژیانی خۆیدا لەسالٚی 1521 دا بلاٚوكراەتەوە .

(34) Palmer and J. Colton, Op,Cit., p. 55.

(35J.Plamenatz,Man and Society . A criti-cal examenation of some important social and politicce theories, from machiavelli to marx, vol. 1, temth impression, london, 1977, pp.1,7.

(36) لە كۆتایی سەردەمی ناوەراستدا باری ئابووری ئیتالیا خێراتر لەولاٚتەكانی تری ئەوروپا رووی لە پێشكەوتن كرد، ئەویش لە سایەی بازرگانی یە گەشەسەندوەكەیەوە لەگەلٚ رۆژهەلاٚتداو پێشكەوتنی بەرهەمی پیشەیی تیایدا بەرادەیەك كەئیتالیا بەر لە هرە شوێنێكی تری جیهان ، یەكەمین نیشانەی پەیوەندی و بەرهەم هێنانی سەرمایە دارانەو دەستەو تاقم و چینە كۆمەلاٚیەتیە نوێیەكانی بە خۆیەوە دی .

(37) H.Butterfield , op. Cit., PP. 114-115

(38) : بۆ درێژەی باس بگەرێرەوە لای : و.ل. فانیشتین ، مێژوو ناسی ی ئەوروپایی رۆژئاوا لە سەردەمیناەراستدا ، بە زمانی رووسی ، مۆسكۆ –لینینگراد 1964،ل286 .

(39) ئیتالیای‌یەكانی گەلانی تری ئەوروپایان بە وەحشی (كێوی) ناو دەبرد ، بەو مانایەی كەلە چاو خۆیاندا دواكەوتوون .

(40) W.lewis , the lion and the fox . the role of the hero in the plays of shakespeare, London , 1966 , p. 69.

(41) د.ل. فاینشتین ، سەرچاوەی پێشوو ،ل279

(42) H.Butterfield , Op .Cit., p, 97.

(43) بۆ نمونە بگەڕێرەوە سەر : ئلین فیدین ، سەرچاوەی پێشوو ،ل.32.

(44) "The prince" p.20 (the introduction).

(45) لە ڤ .رۆتینبۆرگ ، سەرچاوەی پێشوو.ل122هوە وەرگیراوە

(46) : شاریچکی فرەنسایە دەکەویچتە باشوری رۆژهەلاتی پاریسەوە بارەگای دەربارەی پادشا بووە .

(47): لە(ڤ . رۆتینبۆرگ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل122) هوە وەرگیراوە .

(48) : بۆجیا بنەماڵەیەکی سەرداری ناسراوە کە بەنەژاد ئەرگۆنیی ئیسپانیایی یەو لە سەدەی پانزەیەمدا رووی کردۆتە ئیتالیا . ئەم بنەماڵەیە لەسایەی ئەلفۆنسۆ بۆرجیا وە کە لە ساڵی 1455 دا بووە بە پاپا بەدیار کەوت . هەروەها ئەلیکسەندەری شەشەمیش یەکێك بوو لە خزمانیو لە سالانی (1490-1503)دا بوو بە پاپا .

(49) H.Butterfield, op. Cit.,pp 131 ,.the prince" , pp. "the introduction ).

(50 :(مێژووی‌ئیتالیا )سەرچاوەی پێشوو ، ل335-336

(51) F.Chabod,Op.Cit.,pp.94-95,R.Ridolfi,op.Cit.,p.9.

(52) ئەلین ڤیدرین ، سەرچاوەی پێشوو .ل62

(53) J.Plamenatz, op, Cit., p. 33. R.Rodilf, p.Cit., pp.53-64., Jplamenatz , op.Cit.,p.14.

(54) ئەم رایە بایەخێکی گەورەی هەیە ، چونکە مەکیاڤیللی‌یەکان دەبوو شوێن پێیان هەڵبگرن .

(55)F.Chabod, op.Cit.,pp.140, 142 .,F. Gilbert, op, Cit ., pp. 176-177 .

(56) J.Plamenatz , op,Cit ., p. 42 .

(57) S.H.Sabine , A history fo politcal theory new york, 1950 pp.337-338.

(58) (برایەتی بەسوعیەت ) یا ( قەشە یەسووعی‌یەکان)

(59) R.Weiss, the spread of italan humanlam, london , 1964, p.84.

(60) ناونیشانی تەواوی کتێبەکە ئەمەیە

"Discours sur led moyens de bien gouverner et maintenir en bonne paix un royaume ou autre principaute-contre Nicholas machiave" florentin , 1576 .

(61) بگەڕێرەوە لای :

W.Lewis , op. Cit ., pp . 64,71-72 >
(62)Lbid,p.71.
(63) Lbid,p.66
(64) Lbid,p.69
(65) Lbid,p.72
(66) the prince " , p.9(the introduction ) .
(67) "Anti-machiavel" .

(68) : له ( و. د. فاینشتین ، سەرچاوەی پێشوو ، ل. 268)ەوە وەرگیراوە

(69) W.Lewis , op. Cit ., p.102

(70) مەبەس لەوە كە ئەگەر میرێك هەبووایە خۆی بەقوتابی ی مەكیاڤللی بزانیایە ، فەرمانی پێدەدا كە لە دانانی كتێبێكدا دژی مەكیاڤیللی لاسایی فریدریكی گەورە بكاتەوە .

(71) W.Lewis , op. Cit ., Pp. 102-103
(72) lbid , p. 105
(73) " Renaissance and Reformation 1300-1648 , edited by G.R.Elton, second edition , New York , p. 109

(74) : بگەرێوە لای ئەلێن فیدرین ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 12–13

(75) A.Ridoifi, op .Cit., p.9 .

(76) : بگەرێوە لای : ئەلین فیدین ، سەرچاوە پێشوو ، ل 12–13

(77) مەكیاڤیللی ، میر ، ل 6 (پێشەكی )

(78) " the civilization of the renaissancr in italy "An Essay by J. Burckhardt, New York and Toronto , p. 93 .

(79) أ. ك .جیفیلیكوف , سەرچاوەی پێشوو , ل 67

(80) ڤ .رۆتینبۆرگ , سەرچاوەی پێشوو ل 112–113

(81) ئەنتۆنیۆ گرامشی , میری نوێ, مەسەلەكانی زانستیی سیاسەت لە ماركسیەتدا وەرگیرانی زاهی شرقان و قیس الشامی, بیروت, 1970 ,ل 35

(82) R.Ridolfi ,op, Cit ,pp 196-197

(83) لەناو ئەو چەندین سەرچاوەیەدا كە بۆ ئامادە كردنی ئەم لێكۆلینەوەیە گەراومەتەوە سەریان تەنیا جیفیلیكۆف بایەخی تەواوی بەم باسە گرنگە داوە.

(84) أ. ك جیفیلیكۆف , سەرچاوەی پێشوو ل 103.

(85) لە هەمان سەرچاوە وەرگیراوە ل 106.

(86) هەمان سەرچاوە ,ل 107 .

(87) وتەكە لە هەمان سەرچاوە وەرگیراوە , ل 111.

(88) زۆربەی مێژوونوسان بە شێوەیەکی رووت و قووت ئیشارەتیان بەم وتەیە داوە , واتە بەبێ نیشاندانی ئەو بارودۆخەی تیایدا وتراوە کە ئەو بایەخێکی تایبەتی دەداتێ بۆ نموونە بگەرێرەوە سەر:

R.Ridolfi ,op,Cit ,p241 ; F.Chabod ,op , Cit p.142.

(89) مەکیاڤیللی زاراوەی ( پێغەمبەری بێچەك ) ی لەکاتی قسەکردنیدا لەبارەی رەبەنی فلۆرنسایی شۆرشگێری هاوچاخی خۆیەوە ( سافۆرنارۆلا) بەکارهێناوە لەم رووەوە سەلمانوێتی کە سەرکەوتن تەنیا بەشی پێغەمبەرە چەکدارەکان بووەو دەبێ ( میر–بەشی شەشەم)

(90) بەهۆی نەخۆشییەکەوە لە گەدەیدا مردوە کە رەنگە ئارام لە بەربران کارێکی گەورەی تێکردبێ

(91) گەلێ لە مێژوونووسان مەکیاڤیللی نەك فرانسیس بیکون , بە داهێنەری رێبازی لێگەڕان ( أستقرائی ) دادەنێن.

(92) لە ڤ.ی . رۆتینبۆرگەوە وەرگیراوە , سەرچاوەی پێشوو , ل111.

(93) سەرەرایئەو شالاوەش سیاسییەکان بە فراوانی لەسەر خویندنەوەی (میر) بەردەوام بوون (بگەرێرەوە سەر

C.Hayes ,Modern Europe to 1870 ,NewYork 1959 ,p26

(94) ڤ.ی.رۆتینبۆرگ . سەرچاوەی پێشوو, ل 114

(95) بگەرێرەوە سەر ( ئەنسیکلۆپیدیای فەلسەفی) بەزمانی رووسی جزمی سێیەم مۆسکۆ 1964 ل 280.

(96) ڤۆلتێر پەیوەندییەکی پتەوی لەگەل ژمارەیەك لەو پادشا ئەوروپاییاندا هەبوو کە خۆیان بە پشتگیریکەری بزوتنەوەی رۆشنکاری ( تنویر نیشاندەدا , لەوانە فردریکی گەورە و قەیسەری رووسیا کاترینی دووەم

(97) بگەرێرەوە لای أ.ك . جیفیلیکۆف , سەرچاوەی پێشوو ل 70.

(98)ك. مارکس و ف ئینگلس , بەرهەمەکانیان بە زمانی رووسی چاپی دووەم جزمی یەکەم , ل 111.

(99) ڤ . ی. رۆتینبۆرگ ئەو وتەیەی ئینگلس بۆ ناونیشانی کتێبەکەی دەربارەی سەردەمی راپەرین هەڵبژاردوە ( بگەرێرەوە سەر پەراوێزی ژمارە 4 .

(100) ك. مارکسو ف.ئینگلس , بەرهەمەکان , جزمی 20 , ل 346.

(101) دوای گەرانمان بە ناو هەر پەنجا وپێنج بەرگەکەی دوا چاپی بەرهەمەکانی لینیندا ,هیچ ئیشارەتدانیکمان بە مەکیاڤیللی تیدا نەدین .

(102) بگەرێرەوە سەر ( دەمەتەقێ) , پێشەکی , ل 15–17 ڤ.ی.رۆتینبۆرگ سەرچاوەی پیشوو ول 144 .

H.Butterfield ,op,Cit pp 81-83 , J.Plamenatz .op .Cit p . 42 J.R.Strayer and others The Mainstreemm of civilization , NewYor; 1974 , p 408.

( 103) نووسەریش هەن کە ناپلیون پۆناپۆرت بە ( نوێنەرێکی رایت و دورست ) ی مەکیاڤیللیزم دادەنێن بۆ نموونە بگەریرەوە سەر :

(103) The prince , p.22 ( The introduction ) H.Butterfield ,op ,Cit , p 102.

(104)بگەرێرەوە لای ئەنتۆنیۆ گرامش , سەرچاوەی پێشوو , ل 43 و شوێنی تریش

(105) سانتاگۆ کاریللۆ , ئەورۆ کۆمۆنیزم دەوڵەت , وەرگیرانی د.سعاد محمد خصر , بەغداد 1978 ل 14 .

( 106 ) لە أ. ك . جیفیلیکۆفەوە وەرگیراوە , سەرچاوەی پێشوو , ل 101 .

(107) " the prince ", p.21 ( the introduction ) .

(108) : پشتمان بەو چاپە بەستووە کە شێخ ئەلیاس خلیل زخریا ، بیروت 1963 ، ساغی کردۆتەوە و پەراوێزی لێداوە .

(109) رادەر دکتۆر ناجی حسین دەیەوێ بە ائێکۆلینەوەیەکی سەربەخۆ لەم باسە بدوێ .

(110) بگەرێوە سەر ئیف لاگۆست ، ابن خلدونی ناودار ، وەرگێرانی میشال سلیمان ، بیروت ، نیيە ، ل 169

(111) سەرچاوەی پێشوو ،ل 169

(112) Creasy, History of the ottoman turks Beirut, 1961 , pp. 252-253.

(113) قسەی یەکێك لەو وەرگێرە سوریانەی لای فەرەنسایەکان لەهێرشەکەیدا بۆ سەر میسر لەگەڵ محمد علی گەورەدا لە سەردەمی خۆیدا ئیشی کردوە .

(114) بۆ درێژەی باس بگەرێوە سەر : دکتۆر جمال الدین الشیال ، مێژووی وەرگێران و بزوتنەوەی رۆشنبیری لە سەردەمی محمد علی دا ، قاهیرە ، 1951 ،ل78–82، 166–167 ، 216

(115) دەرباەری لاوازی وەرگێرانەکە بگەرێرەوە سەر ئەو بەراوردەی دکتۆر جمال الدین الشیال لە ل 216ی کتێبەکەیدا کردویەتی دەبێ ئەوەش بلێین کە دەست نووسی ئەم وەرگێانە هێشتا ماوەو لە (دار الکتب ) ی میسری دایە.

(116) ( کتێبی میر کە بریتیيە لە مێژووی میرایەتی یە رۆژئاواییەکان لە سەدەکانی ناوەراستدا ) دانانی نیکۆلۆ مەکیاڤیللی ، وەرگێرانی پارێزەر محمد لتفی جمعە ، قاهیرە 1912 .

(117) دەقی (میر) لە وەرگێرانە عەرەبیەی دەوەمەکەیدا لە 148لاپەرە دایە .

(118) هەمان سەرچاوە ،ل 35

(119) هەمان سەرچاوە ،ل 33